سەرۆک بارزانی لەگەڵ کەسایەتی و نوێنەرانی دانیشتوانی دەڤەری زوومار کۆبۆوە

هەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی واقیعێک کە پێچەوانەی جوگرافیا و مێژوو و باری کۆمەڵایەتیی ناوچەکان بێت قابیلی قبوولکردن نییە



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5715) یەک شەممە 24ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەرێمی کوردستان بۆ قوربانیانی مووسڵ ماتەمی ڕاگەیاند

لە پەیامێکدا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ قوربانیانی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/3/21ی مووسڵ ماتەمی ڕاگەیاند، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

خەم و پەژارەی قوربانی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ کارەساتی گیانلەدەستدانی دەیان کەس لە هاوواڵتیانی شاری مووسڵ کە دوێنێ لە ڕووباری دیجلەدا بەهۆی وەرگەڕانی بەلەمێکەوە گیانیان سپارد. لەیەکەم ساتی ڕوودانەکەشەوە هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تەندروستی و فریاگوزاری لە هەرێمی کوردستان ڕاسپێردراون بەدەم بریندارانەوە بچن و بە شێوەیەکی بەردەوام لە چاودێریکردنی ڕەوشەکەدابن، ئەمەش بە ئەرکی نیشتمانی و برایەتیی هاوبەشمان دەزانین.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار و هاوبەشی ماتەمی گشتییە لە عێراق و بەم بۆنەیەشەوە چالاکی و ئاهەنگە فەرمییەکانی جەژنی نەورۆز ڕادەگرێت. بەهەشتی بەرین بۆ قوربانییان لە خوای مەزن داواکارین و سەبووری بۆ کەسوکاری بەڕێزیان و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/3/22

ئازاد جندیانی:

ئەگەر تا 4/1 یەکێتی هەروا بڕوات، دڵنیام پارتی دەسووڕێتەوە و یەکێتی دەخاتە دواوە، حکوومەتیش پێکدەهێنێت

ئازاد جندیانی ڕاوێژکاری سەرۆک مەسعود بارزانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: کەس ناتوانێت لە کوردستان دوو ئیدارەیی دروستبکات، تەنیا وڵاتانی هەرێمی نەبێت، ئێران دەیەوێت حەدیقەیەکی تەواوکراوەی هەبێت لە سلێمانیدا، ئێران بە ئاگایە لە بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەت، دەشڵێت: ئەگەر تا 4/1 یەکێتی هەروا بڕوات، دڵنیام پارتی لەو مەسەلەیە دەسووڕێتەوە و یەکێتی دەخاتە دواوە، جا یان ئەو وەزارەتانەی بەر یەکێتی دەکەون، بە بەتاڵی دەهێڵرێنەوە، یان بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی نەورۆز:

ئەو ئازادی و دەستکەوتانەی ئێستا هەن بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە

سەرۆک بارزانی، بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی بەهار و نوێبوونەوەی سروشتەوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، نەورۆز بۆ گەلی کوردستان هەمیشە موژدەی دەستپێکێکی نوێ و ئومێدی تازە و سەرکەوتن بەسەر ستەمکاران و سەختییەکاندا بووە. **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی هۆشداری لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەدات:

داعش لەو شوێنانەی تایفەگەریی تێدا زاڵە دەستی بە هێرشی چەکداری کردووەتەوە



نێچیرڤان بارزانی لە پەیامێکدا نەورۆزی لە تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان پیرۆز کرد

گرەوی ئێمە ئەوەیە کوردستان سەربکەوێت

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ڕایگەیاند: باری ئابووری باش دەبێتەوە و کوردستان ڕووەکاتە خێر و خۆشی، لە پەیامەکەیدا گوتیشی: ئێوەی خۆشەویست دڵنیابن کە پشوودرێژی و بەرگەگرتن و نەرمونیانی، تاکە ڕێگەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، کوردستان لەو ماوەیەدا جارێکی دیکە ڕووەکاتە خێر و خۆشی، باری ئابووری وا باش دەبێتەوە. **(دەقی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی لە ل3 بخوێنەوە)**

یەکەمجار پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و لە باغۆزیش خەلافەتەکە کۆتاییهات

هێزەکانی سووریای دیموکرات، سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر داعشدا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند و بەوەش کۆتایی بە خەلافەتەکەی داعش هات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



نەورۆزی 2019 - ئاکرێ



نەورۆزی 2019 - ئامەد

دەستپێشخەرییەک لە جێی خۆیدا

سەلام عەبدوللا

کارەساتی ئەو ژمارە زۆرەی لە ئاوی دیجلەدا گیانیان لەدەستدا، نموونەی کەمتەرخەمی و گوێنەدانە ژیانی هاوواڵتیانە کە بە بەلەمێکی کۆن و ڕزیو ژیانی ئەو هەموو هاوواڵتی و گەشتیارەی کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون بەو مەرگەساتە گەیاند، کە ئەویش بەشێکە لە گەندەڵی ئیدارەدانی وڵات، دەنا لەهیچ وڵاتێک چەندە دواکەوتووش بێت، ژیانی خەڵکانی ناخاتە ئەو جۆرە مەترسییەوە و بەشێوە هەمەجێیە ناڕوانێتە ژیانی خەڵکی.

ئەمە گوناهی خاوەن بەلەمە بێ کەڵکە بێت یان بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنە گەشتیارییە یان خودی کاربەدەستانی ئەو پارێزگایە، هەر کامیان بێت، ئەوا بەو تراجیدییەو بە لەدەستدانی (120) کەس، کە دوور نییە ژمارەکە زۆر لەوە زیاتریش بێت، چونکە تائێستا زۆربەی سەرنشینانی نەدۆزراونەتەوە ئەوا ژمارەکە زۆر لەوەزیاتر دەبێت کە تائێستا ڕاگەیاندراوە کۆتایی هات.

بەهاناچوونی حکومەتی هەرێم و لەسەر بڕیاری سەرکۆەزیرانی حکومەتی هەرێم و نارەزایی چەندین ئەمبۆڵانس بۆ شاری مووسڵ بۆ جێگەی کارەساتەکەو ئامادەکردنی نەخۆشخانەکانی هەرێم بۆ پێشوازی لە بریندارانی، کارێکی بەجێ و لەجێی خۆیدابوو کە زۆر خێراتر لە حکومەتی عێراق هاتە دەست و تیمی فریاگوزاری نارەدە شوێنی ڕووداوەکە.

هەروەک بروسکەی جەنابی سەرۆک بارزانی و پەیامی هاوخەمی بۆ خەڵکی کارەستباری ڕووداوەکە جارێکی تر هەستی مرۆڤدۆستی و هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی بۆ جیهان ڕاگەیاند کە هەرێمەکەمان هەمیشە بەهانای لێقەوماوان دا دەچێت، هەروەک چۆن لەکاتی هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ موسڵ دەرگای هەرێمی بەڕووی سەدان هەزار خەڵکی لێقەوماوی موسڵ و شارەکانی تری عێراقیش کردەوە و سەرەڕای بارودۆخی ئابووری ناهەمواری هەرێم کە لەلایەن خودی حکومەتی عێراقەوە دووچاری بوو بوو، بەهانایانەوە هات و دەستی یارمەتی بۆ درێژکردن و حەواندیەوانن.

لەڕاستیدا پێویستە ئەم ڕووداوە جەرگبڕە ببێتە وانەیەکیش بۆ حکوومەتی هەرێم کە خاوەنی کۆمەڵێک شوێنی گەشتیارییە وەکو (دوکان) و (دەربەندیخان) و (دەربەندی ڕانیە)و (گەلی عەلی بەگ) و زۆر شوێنی دیکە کە خاوەن دەریاچەو گۆل و ئاوە کە سالانە بەهەزاران گەشتیار ڕوویان تێدەکەن، بۆیە دەبێ هەموو ڕێوشوێنێکی فریاگوزاری و چارەسەری خێرا بۆ گەشتیاران دابین بکرێ و بەوردی ئازمایشی ئەو کەلوپەل و ئامێرانە بکرێ کە لەو شوێنە گەشتیارییانەدا بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی کارەساتی لەو جۆرەش –خوانەخواستە–لەهەرێم ڕوونەدا.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ کەسایەتی و نوێنەرانی دانیشتوانی دەڤەری زوومار کۆبۆوە

تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە زووماڕەوە دەستپێکرد

ناکۆکیی سیاسی لەگەڵ دەسەڵات و حکوومەتەکان نابێ ببێتە هۆی ناکۆکیی نێوان نەتەوە و ئایینەکان

فەرهەنگی پێکەوەژیان باشترین چەکە بۆ لەناوبردنی هزری تووندڕۆیی و تیرۆر





ڕۆژی سێشەمە 19ی3ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی بە مەبەستی تاوتوێکردن و گفتوگۆ لەسەر کێشە و گرفتەکانی ناوچەی زوومار، لەگەڵ کەسایەتی و ڕێشسپی و نوێنەرانی پێکهاتەکان و جەماوەر و دانیشتوانی دەڤەری زوومار کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئاماژەبووانی کۆبوونەوەکە کرد و، لە وتەکەیدا ئاماژەی بە قوربانیدان و خۆڕاگریی جەماوەری دەڤەری زوومار لەبەرانبەر پەلامارە تیرۆریستان و هێرشی ناحەزان لە ساڵانی ڕابردوودا و لەبارەی بایەخی ناوچەی زوومار لە شەڕی تیرۆریستان ڕایگەیاند کە کلیلی شکستی داعش لە زوومار بوو و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە زوومارەوە دەستی پێکرد. سەرۆک بارزانی ستاییشی فەرهەنگی پێکەوەژیانی ئەو ناوچەیەی کرد و ڕایگەیاند کە مایەی خۆشحاڵییە کە تیرۆریستان و ناحەزان نەیانتوانی فەرهەنگی پێکەوەژیانی ئەو ناوچەیە تێک بدەن. جەختیشی کردەوە کە ناکۆکیی سیاسیی لەگەڵ دەسەڵات و حکوومەتەکان نابێ ببێتە هۆی ناکۆکیی نێوان نەتەوە و ئایینەکان.

لەدرێژەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی وێڕای ئاماژەدان بە هەرەشەی تیرۆر جەختی لەوە کردەوە کە فەرهەنگی پێکەوەژیان باشترین چەکە بۆ لەناوبردنی هزری تووندڕۆیی و تیرۆر ئەوەیشی خستەڕوو کە پێویستە فکری تیرۆر ڕیشەکێش بکرێت و لە کوردستاندا ئێمە هەموومان لە مرۆڤبوونداو براین و جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی کێشە نییە، هەڵسەنگاندنی مرۆڤیش لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانیەتی نەک بیروباوەڕ. لەبارەی چارەنووسی ناوچەکانی ماددەی 140یش سەرۆک بارزانی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر هاتبا و دەستوور جێبەجێ کرابا ئێستا دۆخی عێراق بە شێوەیەکی باشتر دەبوو و بە پێویستیشی زانی کە ماددەی 140 بە تەفاهوم و ئاشتی جێبەجێ بکرێت. جەختیشی لەوە کردەوە کە هەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی واقیعێک کە پێچەوانەی جوگرافیا و میژوو و باری کۆمەڵایەتیی ناوچەکان بێت گرفتەکان قووڵتر دەکاتەوە و قابیلی قبوڵکردنیش نییە.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی باسی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمی کرد و ئەوەی دووپات کردەوە کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراق قۆناغێکی تر هاتووەتە ئارا و هەموو لایەک هەوڵ دەدەین کە سوود لەو کەشە ئیجابییە وەربگرین بۆ جێبەجێکردنی پرۆنسیپەکانی برایەتی و پێکەوەژیان و نەهێشتنی تیرۆر.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا ئاماددەبووان ڕا و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دانیشتوانی ناوچەکە بە سەرۆک بارزانی گەیاند و سەرۆک بارزانیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئیجابییەی کە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هاتووەتە ئارا، ئامۆژگاری و شیکردنەوەی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و باشتربوونی دۆخی خەڵکی دەڤەری زوومار خستەڕوو.

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی نەورۆز

نەورۆز بۆ گەلی کوردستان هەمیشە موژدەی دەستپێکێکی نوێ و سەرکەوتن بەسەر ستەمکاراندا بووە

سەرۆک بارزانی، بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی بەهار و نوێبوونەوەی سروشتەوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، نەورۆز بۆ گەلی کوردستان هەمیشە موژدەی دەستپێکێکی نوێ و ئومێدی تازە و سەرکەوتن بەسەر ستەمکاران و سەختییەکاندا بووە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی بەهار و نوێبوونەوەی سروشتەوە، خۆم ئاراستەی هاوواڵتیانی خۆشەویستی کوردستان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرانی کوردستان دەکەم.

نەورۆز بۆ گەلی کوردستان هەمیشە موژدەی دەستپێکێکی نوێ و ئومێدی تازە و سەرکەوتن بەسەر ستەمکاران و سەختییەکاندا بووە. خەڵکی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا لە شەڕی دژی تیرۆریستان و لەبەرانبەر زوڵمی ناحەزان و کێشە و قەیران و گوزەرانی خراپ خۆڕاگر بوونە و ئەو خۆڕاگرییەیان مایەی پێزانینە. جێگەی خۆیەتی لەو بۆنە نەتەوەییەدا داوا لە هەموو لایەک بکەم وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدان و قارەمانێتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی گەلی کوردستان، پێشکەوتن و پاراستنی کوردستان بکەنە ئەولەویەتی کارەکانیان. ئێستا قۆناغێکی تر لە ژیانی گەلی کوردستاندا و پێویستییەکانی ئەو قۆناغە وا دەخوازێ کە بەرەو بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و گەشەسەندوو هەنگاو بنێین کە لە ڕاستیدا هەر ئەوەیش ویستی ڕاستەقینەی هەموو هاوواڵتیانی کوردستانە و پێویستە ڕێز لەو ئیرادەیە بگیرێت. چونکە ئەو ئازادی و دەستکەوتانەی ئێستا هەن بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە.

لەو بۆنەیەدا جەخت لەسەر پاراستنی فەرهەنگی پێکەوەژیان و برایەتی و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەکەینەوە و ئومێدی قوواڵتربوونی ئەو فەرهەنگە بەهادارەی گەلی کوردستان دەخوازین. وێڕای سوپاسگوزاریم بۆ زەحمەت و شەونخونیی هێزەکانی پۆلیس و ئاساییش لە خزمەتکردنی خەڵک و دابینکردنی ئاساییش لە جەژن و بۆنەکاندا داوا لە هەموو هاوواڵتیانی خۆشەویست دەکەم پاراستنی ژینگە و جوانیی وڵاتەکەمان بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان بزانن.

هیوادارم نەورۆزی ئەمساڵ ببێتە دەستپێکێک بۆ ئاسوودەییەهەموو خەڵکی کوردستان و ئومێد دەکەم ئەو نەورۆزە و هەموو جەژنەکان بە کامەرانی و بەختەوەری بەڕێ بکەن.

نەورۆزتان پیرۆز و بمێنن بەخێر و خۆشی

مسعود بارزانی
20ی3ی2019

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە کەسوکاری ڕووداوەکەی شاری مووسڵ دەکات

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخێکی زۆرەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/3/21 لە ئاکامی نقومبوونی بەلەمێک لە ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیان بوونەتە قوربانی. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و دانیشتوانی شاری مووسڵ دەکەم. لە خودای گەورە داواکارم سەبر و ئارامی بە کەسوکاری گیانلەدەستدراوان ببەخشێت و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی و دۆزینەوەی ونبووان دەخوازم.

مسعود بارزانی
2019/3/21

مەسرور بارزانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەوڵەتی حکوومەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا پێدەگات





ئێوارەی ڕۆژی سێشەمە 2019/3/19 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە ئەنجامدا بێبرت وەزیری دەوڵەتی حکوومەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا پێگەیشت.

لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا بەرێزیان ئاڵوگۆڕ کرا و جەخت لە بایەخی بەردەوامبوونی هێزەکانی هاوپەیمانی جیهانی لە پرۆسەی ڕیفۆرم و ڕاهێنان و دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرایەوە. هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا جەخت لە پاراستن و چەسپاندنی دەسکەوتەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریستان و هەوڵەکانی سەقامگیری کرا، وەزیری دەوڵەتی حکوومەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا دووپاتی لەوە کردەوە، کە وڵاتەکەی لە پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان بەردەوام دەبێت.

مەسروور بارزانی داوای وەلاوەنانی بەرژەوەندییە لاوەکییەکان و پەردان بە دەسکەوتەکان دەکات

یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، فاکتەری کاریگەری پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمان و نەتەوەن

مەسروور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، داوای وەلاوەنانی بەرژەوەندییە لاوەکییەکان و پەردان بە دەسکەوتەکان دەکات و دەڵێت: یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان فاکتەری کاریگەری پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمان و نەتەوەن.

لە پەیامەکەدا هاتووە "بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردیەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و سەرجەم گەلی کوردستان دەکەم. هیوادارم ڕۆژانی جەژن لە کەشێکی ئارام و پڕ لە خۆشیدا بەسەر بەرن".

هەروەها دەڵێت: یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و لەوانەش نەورۆز، فاکتەری کاریگەری پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمان و نەتەوەن، بۆیە ئاواتەخوازم یادکردنەوەی ئەم بۆنە نیشتمانیانە لەو چوارچێوە کلێشەییانەی تەنیا خوێندنەوەی پەیام و پیرۆزبایی دەربچن، یادکردنەوەی بێ ناوەڕۆک، چەمکی یادە نیشتمانییەکان کەمڕەنگتر دەکات و لە ئەنجامدا ئەم بۆنە میژوویانە بایەخی خۆیان لای نەوەکانی داهاتوو لە دەست دەدەن.

مەسرور بارزانی لە پەیامەکەیدا دەشڵێت: پێویستە هێما نیشتمانییەکان فاکتەری بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری بن و هاندەرمان بن تاکو وێڕای هەموو جیاوازییەکان، لە خزمەتی نیشتماندا یەکبگرینەوە و بە یەکڕیزی و کۆکردنەوەی توانەکان بەرەو ئایندەیەکی پرشنگدار و پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتر هەنگاو بنێین.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتووە "دڵسۆزی بۆ نیشتمان دەبێت لە کردەوەکانماندا ڕەنگ بداتەوە، بۆیە لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێمەی حکوومەتی هەرێم، هیوادارم هەموو لایەک کێشە و بەرژەوەندییە لاوەکییەکان بەلاوە بنێن، تاکو پێکەوە دەسکەوتەکانمان پەرە پێ بدەین و هەڵەکان ڕاست کەینەوە و خزمەتێکی شایستەی گەل و نیشتمانمان بکەین".

نێچیرڤان بارزانی لە پەیامێکدا نەورۆزی لە تەواوی چین و تۆێژەکانی کوردستان پیرۆز کرد

نەورۆز لە بنەڕەتدا هەڵگری کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خاوکردنەوەی دەمارگرژییە

بۆژانەوەی ئابووری دەستپێکردووە و جارێکی دیکە خێروخۆشی رووەکاتەوە کوردستان



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز رایگەیاند: باری ئابووری باش دەبێتەوە و کوردستان رووەکاتە خێر و خۆشی، لە پەیامەکەیدا گوتیشی: ئێوەی خۆشەویست دڵنیابن کە پشوودرێژی و بەرگەگرتن و نەرمونیانی، تاکە رێگەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، کوردستان لەو ماوەیەدا جارێکی دیکە رووەکاتە خێر و خۆشی، باری ئابووری وا باش دەبێتەوە و هەموو ئەم پرسانەش لە کاتێکی نزیکی داهاتوودا بەدرێژی باسی دەکەین. نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر کولتووری پێکەوەژیان، لێبووردەیی، گوتی: نەورۆز لە بنەڕەتەوە خاوەن و هەڵگری ئەو کولتوورەیە.

دەقی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی:

بەڕێزان، خۆشەویستان، کوردستانیانی تازیز

ئەم کاتەتان باش و نەورۆزتان پیرۆز

بەبۆنەی گەڕانەوەی سەری ساڵی تازەی کوردی و جەژنی نەورۆزەوە، جوانترین پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلی کوردستان دەکەم.

پیرۆزبایێتان لێدەکەم بە بۆنەی تەواوبوونی وەرزی سەرما و دەستپێکردنی بەهاری ڕەنگین، لەم ڕۆژەدا کوردستان بە چیاو دۆڵ و دەشتەوە سەوزایی دایدەپۆشێت و ڕوو لە هەر شوێنێک دەکەیت سڕووشت بەدەم مرۆڤەوە پێدەکەنێت.

هیوادارم گەشی و خۆشی بەسەر ناخی یەک بە یەکی هاوواڵتیانی کوردستانیشدا بێت، بەسەر دۆزە سیاسییەکەمان و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەموو ڕووێکی دیکەی ژیانی ئێوەی خۆشەویستدا ڕەنگبداتەوە.

ئێوەی خۆشەویست دڵنیابن کەوا پشوودرێژی و بەرگەگرتن و نەرمونیانی، تاکە رێگەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، کوردستان لەو ماوەیەدا جارێکی دیکە ڕووەکاتە خێر و خۆشی، باری ئابووری وا باش دەبێتەوە، هەموو ئەم پرسانە لە کاتێکی نزیکی داهاتوودا بەدرێژی باسی دەکەین، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەم بۆنە خۆشەی نەورۆزدا باسی دەکەم، کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و تەبایی و خۆشەویستی و هەوڵی خاوکردنەوەی دەمارگرژییە، کە نەورۆز لە بنەڕەتەوە خاوەن و هەڵگری ئەو کولتوورەیە.

خۆتان دەزانن وەک لێکەوتەیەکی ئاسایی بۆ هەموو دۆخێکی نالەباری مێژوویی کۆمەڵێک بەرئەنجامی ناشیرین و نەرێنی سەرهەڵدەدەن، هەموومان بینیمان کوردستان بە کۆمەڵێک تەنگەژەدا تێپەڕی، وەک شەڕی داعش و ئاوارەبوونی سەتان هەزار خەڵک بۆ هەرێمی کوردستان، کەمبوونەوەی داهات و خراپبوونی باری ئابووری بەهۆی بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت، کە هەر یەک لەمانە بەشێوەی جۆراوجۆر کاری کردە سەر ژیانی خەڵک و بەتایبەتی لەڕووی دارایی و دەروونییەوە کاریگەری خراپیان جێهێشتووە.

ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین جۆرێک گرژی و توندی لە هەڵسوکەوتی هەندێک خەڵکدا بەهۆی شەڕی داعش و تەنگەژەی ئابووریەوە سەریانهەڵداوە، مەرجیش نییە تووندوتیژی تەنیا بریتییێت لە کار و کردەوەی زەق، وەک دەستوەشاندن یان بەکارهێنانی چەک، بەڵکو هەندێکجار بریتییە لە گوێندان بە ئەرکی سەرشان، یان بێڕێزی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، یان ڕەچاونەکردنی بەهاو نەریتی گشتی، یان بێتوبژدانی لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتندا، جگە لەمانە لە هەندێک شوێن جۆرێک لە تووند و زبری بەکارمەندانی فەرمییەوە دیار بووە، یان شۆفێر لە شەقامەکاندا یان لە تێکەڵاوی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمانە هەموویان لێکەوتەی ئاسایین بۆ ئەو دۆخانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتن، بەڵام دەبێت نەمێنن.

نەورۆزە، دەبێت لەمڕۆوە دەستبکەین بە هێوربوونەوە، شەڕی بەرگری ئێمە لە بەرامبەر دڕندەیی داعشدا بەسەرکەوتن تەواوبوو، بۆژانەوەی باری ئابووریش دەستیپێکرد و هەنگاو بەرەو ئاساییبوونەوە دەنێت.

داوا لە دایک و باوکان دەکەم زیاتر لە جاران وریای هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بن، بەرامبەریان نەرم بن و لەسەر هێوری و نەرمی لە مامەڵەکردندا رایانبهێنن، ئاگاداری تەندروستیان بن و بۆ خۆیندنەوە و وەرزش هانیان بدەن، هەروەها بەڕێوەبەرانی دەزگا فەرمییەکان باشتر کۆنترۆڵی سەرپێچییەکان بکەن.

داوا دەکەم کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش لە وەڵامدانەوەدا نەرمتر بن، من ئەمڕۆم هەڵبژارد بۆ ئەو تێبینی و سەرنجانە، لەبەر ئەوەی جەژنە، نەورۆز جەژنێکی خۆشی کوردستانە، هەروەها وەرزی بەهار و پێکەنین و گەشانەوەی دڵ و دەروونە.

ئەم ڕۆژانەی جەژنی نەورۆز، ڕۆژانی تێپەڕاندنی لاپەڕەی کۆن و هەڵدانەوەی لاپەڕەی تازەن، داواتان لێدەکەم هەموو لایەک ئاوڕ لە برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی بدەنەوە. دەبێت هەموو لایەک هێورببنەوە، دەبێت هەموو لایەک یەکترمان خۆشبوێت، داوا لە هەموشتان دەکەم ڕێزی سڕووشت بگرن و ژینگەی کوردستان پاک ڕابگرن. لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە جەژن و سەری ساڵمانە، جەژنی سەرکەوتن و داگیرساندنی مەشخەڵی ئازادییە، جەژنە پیرۆزە لە ماڵباتی شەهیدان دەکەم، جەژنە پیرۆزە لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و برینداراني شەڕی داعش دەکەم، جەژنە پیرۆزە لەو خوشک و برایانە دەکەم کە هەر یەکە و بە جۆرێک بوونە قوربانی، بەتایبەتی خوشکە خاتوونە ئێزیدییەکانمان، جەژنە پیرۆزە لە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان دەکەم، پیرۆزبایی لە ژنان و ئافرەتانی کوردستان، لە مامۆستایان، لە لاوان و قوتابیان و خوێندکاران دەکەم، پیرۆزبایی لە حزب و لایەنەکان دەکەم، پیرۆزبایی لە زانایانی ئایینی و ڕۆشنبیران دەکەم، دەبێت ئێوە پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی کوردستان سەربکەوێت و هەموو ڕۆژێکی ئێمە ببێتە خۆشی و بەهار و نەورۆز.

پیرۆزبایی لە پێشمەرگە و زێرەڤانی و ئاسایش و پۆلیس و پۆلیسی فریاکەوتن دەکەم، پیرۆزبایی لە فەرمانبەرانی حکوومەت و کارمەندانی کەرتی تایبەت دەکەم، پیرۆزبایی لە جووتیاران، لە کۆچەر و ڕەوەند و خەڵکی شار و لادێ دەکەم، پیرۆزبایی لە کوردستانیانی دوور لە وڵات دەکەم، هەروەها پیرۆزبایی لە پەرلەمانتاران و وەزیران و پارێزگاران و بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی کوردستان دەکەم.

جەژنە پیرۆزە لە یەکە یەکەی خەڵکی کوردستان و دانیشتووانە بەڕێزەکەی دەکەم، بە خاوەن ماڵ و بەوانەشەوە کە لێرە میوانن و بەشداری جەژن دەکەن، پیرۆزبایی لە ئاوارە و پەنابەران دەکەم.

لەم ڕۆژەدا دووبارەی دەکەمەوە کە گرەوی ئێمە ئەوەیە کوردستان سەربکەوێت، ڕێگەی دوورمان بڕیوە و کەمان ماوە، قوربانیمان زۆر داوە و دەبێت بگەینە ڕۆژی خۆمان، ئێمە وەک چۆن بەختەوەریمان بۆ خۆمان دەوێت، بۆ خەڵکی دیکەش هەمان هیوامان هەیە، بە تایبەتی بۆ گەلی عێراقی برا، هەرێمی کوردستان برا بەشێکی ڕاستەقینەیە لە عێراق و دەستووری وڵات بڕیاری ئەمەی داوە.

لەم بۆنەیەدا کە نەورۆز جەژنێکی فەرمییە لە عێراق، داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەم یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی گەلی عێراق لە برایەتی خۆی و گەلی کوردستاندا سەربکەوێت.

جەژنە پیرۆزە لە هەموو گەلی عێراق دەکەم، بە هەموو شار و شارۆچکە و لادێیەکانییەوە، جەژنە پیرۆزە لە هەموو نەتەوەی کورد و گەلانی دراوسێی گەلی کوردستان دەکەم، ئێمە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەین کە چەوسانەوەی گەلی کورد بە تەواوەتی بوەستێت و هەموو لایەک بە مافداری و یەکسانی و برایەتی و تەبایی بژین.

پیرۆزبایی لە گەلانی ناوچەکە و هەموو ئەو گەلانە دەکەم، کە جەژنی نەورۆز دەگێڕن، دووبارە پیرۆزبایی و سڵاو لە هەموو لایەک، ماڵتان ئاوا بێت و هەر تەبا و سەرکەوتووبن.

سەرچاوە: رووداو

نێچیرڤان بارزانی

پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکات



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە 2019/3/19 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی کۆنگرێسمان جۆن گارامندی کرد.

لە دیدارێکدا شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ڕۆڵی پێشمەرگە و حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانیان لە شەڕی دژی داعش و حەواندنەوە و پاراستنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران بەرز نرخاند و هاوبەشیی نێوان هەموو لایەنەکانیان بە هۆکاری سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا زانی، هەروەها خۆشحاڵیی خۆیان بەرامبەر بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا نیشان دا.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانە و هاوکارییە بەردەوامەکانی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لە کاتە سەختەکان و لە بوارەکانی سەربازی و مرۆییدا کرد و تیشکی خستە سەر باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر ـ بەغدا و پشتیوانیی هەرێمی کوردستانی بۆ بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ دووپات کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لە ڕۆڵی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و پێویستی و گرنگیی مانەوەیان لەم قۆناغەدا بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر کردەوە، هەروەها پێویستیی هاوبەشیی نێوان عێراق و ئەمەریکا، مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی دوای شەڕی داعش، گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران، ئاوەدانکردنەوەی شوێنە زیانبەرکەوتووەکان و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە، تاوتوێ کرا. هەردوولا ڕۆڵی ئافرەتانیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بە پێوست زانی و لەمبارەیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پوختەیەکی دەربارەی هەنگاو و پرۆگرامەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پاراستن و پێشوەچوونی دۆخی ئافرەتان و بەشداریی کارایان لە جومگەکانی حکومڕانیدا پێشکەش کرد.

نێچیرڤان بارزانی پەیوەندی بە پارێزگاری مووسڵەوە دەکات

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/3/21 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە بەڕێز نەوفەل حەمادی پارێزگاری مووسڵەوە کرد و تیایدا پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆی و گەلی کوردستانی بە بەڕێزیان و بە ڕێگای ئەویشەوە بە کەسوکاری قوربانیان ڕاگەیاند کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لە مووسڵ بەهۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێکی گەشتیارانەوە لە ڕووباری دیجلە بە دەیان کەس گیانیان لەدەست دا.

هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان و چارەسەرکردنی بریندارانی و هەر پێویستییەکی دیکە نیشان دا و لەمبارەیەوە ڕایگەیاند کە ڕێنمایی و ڕاسپاردەی داوەتە بەڕێزان هەردوو پارێزگاری هەولێر و دهۆک بۆ هەر یارمەتیدان و هاوکاریکردنێکی خەڵکی مووسڵ.

لای خۆیەوە بەڕێز پارێزگاری مووسڵ سوپاسی هاوخەمی و بەهاناوەچوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە هەم خودی بەڕێزیان و هەم بە ڕێگەی بەڕێزان وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێم و هەردوو پارێزگاری هەولێر و دهۆکەوە ئامادەیی هەرێمی کوردستانیان بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوانی ڕووداوەکە نیشان داوە و دووپاتی کردەوە کە هەر ئەمە لە بەڕێز سەرۆک وەزیران و هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکرا.

نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی مووسڵ کرد



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/3/21 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ڕووداوی ئەمڕۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێکی گەشتیاری لە مووسڵ کرد و هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ لێقەوماوان نیشان دا، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەوپەڕی هاوەدردی و هاوخەمیی قوڵی خۆمان بۆ خانەواده و کەسوکاری قوربانیانی ڕووداوی ناخهۆژینی ئەمڕۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێکی گەشتیاری لە ڕووباری دیجلەدا لە مووسڵ دەردەبڕین.

پرسە و سەرەخۆشییان لێدەکەین و لەم کاتە سەخت و بەئازاردا لەگەڵیانین.

خوای گەورە دڵنەوایی و ئارامییان پێ ببەخشێت و هیوای سەلامەتی بۆ ڕزگاربووان دەخوازین. هیوادارین ڕووداوی دڵتەزێنی وا قەت دووبارە نەبنەوە.

هەر لە ساتی یەکەمی ڕووداوەکەوە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە و پێشهاتەکان دەکەین، هەموو داموەزگا پەیوەندارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەکراون و لە ئامادەباشیی تەواودان بۆ هەموو پشتیوانی و هاوکارییەک، نەخۆشخانە و بەشەکانی فریاکەوتنیش لە هەرێمی کوردستان لە پێشوازیی لێقەوماوان دان.

خوای گەورە پشتیوان و هاریکار بێت.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

2019/3/21

مۆسکۆ: پانێڵێک لە بارەی بارزانیی نەمر بەڕێوەچوو



لە 116هەمین ساڵەی لەدایکبوونی ڕابەری نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمردا، لە ئاژانسی ڕەسیا-سیڤۆدنیا لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕووسیا د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بە هاوکاری پسپۆڕ و ڕۆژهەڵاتناس کەنستەنتین تروفسیڤی ئەکادیمی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و ئیقبال دوورە مامۆستای زانکۆ، پانێڵێک لە بارەی ژیان و خەباتی سیاسی و سەربازی بارزانیی نەمر بەڕێوەچوو، کە تیایدا سیاسی و نووسەران و چالاکوانانی ڕووس و کورد بەشداربوون. لە پانێلەکەدا تیشک خرایە سەر قۆناغەکانی ژیانی بارزانیی نەمر کە سەرکردایەتی بزاڤی نەتەوەیی کوردی کرد و چەندین شۆڕش و داستانی مەزنی تۆمار کرد، لەوانە سەرکردایەتی کردنی گەورەترین شۆڕشی کورد کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە، ئەو شۆڕشەی هەموو کوردی لە ژێر یەک چەتری سەرکردایەتی کۆکردەوە و بۆ یەکەم جار ڕژێمی دیکتاتۆری ناچارکرد دان بە گەلی کورد دابنێ وەک نەتەوەیەکی زیندووی ناوچەکە. هەر لە پانێلەکەدا کاریگەری و هەژموونی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی کورد لەو نێوەندەدا بەتێری باسی لێوەکرا.

هێمن هەورامی و شاندێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە جەخت لە هەماهەنگی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرایەوە



لەپەراوێزی بەشداریکردنیدا لە فێستیڤاڵی ئاکرێ، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە هۆڵی پێشوازیی قەزای ئاکرێ پێشوازیی لە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنە جیاجیان کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و شاندی پەرلەمانتارانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق جەختیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان کردەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنە یاساییانەی کە پێویستن بۆ خزمەتکردنی گەلانی عێراق بگرێتەبەر و دەستووری عێراق بە هەموو برگە و مادەکانییەوە جێبەجێبکرێت.

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز

نەورۆز نیشانەی ژیاندۆستی و ڕابوون و هێمای خۆری ئازادی و تێکشکاندنی زنجیری ژێردەستی و زۆرداریی

نەورۆز هەردەم سروشبەخشی بەرەنگاریی و شۆڕش بووە دژ بە ستەم و چەوساندنەوە



بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنەوەی سەری ساڵی کوردیەوە، چەپکە نێرگزی پیرۆزبایی پێشکەشی گەلەکەمان لە کوردستان و هاونیشتیمانیان لە سەرتاسەری جیهان دەکەین، پیرۆزبایی لە خانەواده و کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین و، هیوادارین ئەو بۆنە پیرۆزە موژدەی ساڵێکی پڕهات و خێر و خۆشی پێ بێت بۆ کوردستانیانی خۆشەویست و خۆڕاگر.

نەورۆز، دیرۆکی دێرینی بەر لە هەزاران ساڵی نەتەوەکەمانە و لە نێوکوولتوری ڕەسەنی میللیماندا سەریهەڵدا و سەرچاوەی گیانی مانەوە و خۆڕاگری بووە، هەروەک نەریتێکی نەمر و جەژنێکی میژوویی و نەتەوەیی، نیشانەی ژیاندۆستی و ڕابوون و هێمای خۆری ئازادی و تێکشکاندنی زنجیری ژێردەستی و زۆرداری بووە.

نەورۆز، وەک داستانێکی میژوویی و ڕۆژێکی چارەنووسساز، هەردەم سروشبەخشی بەرەنگاریی و شۆڕش بووە دژ بە ستەم و چەوساندنەوە، هەروەها ئەڵقەیەکی گرنگی نێو زنجیرەی ڕاپەڕینەکانی ئاداری 1991ـە، کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان، لەگەڵ ئازادکردنی شاری برایەتی و خۆڕاگریی، هەر بەو بۆنەیەوەو بە یادی 28هەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی شاری کەرکووک، وێڕای هەلومەرجی ناهەمواروونەویستراوی ئەو شارە خۆشەویستە، پیرۆزباییەکی گەرم لە هاوڵاتیان و خەڵکی ئەو شارە دەکەین و هیوای بەختەوەری و ئاسوودەیی و سەرفرازیان بۆ دەخوازین.

نەورۆز، سەری ساڵی کوردی و یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارەو پەیامی نوێبوونە و هەبوونی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەلەکەمانە، لەو هەلومەرجە هەستیارەی ئەمڕۆشماندا هیواخوازین جەژنی نەورۆز وەک چۆن سیمبوولی تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتیمانیمانە، ئاوهاش هاندەر و مایەی پتەوبوونی هاوهەڵوێستی و یەکڕیزی و برایەتی گشت پارت و لایەنە سیاسییەکان بێت تا بتوانین بە یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکانمان زیاتر داکۆکی لە دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانمان بکەین و هەنگاوی کاراتر بنێین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهاتنی ئامانجە نزیک و دوورەکانی گەلەکەمان.

لەم جەژنی نەورۆزەدا ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هەمیشە جەخت دەکەینەوە لەسەر هەماهەنگیی و یەکدەنگیی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و هاوکات بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و زیاتر پتەوکردنی گیانی بەرپرسیاریەتی و نیشتیمانی و ڕەخساندنی زەوینەیەکی ئەوتۆکە کۆتایی بە گیروگرفت و کێشەکان بهێنین و لە ئاست خواست و داواکاری جەماوەر و زیاتر لە خەمی خۆشگوزەرانی و ئارامیی تێکڕای هاووڵاتیان دابین.

یادی نەورۆز، هاندەر و هەوێنی بەردەوام بوونی خەبات و تێکۆشان و ئومێدبەخشی زیاترمانە بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان و بەرقەراربوونی زێتری سەقامگیریی و ئاسوودەیی...

جارێکی دیکە جەژنی دێرین و میژوویی و نەتەوەییمان، جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی 2719ی کوردی لە هاووڵاتییان و تێکڕای کوردستانیانی خۆشەویست، پیرۆز بێت..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
1ی خاکەلێوەی2719ی کوردی
21ی ئاداری 2019ی زایینی

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران بەشداری لە فێستیڤاڵی نەورۆزی لە ئاکرێ کرد



ئێوارەی ڕۆژی 2019/3/20 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەشداری لە فێستیڤاڵی ئاهەنگی نەورۆز لە شاری ئاکرێ کرد. لە ئاهەنگەکەدا کە بەرپرسانی حکومی و حزبی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئامادەیبوون، چەندین گۆرانی و هەڵبەست خوێندرایەوە کە گوزارشتیان لە خۆشەویستیی نیشتمان و سەربەستی و ئازادی دەکرد، هەر لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆز لە شاری ئاکرێ شاندی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ستەیچی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە ڕێز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکە نیشاندا.

گڕی ئاگری نەورۆز لە تاراوگە پەیامی نەتەوەی کوردی گەیاندە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



ساسان دەرێش -هەڵەندا: بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی 2719ی کوردی، کە وەک یەکێک لە هێما گەشەکانی ناسانەندنی ناسنامەی نەتەوەیی، کوردستانییان لەژێر شەکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردی و هەڵپەڕکێ و میوزیکی کوردی و گڕدانی ئاگری نەورۆزیان لە یەکتر پیرۆز کرد کە لە زۆربەی پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپی ئەم یادە پیرۆزکرا، ئەمەش لە ڕوانگەی ئاوێتەبوونی پەیامی دڵخۆشیی پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە لایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە ئاراستەی گەلی کوردی کرد لە دڵنیایی و باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵک و هەنگاونان بۆ بوژاندنەوەی زیاتری کوردستان و نەمانی پاشەکەوت. ئەم پەیامە زیاتر جۆش و خرۆشی بە ئاهەنگ و خۆشییەکانی کوردانی تاراوگەدا و بە سیمای هەر یەکەیانەوە دەبینرا و لەگەڵ ئەوەشدا کوردستانییان جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەنگاوەکان خێراتر بکرێن بۆ ڕاگەیاندنی کابینەی نوێی حکوومەت، بەو ئومێدەی ئەم کابینەیە جیاوازە و ئومێدی زۆریان پێیەتی، بۆیە مایەی دڵخۆشییە بۆ تەوای کوردستانیان لە پێناو کوردستانێکی بەهێز. لەگەڵ ئەوەشدا کوردستانیان بەتایبەتی کوردانی شاری کەرکووک دڵی کوردستان داوای ئەوەیان دەکرد لە پارتە کوردستانییەکانی باشوور کە بەرژەوەندییە لاوەکییەکانی خۆیان وەلانێن بۆ سەرخستنی پڕۆسەی دیموکراسی و ئاشتەوایی نیشتمانی و خزمەتکردنی گەل و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەپێی دەستووری عێراق و گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاوارەکان بۆ شارەکەیان بەمشێوەیە کوردستانیان بە ئاگرکردنەوە و ئاهەنگەکانیان سەرنجی زۆرینەی بیانییەکانیان بۆ خۆیان ڕاکێش کرد بوو کە زۆر لە سیاسەتوان و ڕۆشنبیران و خەڵکانی ئاسایی لەگەڵیان بەشداربوون و پەیامی پیرۆزباییان ئاڕاستەی گەلی کوردستان کرد.

باغۆز وەک دواموڵگەی تیرۆریستانی داعش ڕزگارکرا

یەکەمجار پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و لە باغۆزیش خەلافەتەکە کۆتاییهات



خەبات/ دوای ئەوەی لە ساڵی 2014 چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر مووسڵ و سوپای عێراق بە چەندان فیرقە و لیوای سەربازی و چەک و کەلوپەلی پێشکەوتووی سەربازی و ژمارەی زۆری سەرباز و کارمەندی ئەمنی، پاشەکشەیان کرد و شارەکەیان ڕادەستی داعش کرد، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بوونەوە و لە ماوەی ساڵێکیشدا ئەفسانەی داعشیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان تێکشکاند و پاشانیش لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەم دەروازەی بۆ سوپای عێراق کردووە بە ڕزگارکردنی چەندان ناوچەی فراوانی دەشتی نەینەوا کە ئەمەش بووە هۆی ئاسانکاری بۆ دەستپێکردنی ئۆپەرسیۆنی سوپای عێراق بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ، لە شەڕی چەتەکانی داعشدا هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بە هەزاران شەهید و بریندارییان دا بۆ تێکشکاندنی خەلافەتی داعش و دوێنێ شەمەش کۆتایی بە خەلافەتەکەی لە باغۆز لە سووریا هات.

سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی مووسڵ لە ساڵی 2014وە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا بینی، ئەمەش بە شاهێدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پێشمەرگە یەکەمجار ئەفسانەی داعشی لە عێراق تێکشکاند و دواتر بۆ هاوکاریکردنی کوردانی ڕۆژئاوا پێشمەرگە چووە کۆبانێ و لە ئۆپەرسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵیشدا دیسان پێشمەرگە یەکەم دەروازەی بۆ سوپای عێراق کردووە بە ڕزگارکردنی چەندان ناوچەی فراوانی دەشتی نەینەوا کە ئەمەش بووە هۆی ئاسانکاری بۆ دەستپێکردنی ئۆپەرسیۆنی سوپای عێراق بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ، لە شەڕی چەتەکانی داعشدا هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بە هەزاران شەهید و بریندارییان دا بۆ تێکشکاندنی خەلافەتی داعش و دوێنێ شەمەش کۆتایی بە خەلافەتەکەی لە باغۆز لە سووریا هات.

هەروەها بە گوێرەی زانیارییەکان لە باغۆز کە دواموڵگەی تیرۆریستانی داعش بوو لە سووریا، دوێنێ شەمە لەڕووی سەربازیی و مەیدانییەوە لەو ناوچەیە بە تەواوی تێکشکێندران و لە ئێستاشدا بە ئاشکرا هیچ ناوچەیەکیان لە سووریا لەژێر دەسەڵاتدا نەماوە و بە تەواوی لەنێوبدراون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە چەکدارانی داعش لە هەندێ ناوچەی عێراق دووبارە دەستیانکردووەتەوە بە چالاکی پارتیزانی و هەروەها هێرش دەکەنە سەر گوند و ماڵی هاووڵاتییان و کەسانی سڤیلیش دەڕفێنن و دوایش دەیانکوژن.

زیاتر لە چەند مانگێکە (هەسەدە) واتە هێزەکانی سووریای دیموکرات، بە پاڵپشتیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی داعش، ئۆپەراسیۆنی بۆ ڕزگارکردنی باغۆزیان دەستپێکردووە و لەو ئۆپەراسیۆنەشدا هەتا ئێستا بە هەزاران چەکداری داعش کەوتوونەتە دەست هێزە کوردییەکانەوە کە لە ناو ئەو چەکدارانە کەسانی عێراقیش هەن و پێشتریش هەسەدە ڕایگەیاندبوو لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا گفتوگۆیان کردووە بۆ ڕەوانەکردنەوەی ئەو چەکدارە عێراقییانەی ناو داعش کە لە زیندانەکانی هەسەدەن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی هەر لە سەرەتای

پارتی موراعاتی یەکێتی زۆر کردووە

ئازاد جندیانی: پارتی برا گەورەیە و کاک مەسعودیش تاکە سەرکردەی کاریزما و بێ رکابەرە لە کوردستان

یەکێتی بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی گرێکوێرە بۆ پێکهێنانی حکوومەت دروستدەکات

پارتی و کاک نێچیرڤان بارزانی دەرفەتیان بە یەکێتی دا بۆ ئەوەی جارێکیتر هەڵبستێتەوە



ئازاد جندیانی ڕاوێژکاری سەرۆک مەسعود بارزانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: کەس ناتوانێت لە کوردستان دوو ئیدارەیی دروستبکات، تەنیا وڵاتانی هەرێمی نەبێت، ئێران دەیەوێت حەدیقەیەکی تەواوکراوەی هەبێت لە سلێمانیدا، ئێران بە ئاگایە لە بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەت، دەشڵێت: ئەگەر تا 4/1 یەکێتی هەروا بڕوات، دڵنیام پارتی لەو مەسەلەیە دەسووڕێتەوە و یەکێتی دەخاتە دواوە، جا یان ئەو وەزارەتانەی بەر یەکێتی دەکەون، بە بەتاڵی دەهێڵرێنەوە، یان بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن.

ئەمەش دەقی گفتوگۆکە:

یەکێتی تاکە ڕێگری پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمە

لە سەرەتای گفتوگۆکەدا جندیانی گوتی: نەک هەر من هەر هاوڵاتییەکی کوردستان نیگەرانە لە درێژەکێشانی ئەم کۆبوونەوانە، بەڵام پێم وانییە درێژە بکێشێت، وای بۆ دەچم لە سەرەتای مانگی چوار واتە 1یان 2/4 کۆتایی بەم ڕێگرییانە بهێنرێت کە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتدا لە ئارادان کە حەقیش نییە ئەو ڕێگرییانە هەرکەس هەیە بیکات ئەوەی دیارە ئێستا یەکێتییە ڕێگری دەکات لە پێکهێنانی حکوومەت، بەشێکی وەک دەڵێن پەیوەندی هەیە بە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی لەسەر پۆستەکان بۆیە گرێکوێرەکان دروستدەکات.

یەکێتی تووشی غرور ببوو و پێویستە دابمرکێتەوە، چونکە دەیەوێت زۆرترین نوقرچک لە پارتی بگرێت ئازاد جندیانی ئەوەشی گوت، بەڵام من تەنها ئەو لایەنەی نابینم بەڵکوو یەکێتی تا حەدێک تووشی غرورێک ببوو لە ماوەی ڕابردوودا کە پێموایە دەبێت ورده ورده ئەو غروره بنیشێتەوە، وەک زاراوەی ڕەواندوزی دەڵێن دابمرکێتەوە، ئەگەرچی ئەم ڕێگرییانەی یەکێتی پێکهێنانی حکوومەت دوادەخات، بەڵام یەکێتی دەیەوێت زۆرترین نوقورچک لە پارتی بگرێت، بەڵام پارتی ئێستا ئازادە لە پێکهێنانی حکوومەت بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە بەشێک لەو پۆستانەی یەکێتی داوای دەکردن درا بە گۆڕان و لایەنەکانی تر لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک پارتی دەستپێشخەریەکی دەکرد بۆ یەکێتی بۆ ڕۆژی دواتر یەکێتی گرێکوێرەیەکی تری دروست دەکرد.

-ئەگەر تا 4/1 یەکێتی هەروا بروات، دڵنیام پارتی لەو مەسەلەیە دەسووڕێتەوە و یەکێتی دەخاتە دواوە

ڕاوێژکاری ڕووناکبیری و سیاسی، سەرۆک مەسعود بارزانی، ئەوەشی گوت: یەکێتی تا ئێستا تاکە هۆکاری پێکنەهێنانی حکوومەتە، بەڵام هەموو کات ئەم داخرانە مەرج نییە سوودی هەبێت، بەڵکوو هەندێجار ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت سوڕان و دواکەوتنی بەدوادادێت، بۆیە من پێم وایە ئەگەر تا 4/1 یەکێتی هەروا بڕوات دڵنیام پارتی لەو مەسەلەیە دەسووڕێتەوە و یەکێتی دەخاتە دواوە پڕۆسەکە دەڕوات، ئەوکات ئەو وەزارەتانەی بۆ یەکێتی دانداوە یا بە بەتاڵی دەهێڵرێتەوە یا بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێن کە ئەمە بۆ یەکێتی زۆر ترسناک دەبێت و بۆ پڕۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش من نالێم مەترسیدار دەبێت، بەڵام حاڵەتێکی خۆش نابێت، بۆیە یەکێتی لەم 10 ڕۆژەی ماوە ئەو گرێ و کێشانەی ناوخۆی خۆی یان ئەو گرێکوێرانەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دروستی کردووە دەکاتەوە، چونکە دواجار ئەوەی زیان دەکات یەکێتییە، نەک پارتی و گۆڕان و ئەو لایەنانەی تر کە بەشداری ڕاستەقینەیان دەبێت لە پێکهێنانی حکوومەتدا.

-ئەم چەند مانگە پارتی زۆر بە تەحەمولەوە بە شێوەیەکی ئیجابی مامەڵەی لەگەڵ یەکێتی کردووە

جندیانی لە قسەکانیدا باسی لەوەشکرد: پارتی زۆرکات و ئەمجارەش زۆر حسابی کورسی لەگەڵ یەکێتی نەکردووە، بەڵکو زۆرتر پۆستی پێداوان ئەوەتا وەک باس دەکرێت لە ڕاگەیاندنەکانەوە پۆستی جێگری سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمانی داوە بە یەکێتی، بۆیە ئیتر پێویستە لەم چەند ڕۆژەدا ڕوون بێتەوە کە یەکێتی مەبەستێتی حکوومەت پێکنەیەت یا چی؟ ڕاشیگەیاند: من ئەوە ناونانێم نازکێشان، چونکە ڕەنگە ئەو دەستەواژەیە لە سیاسەت بەکارنەیەت، بەڵکو زیاتر شاعیرانەیە، هەتا دەکرێت ڕاگەیاندن بەکاربهێنێت، بەڵام پارتی مەبەستیەتی کابینەیەکی هەمەلایەن پێکبهێنێت تا هەموان پێکەوە ڕووبەڕووی دۆخەکان لە کوردستان و بەغدا ببنەوە تا سبەی بیانوویەک بۆ یەکێتی نەهێشتنەوە بڵێ پارتی نەیهێشت من بەشداربم، واتە ئەوە پیشاندانی نییەتپاکی پارتییە بەوەی کە هەموو لایەنەکان بەشدار بن، بۆیە ئەم چەند مانگە پارتی زۆر بە تەحەمول و ئیجابیانە مامەڵەی لەگەڵ یەکێتی کردووە.

یەکێتی تا ئێستا بەشداری کارای هەبووە

لەبارەی داواکاری یەکێتی بۆ بەشداریکردنی کارای لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئازاد جندیانی گوتی: یەکێتی تا ئێستا بەشداری کارای هەبووە لە حکوومەت هەر بۆ نموونە باسکردن لە بابەتی نەوت کاتی خۆی یەکەم سوکانی بۆریبە نەوتی کوردستان بەدەستی خودا لێخۆشبێت بەڕێز مام جەلال و هەروەها بەڕێز کاک مەسعود بوو لەبەرچاوی نوێنەرانی وڵاتان و ملیۆنان خەڵک یان نموونەیەکی تر ئەوکاتەی لەناو یەکێتی بووم، کاتێک لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بە تۆندی ڕەخنەمان لە وەزیرێکی یەکێتی دەگرت، بەڵام ڕەخنەکان لەسەر ئەوە نەبوو کە بەرنامەی یەکێتی جێبەجێنەکردووە، بەڵکو لەسەر ئەوەبوو کە لە وەزارەتەکەیدا 10 فەرمانبەری پارتی زیاترە لە فەرمانبەری یەکێتی واتە بەداخەوە تێگەیشتن لە بەشداری کارا بەمجۆرە بووە کە ژمارەی فەرمانبەری لایەنێک زیاتر بووە لەوی تر.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کێ بوون ئەوانەی لەناو یەکێتی بەشدار بوون لە دۆسیەی نەوت؟ ئازاد جندیانی گوتی: ڕۆژێک دێت ئەوانەی پشتپەردە ئاشکرا دەبن، ئەوانەی وەک من وازیان هێناوە یا تا ئێستا لە ناو یەکێتیدا ماون و وەک ئێمە بێ ئاگابوون لە دۆسیەی شەریکایەتی دۆسیەی نەوت لە ناو یەکێتی ئەگەر لیژنەیەک پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە وە جدی بوون لە لێکۆڵینەوە بانگم بکەن دەچم زانیاریەکانیان پێدەدەم.

-پارتی و کاک نێچیرڤان بارزانی دەرفەتیان بە یەکێتی دا بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبستێتەوە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا پێتان وایە هەرێمی کوردستان لەبەردەم دروستبوونی دوو ئیدارەدا بێت بە فەرمی؟ ئازاد جندیانی گوتی: ئەوکاتەی ئێمە لەناو یەکێتی بووین لە 1996 تا دوای 2000 ئێمە لەناو یەکێتی لە هەموو کەس زیاتر جەختمان لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارە دەکردەوە، بۆیە پێم وانییە لەناو سەرکردایەتیی یەکێتی دوو ئیدارەیی هەواداری زۆری هەبێت، بەڵام خۆ ئێستاش دوو ئیدارەییە بە جۆرێکی تر هەر بۆ نموونە پارتی موراعاتی یەکێتی زۆر کردووە بۆ نموونە لەو پڕۆژانەی لە سلێمانی دەکرێتەوە کاک قوباد دەچێت دەیانکاتەوە ڕاستە لەپەراوێزدا ئاماژە بە حکومەت دەکات بەڵام وەک دەسکەوتی یەکێتی پیشان دەدرێت ئەم دەرفەتەش پارتی بە تایبەت سەرۆکی حکوومەت کاک نێچیرڤان بارزانی دا بە یەکێتی تا لەو ناوچەیەی یەکێتی تووشی قەیرانی متمانەبوو ئەو حزبە لەناو بنکەی جەماوەریدا جارێکی تر یەکێتی هەستێتەوە و وزە بەخۆی بداتەوە.

ئێران دەیەوێت حەدیقەیەکی تەواو کراوەی هەبێت لە سلێمانیدا، ئێران بە ئاگایە لە بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەت. ئازاد جندیانی جەختی کردەوەش کەس ناتوانێت دوو ئیدارەیی لە کوردستاندا بچەسپێنێت، گوتی: ئەوەی بە تەنها دەتوانێت دوو ئیدارەیی بچەسپێنێت وڵاتانی هەرێمیین ئیتر تورکیایە یا ئێران بەتایبەت ئێران، چونکە ئێران دەیەوێت حەدیقەیەکی تەواوکراوەی هەبێت لە ناوچەی پشتی خۆی لە زۆنی سلێمانیدا. هەروەها گوتیشی: من پێم وایە ئەگەر ئەمە ببێتە ستراتیژی ئێران بەتایبەت بیەوێت لە ناوچەیەکی سنووری گرنگ بۆ دژایەتی ئەمەریکا دروستبکات لە زۆنی سلێمانیدا دەتوانێت ئەم حاڵەتە (دوو ئیدارەیی) فەرز بکات، ئێران دەسەڵاتی هەیە هەندێک شت فەرز بکات، من پێم وانییە ئێران بێ ئاگا بێت لە سیاسەتکردنی سلێمانی هەتا لەبەرزکردنەوەی ئاستی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێ، من پێم وانیە ئێران بێ ئاگا بێت.

-واتە ئێران داوا دەکات یەکێتی داواکاری و مەرجەکانی بۆ بەشداری لە حکوومەت بەرامبەر پارتی زۆر بکات یا ئاگادارە؟ ئازاد جندیانی بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و گوتی:

من دەڵێم ئێران بە ئاگایە لە بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکوومەت، ئیتر دوای شیکەرەوەیەکی تر بهێنن بۆتان شی بکاتەوە ئەو قسەیە واتای چی؟

پارتی برا گەورەیە، کاک مەسعودیش سەرکردەی بێ ڕکابەرە

ئازاد جندیانی وەڵامی ئەو پرسیارەشی دایەوە ئایا گۆڕان دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی یەکێتی بۆ پارتی؟ لەو ڕوەوە گوتی: وەک سەرەتا وتم من لەگەڵ دەستەواژەی نازکێشان نیم، چونکە ئەوە زیاتر شاعیرانەیە نەک سیاسییانە، بەڵام گۆڕان قەبارەی خۆی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا پارتی نازی ئەویشی کێشاوە، هەرخۆی پارتی لە ڕووی ژمارەی کورسی و ژمارەی دەنگ و هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای وەک کاک مەسعود بارزانی حساب بکەیت حزبی برا گەورەیە، ئێ برا گەورەش دەبێت کەمێ بەسۆز بێت لەگەڵ برا بچوکەکانی تر. گوتیشی: حزبی (الف) یا (با) دانی پێدا دەنێت یا نا ئەوە جیایە، بەڵام هەموو دنیا دان دەنێت بەوەی کە کاک مەسعود تاکە سەرکردەی بێ ڕکابەر و کاریزمایە لە کوردستان کە ئێستا مابێتەوە، ئیتر نازانم دوای 10 سال یا 15 سالی تر کێ دێت و دەڕوات، ئەوە جیایە، بەڵام بەڵێ پارتی برا گەورەیە و کاک مەسعودیش تاکە سەرکردەی یەکەمی کاریزما و بێ ڕکابەرە ئێستا لە کوردستان.



پەرلەمانی کوردستان لە پەیامێکدا جەژنی نەورۆزی لە کەسوکاری شەهیدان و هێزی پێشمەرگە پیرۆز کرد

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی نەورۆز پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا وێڕای پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، هاوکات ڕاشیدەگەیەنێت: هیوادارین نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی ئاشتی و پێکەوەژیان بێت، ساڵی کۆتاییهاتنی قەیرانی دارایی و ناخۆشییەکان و سەرەتای گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاوواڵتیان بێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردییەوە، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان دەکەین.

هیوادارین نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی ئاشتی و پێکەوەژیان بێ، ساڵی کۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی و ناخۆشییەکان و سەرەتای گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاوواڵتیان بێ. خوازیارین ساڵی نوێی کوردی مژدەبەخشی قۆناغێکی تازەی پێکەوەکارکردنی هێزە سیاسییەکان و تەواوی پێکهاتەکان بێت، لەپێناو قوواڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و هەماهەنگی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێم و پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نەورۆز، جەژنی سەرکەوتن و بەرخودانە لە دژی زوڵم و ستەمی داگیرکەران، 20ی ئازاری 1991 ڕۆژێکی پرشنگدارە لە میژووی خەباتی گەلی کوردستان، کە لە سایەی هاوخەباتی و یەکڕیزی گەلەکەمان، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ شاری کەرکووک لەژێر دەستی ڕژێمی بەعسی فاشی ڕزگارکرا.

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە تەواوی پێکهاتەکانی شارەکە دەکەین، داوا لە حکوومەتی فیدراڵ دەکەین، پەلە بکات لە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005 جارێکی تر جەژنی نەورۆزتان پیرۆز.. هەموو ساڵ بەخێروخۆشی.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
2019/3/20

پەرلەمانی کوردستان لە پەیامێکدا هاوخەمی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکەی مووسڵ دەردەبڕێت

وەکچۆن لە شەڕی داعشدا دەرگەی کوردستان بۆ هاووڵاتییانی مووسڵ کراوە بووە ئێستاش کوردستان ئامادەیی هەر هاوکارییەکی هەیە

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە بۆنەی ژێرئاوکەوتنی بەلەمە گەشتیارییەکەی مووسڵ، ڕۆژی پێنجشەممە 2019/3/19 پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەشدا ڕایدەگەیەنێت: لە ئێستادا دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم ئامادەیی بە هاناوچوون و چارەسەری هەموو بریندارانی هەیە بۆ لیقەوماوانی ئەم کارەساتە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، ئەمڕۆ لە ئاکامی وەرگەڕانی بەلەمێک لە ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ کە ژمارەیەک لە قوربانی و بریندار لێکەوتەوە. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان ئاڕاستەی کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزینە و دانیشتیوانی شاری مووسڵ و دەوروبەری دەکەین. هەروەها ڕایدەگەیەنین وەک چۆن لە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەرگای کوردستان بۆ خەڵکی مەدەنی شاری مووسڵ کراوە بووە، لە ئێستاشدا دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم ئامادەیی بەهاناوچوون و چارەسەری هەموو بریندارانی هەیە بۆ لیقەوماوانی ئەم کارەساتە و هاوسۆزی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و لە خودای گەورە داواکارین قوربانیان بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و شیفای خێرای بریندانیش بدات.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بۆ ڕادیۆی زاگرۆس

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی 13ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی "ڕادیۆی زاگرۆس" پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و تیکڕای کارمەندانی ڕادیۆی زاگرۆس کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و تیکڕای کارمەندانی ڕادیۆی زاگرۆس..

بەبۆنەی 13ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی "ڕادیۆی زاگرۆس" گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بیسەرانی ڕادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین، ئومێدی بەردەوامیتان بۆ دەخوازین و، داواکارین وەک هەمیشە و بە هەمان پەیامی بەڕێسانە و دڵسۆزانەتان خزمەتی زیاتر و بەرچاوتر بە بواری میدیایی و کولتووری و ڕۆشنبیری بگەیەنن.

ڕادیۆی زاگرۆس بە شانازیەوە، لەو تەمەنەی کار و بەخششی دا بەو پەیام و پڕۆگرامەی خۆی توانیویەتی جێدەستی بەسەر ئەو پانتاییە بکاتەوە و هەمیشە دەنگێکی جیاواز و زوڵاڵ بێت لە گوزارشتکردن و گەیاندنی خواست و ویستی گەلەکەمان.

خوازیارین لەو بۆنەیەدا زیاتر و لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەوپێش بچن و شانبەشانی کەنالەکانی دیکەی میدیایی ڕۆڵی ئەرێنیانەی خۆتان بۆ خستنەڕووی ڕەوایی کێشە سیاسیەکەمان و فاکتەرێکی ئەکتیڤی ئەو تەرک و پەیامە پیرۆزەی خۆتان بن.

لەم یادەدا جەخت لەسەر پالپشتی و پشتیوانی بەردوامی خۆمان بۆ ڕادیۆی زاگرۆس دەکەینەوە و بە هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان.. هەر سەرکەوتوو بن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/3/21

چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجامدران

لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا مەشخەڵی ئاگری نەورۆز هەڵکرا





نەورۆز لە ڕۆژئمێری کوردیدا بە یەکەم ڕۆژی ساڵ دادەنرێ و زۆربەک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن. کورد لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لێکتر دەکەن و لە شوێنە بەرزەکان ئاگر دەکرێتەوە. جگە لەوەش، نەورۆز بە مانای نەمانی سەرما و سۆڵ و ژیانەوەی سروشت و بەیەکەمین ڕۆژی بەهار دادەنرێت. بەو بۆنەویەوە ڕۆژی چوارشەممە 2019/3/20 لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوە و چەند چالاکییەکی جۆراوجۆریش بەم بۆنەوە ئەنجامدران. بەئامادەبوونی پاریزگاری هەولێر، نەوزاد هادی لە پەیامێکدا هەولێر، پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی لە پەیامێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن. کورد لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لێکتر دەکەن و لە شوێنە بەرزەکان ئاگر دەکرێتەوە. جگە لەوەش، نەورۆز بە مانای نەمانی سەرما و سۆڵ و ژیانەوەی سروشت و بەیەکەمین ڕۆژی بەهار دادەنرێت. بەو بۆنەویەوە ڕۆژی چوارشەممە 2019/3/20 لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوە و چەند چالاکییەکی جۆراوجۆریش بەم بۆنەوە ئەنجامدران. بەئامادەبوونی پاریزگاری هەولێر، نەوزاد هادی و ژمارەیەک لە کۆنسولی وڵاتان لە هەرێم و هونەرمەندان و هاوڵاتیان و میوانانی شارەکە، بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر کرایەوە. لە شاری هەولێر، پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی لە پەیامێکدا ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی. لە دەستپێکی ڕێورەسمەکەدا بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ئامادەبووان ڕاوەستان و، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەبەشداری چەند هونەرمەندێکی شاری هەولێر کۆنسێرتێک پێشکەشکرا. لە کاتژمێر 6 لە پارکی شانەدەر مەشخەڵی نەورۆز هەڵکرا. بەبۆنەی یادەکانی ئاداروو نەورۆز لقی16ی هەولێر ئاهەنگێکی جەماوەری سازکرد. بەبۆنەی یادەکانی ئاداروو نەورۆز و بۆ بەرز ڕاگرتنی بۆنە نیشتمانی و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن. کورد لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لێکتر دەکەن و لە شوێنە بەرزەکان ئاگر دەکرێتەوە. جگە لەوەش، نەورۆز بە مانای نەمانی سەرما و سۆڵ و ژیانەوەی سروشت و بەیەکەمین ڕۆژی بەهار دادەنرێت. بەو بۆنەویەوە ڕۆژی چوارشەممە 2019/3/20 لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوە و چەند چالاکییەکی جۆراوجۆریش بەم بۆنەوە ئەنجامدران. هاوکات لە سیدەکانیش لە ژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەکەوە، تۆڕی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی سیدەکان بە هەماهەنگیی سەنتەری ڕۆشنبیری، هەڵسا بە هەڵکردنی مەشخەڵی ئاگری جەژنی نەورۆز و ئەنجامدانی ئاهەنگێکی جەماوەری لە سەنتەری شارۆچکەکە. لە چیای قەرەچۆغ سەربە قەزای مەخمور، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و جەماوەری ناوچەی مەخموورو قەراج کرایەوە.لە سەر ئاستی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کوردستانیان لە دەرەوەی وڵات خەریکی خۆ ئاماده کردن بۆ ئاهەنگی نەورۆز، بە کڕینی جل و بەرگی کوردی و پلان دانان بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکان سەرقاڵن و دڵخۆشن کە هەڵکی کوردستان ئەمساڵ باروودۆخیان لە چەند ساڵی ڕابردوو باشترە.

شاخی سەری ئاکرێ مەشخەلی ئاگرێ نەورۆز کرایەوە و ڕێورەسمی تایبەتی بۆی ڕێکخرابوو. 1250 مەشخەڵ کە ئاکرەییەکان پێی دەڵێن خێتر ئامادەکران و ئەم ئێوارەیە برانە چوار شوێنی ئاکرێ، کە پێکهاتوون لە: گردی تۆپێ، گردی کەلێ، کەلە کەڤنێ و سەری تیژێ. بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری ئاکرێ، کاوە زوهێر کە هاوکات گوتەبێژی فێستیڤاڵی نەورۆزی ئاکرێیە لە لێدوانێکدا گوتی: ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ئاکرێ سەرپەرشتی فێستیڤاڵی نەورۆزی ئاکرێ دەکەین، ئەمساڵ ڕێوەڕەسمەکە بە پەردە لادان لەسەر پەیکەری نەورۆز لە دەروازەی ئاکرێ دەستی پێکرد و دواتریش ڕێوەڕەسمەکانی ئاگر کردنەوەی جەژنی نەورۆز ئەنجامدران. لە کەرکووکیش مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوەو لە ڕێورەسمێکدا لەسەر قەڵای کەرکووک مەشخەڵی ئاگری نەورۆز ئاواڕەکان بۆ هەرێمی کوردستان، کە لە ساڵانی ڕابردوو و هاتنی بەردەوامی گەشتیاران ئاشنایەتی و لێکنزیکبونەوەیان دروست کردووە. هەروەها نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و گەشتیارانی ناوخۆی عێراق و بیانی بەشداری جەژنی نەورۆز دەکەن و ژمارەیەکیشیان جلوبەرگی کوردیان پۆشی. هەروەها لە شاری سلێمانی، ئەمساڵ لە گردی مامەیارە، کە گۆڕی پیرەمێردی شاعیر لەسەر بەخاکسپێردراوە، ئاگری نەورۆز کرایەوە و هەروەها دوای کردنەوەی ئاگری نەورۆز هاونیشتمانیانی شاری سلێمانی بە جلوبەرگی ڕەسمی کوردەواریەوە لە شەقامی سالم سەهۆڵەکە خۆشی و شادیان دەربڕی. لە ئاکرێ- ش جەژنی نەڕۆزی ئەمساڵ ئامادەکاری زۆری بۆ کرابوو، کە هەزاران کەس بۆ بەسەربردنی ئێوارەی نەورۆز ڕوویان کردە ئەو قەزایەو لە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان بەئامادەبوونی بڵێندگۆ تەوە تەواوی هاونیشتمانیانمان بکەین. دواتر وەک هێمایەک بۆ سەرکەوتن و کۆتایی هێنان بەزوڵم و ستەمی زۆردارو داگیرکەران ئاگری نەورۆز هەڵکراو بڵێسەی بەرەو ئاسمان بەرز بوویەوەو بەم بۆنەیەوە لەلایەن هونەرمەندان و تیپە بەشداربووەکانی ئاهەنگەکەدا چەندین ئۆپەرێت پێشکەشکران و لەنێو چەپڵە ڕێزان و شایی و هەڵپەڕکێ ی جەماوەری دڵ گەرمی بەشداربوودا بەگۆرانی و مۆسیقا ئاهەنگەکە دڕێژەی پێدرا کە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان. هەروەها ژمارەیەک چالاکی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دران، جگەلە نەتەوەی کورد نەتەوەکانی تریش لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بەشداری ئەم یادە دەکەن، بەتایبەت ئەو ژمارە زۆرەی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەسەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی سنوورەکە، لقی16ی هەولێر بەهەماهەنگی سەنتەری ڕۆشنبیری پێرمام ئاهەنگێکی جەماوەری بەرفراوانی سازکرد. لەدەسپێکی ئاهەنگەکەدا بەرپرسی لقی16 تیشکی خستەسەر بەشێک لە یادەکانی ئادارو نەورۆز کە ئەم مانگە بۆ میللەتەکەمان پڕاوپڕە لەیادوو بۆنەی خۆش و ناخۆش کە هەموویان بەیەکەوە بوونەتە ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەمان دژی زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان، بۆیە خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین لێرەدا بەبۆنەی یادەکانی ئادارو جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی هاونیشتمانیانمان پیرۆزبایی لە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە کرد و هیوای خواست کە ئەم جەژنە ببێتە مایەی ئاشتی و تەبایی لە ناوچەکەدا و، سوپاسی خۆڕاگریی هاوڵاتییانیشی کرد سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی. لە دەستپێکی ڕێورەسمەکەدا بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ئامادەبووان ڕاوەستان و، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەبەشداری چەند هونەرمەندێکی شاری هەولێر کۆنسێرتێک پێشکەشکرا. لە کاتژمێر 6 لە پارکی شانەدەر مەشخەڵی نەورۆز هەڵکرا. بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز لقی16ی هەولێر ئاهەنگێکی جەماوەری سازکرد. بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز و بۆ بەرز ڕاگرتنی بۆنە نیشتمانی و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن. کورد لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لێکتر دەکەن و لە شوێنە بەرزەکان ئاگر دەکرێتەوە. جگە لەوەش، نەورۆز بە مانای نەمانی سەرما و سۆڵ و ژیانەوەی سروشت و بەیەکەمین ڕۆژی بەهار دادەنرێت. بەو بۆنەویەوە ڕۆژی چوارشەممە 2019/3/20 لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوە و چەند چالاکییەکی جۆراوجۆریش بەم بۆنەوە ئەنجامدران. بەئامادەبوونی پاریزگاری هەولێر، نەوزاد هادی و ژمارەیەک لە کۆنسولی وڵاتان لە هەرێم و هونەرمەندان و هاوڵاتیان و میوانانی شارەکە، بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر کرایەوە. لە شاری هەولێر، پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی لە پەیامێکدا ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی. لە دەستپێکی ڕێورەسمەکەدا بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ئامادەبووان ڕاوەستان و، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەبەشداری چەند هونەرمەندێکی شاری هەولێر کۆنسێرتێک پێشکەشکرا. لە کاتژمێر 6 لە پارکی شانەدەر مەشخەڵی نەورۆز هەڵکرا. بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز لقی16ی هەولێر ئاهەنگێکی جەماوەری سازکرد. بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز و بۆ بەرز ڕاگرتنی بۆنە نیشتمانی و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانن. کورد لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لێکتر دەکەن و لە شوێنە بەرزەکان ئاگر دەکرێتەوە. جگە لەوەش، نەورۆز بە مانای نەمانی سەرما و سۆڵ و ژیانەوەی سروشت و بەیەکەمین ڕۆژی بەهار دادەنرێت. بەو بۆنەویەوە ڕۆژی چوارشەممە 2019/3/20 لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز کرایەوە و چەند چالاکییەکی جۆراوجۆریش بەم بۆنەوە ئەنجامدران. بەئامادەبوونی پاریزگاری هەولێر، نەوزاد هادی و ژمارەیەک لە کۆنسولی وڵاتان لە هەرێم و هونەرمەندان و هاوڵاتیان و میوانانی شارەکە، بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لە پارکی شانەدەر لە شاری

هاوڵاتیان: بە نەمانی پاشەکەوتی مووچە، نەورۆزی ئەمساڵ خۆشترە و خەڵکێکی زیاتر هاتوونەتە دەرەوە



ڕاپۆرت- سەید فاتیح بەرزنجی: فۆتۆ-سەید فەخرەدین:
بەر لەهاتنی جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوەیی گەلی کورد، بازاڕی جلی کوردی پیاوان و ئافرەتان گەرمبوو و هاوڵاتیان بەجۆش و خرۆشەوە خۆیان بۆ ئەو جەژنە ئامادەکر و ڕووبیان لەو دەشت و دەرەکردو هەموو سەیرانگاکان پڕبوون لە گەشتیاری کوردو عەرەب و هاوڵاتیانیش بەدەم خواردن و هەڵپەڕکێ بەجلی کوردی ئەو دەشت و دەرەیان ڕازاندبووەوە بۆ پیرۆزبایی کردن لە هاوڵاتیان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ڕۆژی پێنج شەممە سەرۆک مەسعود بارزانی سەردانی هاوینەهەواری سۆران و ڕەواندزی کردو هاوڵاتیانیش بەو سەردانەی سەرۆک بارزانی زۆر دڵخۆش و بەختەوەربوون.

دیارە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ گوڕوتینێکی گەورەی بە هاوڵاتیان بەخشی ئەوەلەلایەک، لەلایەکی دیکەیش هاتنی ئەو هەموو گەشتیارە عەرەبانە بۆ هاوینەهەوارەکان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز سەرنجی هەموو جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ژمارەی گەشتیاران بۆ کوردستان ڕووی لەزیاد بوون کردووە سەرکەوتنی ئەو کارەش بۆ ئەو پلانە گرنگەی وەزارەتی شارەوانی دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دایڕشتووە بۆ هێنانی گەشتیاری زیاتر بۆکوردستان سەبارەت بە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان لەجەژنی نەورۆز ئامادەکرد.

لە جەژنی نەورۆزدا نرخی بەنزین گران بوو

لەگەڵ هاتنە جەچنی نەورۆز نرخی بەنزین گران بوو ئەویش لەبەر یادەکانی ئادارو نەورۆز بوو بۆیە نرخی بەنزین لە ژمارەیەک بەنزینخانە لە 575دینارەوە بوو بە 635 دینار و هاتنی ئەو هەموو گەشتیارانەو چوونی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو دەشت و دەرو سەیرانگایانە وای کرد نرخەکە بەرزبێتەوە. مامۆستا عەلی لە سەیرانگای هەنارە گوتی: نەورۆزی ئەمساڵ بۆ فەرمانبەران و بۆ هاوڵاتیان بوو بە دووجەژن، لەبەر ئەوەی کە پاشەکەوتی مووچە نامانە ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەیش حکومەتی هەرێم لەپلانی دایە کە هەموو پڕۆژەکان دەست پێ بکاتەوەو قەیرانی دارایش کۆتایی پێبهات. وەستا ستاریش لە سەیرانگای هەنارە گوتی: هەموو خەڵکی کوردستان سوپاسی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەن کە توانی پاشەکەوتی مووچە لابدات وادیارە ڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ گەلی کورد هەڵدێت و هەموو میللەتی کورد شانازی بە سەرۆک بارزانی دەکەن و نەورۆزی ئەمساڵ زۆر خۆشترو بەجۆش و خرۆشتربوو. مام خدری تەمەن 65 ساڵان لە سەیرانگای خانزاد گوتی: زۆربەختەوەرو خۆشحاڵین کە لە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ چەندین دەسکەوتی گەورە بە هەوڵ و هیممەتی سەرۆک بارزانی هاتە دی، هیوادارین دەسکەوتی زیاتر بێتەدی بۆ گەلی کورد بۆیە ئەو نەورۆزە زۆر خۆشترە لەبەر ئەوەی پاشەکوتی مووچەش نەماو هەموو خەڵکی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵ ڕازین.

سەرکەوت هادی لە سەیرانگای شێرەسوار گوتی: بەڕاستی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ زۆر خۆشترببو لەبەر ئەوەی داهاتی خەڵکی بە نەمانی پاشەکەوتی مووچە زۆر باشتربوو. وەستا سامانی بەرگدرووش گوتی: لەهەرسێ ڕۆژی جەژنی نەورۆز سەردانی سەیرانگای شێرە سوارم کرد لەگەڵ خانەوادەو خزم کەسان بەڕاستی نەورۆزی ئەمساڵ خۆشی و شادی بوو هەموو هاوینەهەوارو سەیرانگاکان پڕبوون لە گەشتیارو شان بەشانی خەڵکی کوردستان گەشتیارانی عەرەب ئەو جەژنەیان بە شادی کردەوە

کامەران حوسێن لەگەڵ خانەوادەکەی سەردانی سەیرانگای خانزادی کردبوو گوتی: نازانم چۆن هەستی خۆم دەربڕم لەبەر ئەوەی نەورۆزی ئەمساڵ بەختەوەری زیاتری بەهاوڵاتیان بەخشی و نەورۆزێکی زۆر خۆشبوو هەموو خەڵکی لەدەرەوە بوون

چەندین ڕێنمایی گرنگ لە جەژنی نەورۆز بە هاوڵاتیان درا

ڕۆژێک بەر لەهاتنە جەژنی نەورۆز بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگە پارێزی هەولێر بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر و ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی و کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی شار توانرا هەڵمەتی خاوێنکردنەوەیان دەست پێکرد و لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزیش بەو هەڵمەتە درێژەی هەبوو. ئاسۆ نیعمەت لێپرسراوی خزمەتگوزاری شارەوانی ینگەپارێزی گوتی: بەهاوکاری ئەوقاف و ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوە توانیمان بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژین بۆ شوێنە گەشتیاریەکان تا بتوانین ئەو شوێنانە خاوێن بکەینەوە و عەلاگەش بە هاوڵاتیان بدەین تا پاشماوەی خواردنەکانیان لە شوێنە گەشتیاریەکان فڕێ نەدەن جگەلەوەش لەلایەن مامۆستایانی ئایینیەوە چەندین ڕێنمایی گرنگ بە هاوڵاتیان درا بۆ پاکڕاگرتنی شوێنە گەشتیاریەکان دواتر سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێریش گوتی: بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگە پارێزی هەولێر بەرنامەیەکی تۆکمەمان دارشت تا ئامۆژگاری هاوڵاتیان بکەینەوە بۆ پاک و خاوێن ڕاگرتنی شوێنە گەشتیاریەکان بۆیە داوایان لێ دەکەین کە هەگیز هەوڵی پیس کردنی سەیرانگاکان نەدەن و پاک و خاوێنی بپارێزن.

هەولێر... شەقامی 120 مەتری دەکرێتەوە و دەست بە شەقامی 150 مەتری دەکرێت



شارەوانی هەولێر لەبارەی دواکەوتنی کردنەوەی شەقامی 120 مەتری شاری هەولێر دەڵێ، لە ئایندەیەکی نزیکدا شەقامەکە دەکرێتەوە و گوتەبێژی شارەوانیش دەڵێ، ڕەوشی دارایی باشبێت دەست بە شەقامی 150 مەتری دەکەین. گوتەبێژی شارەوانی هەولێر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، هەرچەندە بڕیاربوو پێش ماوەیەک بەشێکی سەرەکی شەقامی 120 مەتری هەولێر بکرێتەوە، بەڵام پڕۆژەکە لەکۆتایی دایە و بڕیارە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی کردنەوەی شەقامی 120 مەتری دیاری نەکراوە بێگومان ئێمە هەر ئەوە دەڵێین لە ئایندەیەکی نزیکدا لە شەقامی کۆیە بۆ ڕێگای کەرکووک تەواوبووە و بەڕووی هاووڵاتیاندا دەکرێتەوە.

لەبارەی شەقامی 150 مەتریش گوتەبێژی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر گوتی، پڕۆژەی شەقامی 150 مەتری یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژیەکانی کوردستان و بەردی بناغەی داندراوە، حکوومەت لە هەوڵدایە دوای تەواوبوونی شەقامی 120 مەترسی دەست بە دروستکردنی پڕۆژەی شەقامی 150 مەتریش بکات.

کرمانج دەشتەکی گوتیشی، شەقامی 150 مەتری هەولێر دەباتە قۆناغێکی دیکەوە، چونکە دەبێتە گەورەترین شەقامی شاری هەولێر و بەدەوری شاردا دەچێت و کارئاسانی بۆ هاوواڵتیان دەکات، جگە لەوەش جەنجاڵی و قەرەباڵغی نێو شار کەمدەکاتەوە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پیزانینی خۆمان ئاراستەی هەر یەک لە بەریزان بەرپرسانی حکومی و ئیداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیاو ماقولان و ڕیشسپیان و پیاوانی ئاینی و کەسایەتیەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و دادوەران و پاریزەران و مافپەروەران و مامۆستایانی زانکۆ لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سۆران و هەڵەبجە و موسڵ و بەرپرسی هەموو حزبەکانی کوردستان و وەزیرە بەریزەکان و پەرلەمانتاران و هونەرمەدان و وەرزشوانان و ڕۆژنامونووسان و کاسبکاران و سەرجەم تویژەکانی دیکە کە لە ڕۆژانینەخۆشخانە و کۆچی دوایی و سەرقەبران و ناشتن وپرسەی خوالیخۆشبوو حاجی (سەباح حاجی سەعدی تورشیچی) سەردانیان کردین و هاوخەمی خۆیان بۆ ئیمە دەربڕی، یان ئەوانەی لە دەرەوەی ولات بە تەلەفۆن و نامە تازیەباری خۆیان ڕاگەیاند و پرسەکەیان بەهی خۆیان زانی و لە خەم و پەژارەی ئێمەیان کەم کردەوە، خوای گەورە پاداشتی بەخیری هەموو لایەک بداتەوە و لە خوای گەورە دەپارێینەوە و هیچ ناخۆشیەک نەبینە ڕیگایان و خوالیخۆشبوو بە بەهەشتی پان و بەرینی خۆی شاد بکات.

زوبیر حاجی سەعدی تورشیچی
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

پێدانی کارەبای نیشتمانی

بۆ زیاتر لە 15 کاتژمێر زیاد دەبێت



بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پێدانی کارەبای نیشتمانی بۆ زیاتر لە 15 کاژێر زیاد بووە گوتیشی هۆکاری سەرەکی زیادبوونی کاژێرەکانی کارەبا، بۆ دابەزینی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا دەگەڕێتەوە. ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: دابەزینی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا بووەتە هۆی زیادبوونی کاژێرەکانی کارەبا ?پێشتر لە وەرزی زستان خواست بۆ 6500 مێگاوات بەرزبووەوە، بەڵام بە چەند قۆناخێک خواست بۆ نزیکەی 4700 مێگاوات دابەزیوە.


بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو، ئێستا کاژێرەکانی پێدانی کارەبا بۆ زیاتر لە 15 کاژێر بەرزبووەتەوە لە ڕۆژانی داهاتوو زیاتریش دەبێت.

وەزارەتی کارەبا زیاتر لە 1 ملیۆن و 500 هەزار هاوبەشی هەیە. ئێستا بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 3000 مێگاواتە و خواستیش بەپێی وەرزەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەرزترین خواستیش لەم سەرەتای وەرزی بەهاردا بۆ 4700 مێگاوات دابەزیوە کە پێشتر لە وەرزی زستاندا بۆ زیاتر لە 6500 مێگاوات بەرزبووەوە.

زیاتر لە هەزار یەکەی دیکەی نیشتەجێبوون لە کەلار دروست دەکرێ

خەبات- سەبریە یوسف: پڕۆژەیەکی دیکەی نیشتەجێبون کە 1750 یەکەیە لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دروستدەکرێت و سەرۆکی شارەوانی کەلاریش دەڵێت: ئەو کەسانەی لە پڕۆژەکانی دیکە سودمەند نەبون دەتوانن لەم پڕۆژەیە سودمەندبن. لەو بارەوە، ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: پڕۆژەکە لە بەرزاییەکانی بەردەسور دروستدەکرێت و تایبەتە بە چین و تویژەکان و فەرمانبەران. وتیشی: پڕۆژەکە مۆڵەتی بۆ وەرگیراوە و بەمنزیکانە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.ئەو لێدوانەی سەرۆکی شارەوانی کەلار لەکاتێکدایە لە ئێستادا پڕۆژەی دەشتی بەهەشتی کەلار کە تایبەت بە مامۆستایان لە بواری جێ بەجێکردندایە.

فروکێن جەنگی یێن تورکیا هێرشێ دکەنە سەر گوندی شەرانش ل زاخو



خەبات- زاخو: فروکەیێن جەنگی یێن تورکیا هێرش کرنە سەر گوندی شەرانش ل دەڤەرا زاخو، وزیانێن بەچاڤ گەهاندینە خانی یێن ولاتیان.

ئاکنجێن گوندی شەرانش یێ کو دکەڤیتە باکورێ زاخو دیار کرن کو ل سپێدەهیا ڕوژا 23ێ ئادارێ فروکەیێن جەنگی یێن تورکیا هێرشکرنە سەر گوندێ شەرانش ودئەنجام دا زیانێن بەرچاڤ گەهاندی نە خانی وئوتومبێلێن هاولاتیان و خەلکێ گوندی دیار کرن کو چەکدارێن pkk نەهاتینە دگوندێ وان دا و ئەوان هیچ پەیوەندی یەک دگەل وان چەکداران نینە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بەڕێز کاک ئانۆ جەوهەر عەبدۆکا
بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو سارا تۆما عەلی بەک هاوژینی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولەسیح ئیلیا عەبدۆکا و داپیری بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.
خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالیخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و ڕۆحی خوالێخۆشبوو شاد بێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

هەڤالێ بەڕێز شێرکۆ تۆفیق
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو تۆفیق نامیقی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤالانی خوالیخۆشبوو دەکەین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***


بەڕێزان خانەوادەی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر حەمید ئاغای کاکە زیادی کۆیە
هەڤالێ بەڕێز هەندرێن حەمید ئاغا
دڵگران بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر حەمید ئاغای کاکە زیادی کۆیە. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین.
کۆچی دوایی کەسایەتی نیشتیمانپەروەری شاری کۆیە حەمید ئاغای کاکەزیاد غەفوری زیانێکی گەورەیە، هیواخوازین هاوخەمیی ئێمەودۆست و ئازیزانی ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.
دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین بێت.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

هێزی پێشمەرگە نەیهێشت تیرۆرستانی داعش خاپووری بکات

دێر مارمەتێ کۆنترین دێر لە جیهان بۆتە شوێنێکی گەشتیاری

دێر مارمەتێ هەزار و 700 ساڵ پێش ئێستا دروستکراوە

دێر مارمەتێ یەکێک لە کۆنترین دێری کریستیانە سریانییەکان لە عێراق و جیهان ساڵانە لە وەرزی بەهاردا گەشتیارانی مەسیحی، موسلمان، ئێزدی و کاکەیی پێکەوە کۆدەکاتەوە. کورد، عەرەب و تورکمان پێکەوە بە تەبایی بەبێ بوونی هیچ ناکۆکییەک بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەم بەهاردا سەردانی دێری مارمەتێ دەکەن تا لەو شوێنە دڵڕفێنە کاتێکی خۆش و دوور لە جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانەی شاردا بەسەر ببەن و بێتاقەتی خۆیان لەوێ کەم بکەنەوەو چێژ لە دیمەنە سروشتیە جوانیەکەی وەرگرن.





دێر مارمەتێ دەکەوێتە دامێنی چیای مەقلوب، هەڵکەوتەی جوگرافی دێرەکە دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی بە خودی دێر مارمەتێ و دەوروبەری بەخشیوە، هەر ئەمەیش وایکردووە گەشتیاران لە نێوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە وڵاتی دروانێ و ڕۆژئاوا گەشت بۆ ئەم ناوچەیە بکەن. مێژووی دروستکردنی دێر مارمەتێ دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزار و 700 ساڵ، لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی لە نێوان ساڵانی 361 بۆ 363. نزیکەی 300 ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەت دروستکراوە، بەپێی کۆکردنەوەی ئەو بەڵگە و دیکیۆمێنتانەی لەلایەن ڕەهبانەکانی دێرەکە کۆکراوەتەوە یەکێکە لە کۆنترین دێرەکان لە عێراق و جیهان. لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکان لە عێراق، 25 ڕەهبان لەم دیردا بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆ گرتووە، دیارترینیان ڕەهبان مار دانیال، مار زاکای و مار ئەبروهوم بوون.

ڕەهبانی ئێستای دێر مارمەتێ بەناوی یوسف ئیبراهیم لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی: ئەم دێرە کۆنترین دێرە لە عێراق و جیهان ساڵانە لە وەرزی بەهار تایبەت لە بۆنەی نەورۆزدا گەشتیاری زۆر ڕووی تێدەکەن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش. گوتیشی: گەشتیارانی نێوخۆیی لە پێکهاتەی ئایینی مەسیحی، موسلمان، ئێزدی و کاکەیی و هەموو پێکهاتە ئایینەکانی دیکەی عێراق سەردانی دێر مارمەتێ دەکەن و هەروەها پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک کورد، عەرەب و تورکمان بە شیعە و سوننەوە سەردانی ئەم دێرە دەکەن و کاتی خۆش لەگەڵ خانەوادەکەیان بەسەر دەبەن. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ئابی ساڵی 2014 هەڵستان بە پاراستنی دێر مارمەتێ لە چەکدارانی داعش و هێزێکی زۆر لە ناوچە بڵاوەیان پێکرا و بۆ ئەوەی داعش ئەم دێرە هاوشێوەی کلێساکانی دیکەی عێراق نەتەقێنێتەوە.




ئەم بابەتە (بیروبۆچوونی کوردناسان لەبارەی مەلامستەفا بارزانی)یە کە رۆژنامە خەبات لە 40ـەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان (مەلامستەفا بارزانی) لە چەند بەشێک بڵاوی دەکاتەوە، بریتییە لە تۆژینەوەیەکی زانستی کە تۆژەر دانا خۆرشید ڕۆستەم (دانا گولیجەیی)، بە سەرپەرشتی د.کەیوان ئازاد ئەنوەر ئامادەی کردووە دەربارەی (بیروبۆچوونی کوردناسان لەبارەی مەلامستەفا بارزانی) لە زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زانستە مرۆییەکان بەشی مێژوو. ئەم تۆژینەوەیە ڕاو بیروبۆچوونی چەندین بیرمەند و پسپۆر و کەسایەتیی سیاسی و سەربازی و شارەزایانی بواری دیپلۆماسی و ڕۆژهەلاتی ناوەراست و جیهانی لەخۆگرتووە، لەم تۆژینەوەیەدا، تۆژەر بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و مێژوویی بیروبۆچوونەکانی خستۆتەڕوو.

خەبات/ کاروباری کوردستانی

11 و کۆتایی

بیروبۆچوونی کوردناسان لەبارەی مەلامستەفای بارزانی



تۆژەر/ دانا گولیجەیی

(ئەبولحەسەن تەفرشیان) لە بیرەوەری ساڵی (1945) یدا نووسیویەتی : ژیانی مەلامستەفا بارزانی و ئاکاری جوان و ساکاریی بارزانی بە شێوەیەک بوو کە بارزانییەکان بەگشتی خۆشیان دەویست، بارزانی لەگەڵ چەکدارەکانیدا لەسەر یەک خوان نانی دەخوارد , کاتی شەڕ لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگە لە پێشەوە بوو. لەناو سەنگەریان دەنووست. (تەفرشیان) لە شوێنێکی تردا نووسیویەتی: بارزانییەکان زۆر ئازابوون , بەڵام بیر و شارەزای مەلا مستەفای بارزانی ببووە مایەی سەرکەوتنیان ... بارزانی لە پیلاندانانی شەڕدا زۆر زانابوو ,ئێمەی ئەفسەری ئێرانی کە لە زانکۆ دەرچووبووین، ئەزموونی جەنگیشمان هەبوو، بەڵام لە پلاندانان وەک ئەومان لێنەدەزانی .(120).

هەر لەبارەی ئازایی و زیرەکی و بە جەرگی (مەلا مستەفا بارزانی)یەوە، سەرۆکی بااڵی ئەرکانی سوپای ئێرانی لە تۆماڕێکدا نووسیویەتی : سوپای ئێرانی هەرگیز ڕووبەڕووی دوژمنێکی ئاوا بەتوانا و بەهێز نەبۆتەوە ,هەر ئەمەش بوو وای کرد کە شای ئێران فەرمانی دا ڕێتوشوێنی توند بگیرێتە بەر دژی بارزانییەکان، لە فەرمانە ڕاگەیاندراوەکانیدا هاتبوو: کە "لەبەرواری (3/3/1947) کۆتایی پێ بێت . بۆ ئەوەی هەرچی زووە وادەیەک دابنرێ بۆ ئەو بارودۆخە شەرمەزاریەی سوپای ئێران خۆی لەم بارودۆخە بینیوەتەوە , نابێت ڕێگە بدرێت کە بارزانییەکان بواری ڕاکردنیان لەبەردەمدا بهێڵدرێتەوە. لە ئەنجامی تێکشکانی سوپای ئێران و زەرەر و زیانێکی زۆر، بارزانییەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی تواناییان لە سنوورەکانی ئێرانەوە بپەڕنەوە .(121). هەروەها (دکتۆر عادل تەقی عەبد محمد ئەلبەلداوی) وەک ئەکادیمست و نووسەرێک لە بەرهەمێکدا بەناوی (تێکۆشانی گەلی کورد و پێگەی بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی عێراقدا) نووسیویەتی : ئەو شوێنەوارەی بارزانی لەسەر ئاستی سەرکردایەتییەکەی بۆ کێشەی کورد بەجێی هێشتووە ,بۆ ماوەیەکە، دەخوازێت هەموو سەرکردایەکی بوێر و ئازای کورد لە داهاتوودا بۆ سەرخستنی کێشەکەیان پیادەی بکەن .(122).

) ئێدوارد سائیب) ڕۆژنامەنوسی لوبنانی دەربارەی بارزانی لە ڕاپۆرتێکی نووسیویەتی: بارزانی دەسەاڵتدارانی حکومەتی عێراقی لە بەرامبەر پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی (11ئاداری 1970) تۆمەتبار کرد بەوەی متمانەی خۆیان لە دەستداوە. بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەیەک کە کۆتایی بە شەڕی نێوان کوردەکان و حکومەتی عێراقی هێناوە , هەروەها (ئێدوارد سائیب) دەڵێت: ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی عێراقی بوو، بارزانی ناچارکرد بیر لە هەڵگیرساندنەوەی ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی عێراق و سەرانی ئەو کاتەی حکومەت بکاتەوە. ئەم هەڵوێستانەی عێراق بێمتمانەیی و بەدگومانی لای (مستەفا بارزانی) قۆڵ کردەوە بەرامبەر حکوومەتی عێراق .(123).

هەر لە بارەی (مەلا مستەفا) وە جارێکی تر(عەمید بێگلەری) نووسیویەتی : (مەلا مستەفا بارزانی) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی بارزانی لە خۆبە دەستەوەدان دەپارێزن ,لە واقیعدا شتێکی زۆر سەیرە! ئەمە چ هێزێکە ؟! لەو پیاوەدا هەیە کە پاش چوار ساڵ دەربەدەری و دوو ساڵ لەگەڵ یەکەکانی سوپای عێراقدا لە جەنگدا بووە و دوو سالەکەی تریش لە ئێران یا لە حاڵی ئامادەیی بۆ جەنگ یان لە جەنگدا بووە ,کەچی دیسانەوە پێشمەرگە و هەڤاڵانی ئاوا دڵسۆزانە بە گیان و دڵ فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن و بەدڵ و بەگیان و ژن و کوڕ و هۆز و بنەماڵەی خۆیان فیدا دەکەن و لە چیاکانی پڕ بێر و جەنگەڵی بارزان لەگەڵ (مەلا مستەفا) دا و خۆیان پەنا دەدەن .(124).

سەرچاوەکان:

120- زەبەخت : س.پ ,ل . 487

121- پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە عێراق دا , 1946-1975 ,د:شێرکۆ فەتحوڵا عمر ,وەرگێڕانی : سواره قەلادزێی ,چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ,کەرکوک ,2012 ,ل . 113

122- قڕگەیی:س.پ ,ل. 73

123- وریا ڕەحمانی: شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا ,چاپی یەکەم ,چاپخانەی تاران,2013,ل.266

124-احسانی : س.پ ,ل 109.



کام هەشتی مارس یاد بکەینەوە لە کوردستان؟!



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

هەروەک باوە دەبینین ڕۆژێک لە ڕۆژانی سال کە 3 /8کراوە بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ئەویش کە دەگوترێ (بۆ یەکەمجار لە 8ی مارسی ساڵی 1857 لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا ئافرەتانی کارگەی ڕستن و چنین لەبەر کاری زۆر سەخت و لە گەل کەمی کرێ ناڕەزایی دەردەبڕن و پۆلیس هێرش دەکاتە سەریان و خۆپیشاندانەکە کپ دەکات، ئەم ناڕەزایەتییە بەردەوامی هەبوو , پاش زیاتر لە 50ساڵ لە هەمان ڕۆژ لە 8ی مارسی ساڵی 1908دووبارە ئافرەتانی کارگەی ڕستن و چنینی کەتان لە شاری نیۆیۆرک لە گەل یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە بەهۆی پەستانی زۆری کار لە سەریان و مووچەیەکی کەم دەستیان بە دەربڕینی ناڕەزایی کرد، خاوەنی ئەم کارگەیە بە هاوکاری پاسەوانەکانی کارگەکە بۆ ڕێگریکردن لە ناڕەزایی بەشەکانی تری کارگەکە ئەم ئافرەتانەی لە شوێنی کارەکانیان زیندانی کرد و بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە کارگەکە کەوتەوە تەنها چەند کرێکاری ئافرەتی دیلکراو توانیان خۆیان ڕزگار بکەن ,لەم کاتەدا 129 کرێکاری ئافرەت لەم ئاگرەدا سوتان).

بەڵێ وایە ئەم مێژووە وەک دەیان مێژووی تری مرۆڤایەتی و مێژووی ئافرەتانی دایکە حەوا گەورەن و پر سەروەرین گەر لەو 182هەزار ئەنفالە نیوەی ئافرەت بێت کەواتە سەرەوەی 90هەزار ئافرەتی کورد لە یەک کاتدا زیندەبەچاڵ کران. بۆیە دەڵێین ئەم مێژووەی ئافرەتانی نیۆیۆرک هەرچەند ناخ هەژێن بێت گەورەتر نیە لە مێژووی ئەنفالەکان لە کوردستان، مێژووی ئەو دایکەی جەستەکەی لەگەڵ کورەکەی زیندەبەچاڵ کراوە گەورەتر نیە لەو منداڵەی کە بووکە شوشەکەی لەگەڵی خنکاوە گەورەتریش نیە لەو کیژۆڵە ناسکانەی کە ملوانکەی ئومێد و حەزەکانیان لەگەڵ جەستەدا ڕزیوە وە گەورەتریش نین لەو دادا و داپیرەی گۆڕچانەکانیان لە گەلیان لە ژێر خاک چەقیوە , بەڵێ لە مێژووی سەد ساڵەی ڕابردووش گەورەتر نیە لە ئافرەتانی کورد و منداڵانی کورد کە لەناو ئەشکەوتەکان خنکێندراون و دەرگەی ئەشکەوتیان بە ئاگر و دووکەڵ داخراون بەڵێ گەورەتر نیە لە هیچ ڕەش کوژییەک و کومەڵکوژییەکی ئافرەتانی دایک و خوشکمان لە کوردستان کە سەدان ساڵە ڕۆژانە ڕووەدات و مێژووشیان نیە و نەنوسراوە، بەڵێ کامیان بڵێم با لە شوێنی 8ی مارس بێت، گەر تەنها کورد مێژووی ئافرەتانی بنووسێ لاپەرەکانی هیچ پەراوێک بەشی ناکا و حوبری هیچ دەریایەک فریای ناکەوێ کامیان باس بکەین! گەر زۆر دووریش نەڕۆین کەچی دەبێ دەستەوئەژن و بەرامبەریان بووەستین کام ناو بڵێین و لە کام شێرەژن و گەورەئافرەت دەست پێبکەین ,لە شەهید لەیلا قاسم کە یەکەم کچە کوردبوو بەرامبەر بە پەتی سێدارە ڕاوەستا و ڕوح و جەستەی بە یەکەوە دەستوتا یان لە دایکە (حەلیمە)ی سەرۆک بارزانی شاهێدی بۆ دەدات و لە بۆردوومانی فرۆکەکانی دوژمن نە ڕووخاوە و نەبەزیوە چوار ڕۆڵەی بە ڕوح نەمان و بە جەستەش سوتان کەچی پارچە پارچەی جەستەکەیانی بە یەکەوە لە ناو یەک تورەگە کرد و لە بەردەم سەرۆک وەستا وەک سەرۆک دەفەرموی گوتی (ڕۆڵە گیان مسعود مەگری نامەوێت فرمێسک لە چاوانت ببینم) لە کاتێک سەرۆک دەڵێت (خۆم پێ ڕانەگیرا بەرامبەر بەو دایکە مەردو بە جەرگە). ئایا ئەم دایکە بە جەرگە مەردتر لە مەردەکانی دونیا نیە ؟!! کە هەڵوێستی و کوردایەتی لە ڕۆڵەکانی بە گەورەتر دانا لە ئاوارەیی دەربەدەری لە کۆمەڵگای زێوە کەچی وەک سەنگەرێکی بەرخودان و شەرەف بەرەنگاری کارەساتەکە بوونەوە.

کام باس بکەم ڕۆژی 8/3بەدەم بە کام ئافرەتی کورد؟!! یان بیەدەم بەو شێرە ژنەی (3) ڕۆڵەی بە یەک سات و بە یەک ئاگر سوتان و لە شەری داعش شەهیدکران کەچی وەک قەلایەک نەڕووخا ، ئایا ئێوە دەزانن ئەوەی دڵی دەسوتێ و تەنها جەستەیان لە دونیا دەمێنێ و نارەخێن ئەوانە گەورەن! چونکە جەستەیان هەردەم دەسوتێ و دڵیشیان هەردەم ئاگری بورکانی گەرم تر دەبێ نەک ئەوەی بە یەک جار دەسوتێ و لەم جیهانە جەنجاڵە نەجاتی دەبێ، دیسان دەڵێم ئەم ڕۆژە بدەین بە کام ئافرەتی کورد ؟!!بۆچی نەیدەین بە شەهید ئایشە گوڵی خەباتگێر کە تەمەن و پیری چۆکی پێدانەنا و تا ڕۆحیان دەرکرد خەباتی بۆ نیشتمان کرد! یان بۆ ئەم ڕۆژە نەدەین بە شێرەژنی شەهید و خەباتگێر (خەجە باوە) کەلە ڕۆژی ڕزگاریی هەولێر لە ڕاپەڕین لە 11/3/1991لە بەردەم ئەمنی هەولێر بە دەستی بەعسیە فاشییەکان شەهیدکرا یان بۆچی نەیدەین بە دەیان ئافرەت و کچی بە شەرەفی کورد کە لە بەندینخانەکانی ڕژێم هەرچی کرا لە گەڵیان کرا بەڵام چۆکیان بۆ دوژمن دانەنا ؟!

بیدەین بە کێ؟! دە بیلێن ئەی ئەوانەی لە 8/3تێدەگەن، بیدەین بە کامیان؟... ئەمانە دڵۆپێکن لە دەریاییێک.. ئەمانە لە خەرمانەی خەمی منن ئەی خەمی(50) ملیونی کوردی تر چیتریان پێبێ و چیتر دەژانن! دەبێ چیتر بنوسن؟!! با هەموویان واز لێبینن تەنها هەڵوێستێکم بەسە کە بڵێم ڕۆژی ئافرەتان، ڕۆژی ئافرەتانی کورد لە جیهان بەڵام بە داخەوە مێژووەکەی تۆمار نەکراوە، ئافرەتەکەش نەناسراوە بەڵێ سەربازی ون هەیە و شێرەژنی ونیش هەیە هەروەک لە جاشێکم بیست جاشێکی شەرمەزار و جاشێکی توزێک بە زەمیر لە هەشتاکان ئەوکاتەی کە زەمیر و ویژدانی جوڵا ڕاستییەکی دەرکاند و گووتی کاتێک چووین بۆ ناوچەکانی سەرەوە گوونداکانمان ڕوخاند لە گەل جەیشی عێراقی لە کاتی ڕووخان و تێکدان لە گوونداکان تەنها ئافرەت و منداڵ لە هەندێ شوێن مابوون لە کاتی ڕووخان و تەپ و تۆز و تاڵان لە کاتی قیژەی زارۆک و منداڵان گوێ بیست بووم لە ئافرەتێکی هەژار و جل دڕاو دەموچاو تۆزاویی بێ چارە و بەستەزمان مەرد و چاونەترس پر ئومێد فەرمووی هەی سەگی سەگ باوکینە وەڵاڵ ژیان و ژوانمان لە گەل ئاژەڵ و گوێدرێژیش کردبێ دەبێ هێندە پیاو دروست بکەین سەری ئێوەش پان بکەنەوە بەڵێ (ئەمەیە ئافرەتی کورد) ئەمەیە غیرەتی کورد ئەمەیە مێژووی کورد گەر مێژووی کورد بنووسرێ جیهان شەرمەزار دەبێ بەرامبەر بە کورد.

ئەم قسەیە لە لای هەر کەسێک هەر مانایەکی هەبێت لای من زۆر گەورەیە نەک هەرشەرم لەو شێرە ژنە دەکەم بەڵکو خۆم بە لاواز دەزانم بەرامبەر بەم بروایە گەورەیەی ئەو دایکە دڵسۆز و کورد پەروەرە کە هەیبووە، بەڵێ 8/3بۆی نیە بەرامبەر بەم هەڵوێستانە سەرقافڵە بێت ڕاستە ڕۆژێکی مێژوویە بەڵام شای ڕۆژانی ئافرەتان ڕۆژی دایکە گەورەکانی منە گەر دایکانی منیش مێژوویان نووسرابا و 8ی مارس ڕۆژێک دەبوو لە ڕۆژانی مەینەتی ئافرەتان ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئافرەتی کورد دەبوو بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان. بەڵێ بۆ ئێمە کورد لاسایی کردنەوەیە کەچی یادی ڕۆژانی بەشێک لە جیهان کارێکی ئاساییە و مرۆڤایەتییە بەڵام ڕۆژی دایکانی جەرگ سوتاوی من ڕۆژی خوشکانی من ڕۆژێک نیە ڕۆژانێکە وەک کاروانی شەهیدان کاروانێکە لە خەبات. بۆیە ئاسان نیە بڵێین هەشتی مارس ڕۆژی ئافرەتانی کوردستانە، چونکە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی مەینەت و بەرخودان بوو لە کوردستان.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتزگای هەولێر (پ.د.ک).**

پڕۆفیسۆری فەرەنسی بواری ماتماتیک عەبدولجەلیل نەشەوی بۆ «خەبات»:

لە زانکۆی فەرەنسا پڕۆگرامی بیرکاری بەپێی پێویستی بازاڕو کۆمەڵگا دەخوێنرێت چوارساڵ جارێک پڕۆگرام لەسەر ئەو بنەمایە دادەڕێژرێتەوە

دیمانە: ڕۆشنا عەلی

پڕۆفیسۆری بواری جیاجیاکان بەردەوام لە کۆڕو کۆنفرانسە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیاوە ئامادەییان هەیەو ئامانجیش لە بانگهێشتکردنییان خۆیەڕەو پێشبردنە لە دیدگای ئەوان لەڕوانگەی زانست و زانیاری بەجۆرێک کە ئاڕاستەی زانست لە هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر ئاڕاستە گشتییەکەی کەلە جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، لاپەڕەی پەروەردە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ یەکێک لە پڕۆفیسۆرە بە ناوبانگە کانی فەرەنسا ئەنجامدا.



سەردانی بەردەوام

عەبدولجەلیل نەشەوی پڕۆفیسۆرێکی بواری ماتماتیکە لە زانکۆی نەنت لە وڵاتی فەرەنسا ناوبراو پسپۆڕییەکەی لەبواری شیکردنەوەی ژمارەیی و ئێستا لە هەرێمی کوردستان یەک قوتابی هەیە کە سەرپەرشتی تێزەکەی دەکات لە بواری ماتماتیک ئەو بەر لە دەسآڵ سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە لەبارەی هاتنی خۆی بۆ کوردستان وتی " من ئێستا تەنها یەک قوتابیم هەیە دەسآڵ بەر لە ئێستا سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە و سآڵانە کۆنفرانسەزانستییەکانی کوردستان بەشدار دەبم .

لەبارەی ئەوەی کە ئایا زانستی بیرکاری تەنها تیۆرییە زانستێک نییە کە پراکتیک بکرێت؟

ئەو پڕۆفیسۆرە وتی: نەخێر زانستی بیرکاری تەنها تیۆرییە نییە ، بەڵکو لە بواری زانستییەکانی تریشدا ڕەنگی داوەتەوە وەک ئەندازیاری و پزیشکی و دەرمانسازی ..... هتد.

*** ئاستی زانستی بیرکاری لە هەرێمی کوردستان بەبەراورد بەسآڵانی پێشتر چۆن ئەبینی بەو پێیەی ئێوە پەیوەندی وشارەزاییەکی باشتان لەسەر کوردستان هەیە؟**

ـ دەسآڵ پێش ئێستا ئاستێکی وا باشم نەئەبینی لەکوردستان بەو پێیەی پەیوەندییەکەی من بۆچەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئەگەڕێتەوە ئەو کاتەخەڵکێکی کەم دکتۆرایان هەبوو ، بەڵام ئێستا ئاستی خوێندن لە بواری زانستی ماتماتیک بەرەو پێش ئەڕوات ، چونکە قوتابییەکی زۆر دەبینم لە دەرەوە هاتونەتەوە ژمارەیەکی زۆریان ماستەرو دکتۆرایان لە دەرەوە هێناوەتەوە کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بڵێین ئاستی زانکۆ هاوکات زانستیش لەبواری بیرکاری بەرەو پێش دەڕوات .

*** ئایا لەڕووی پڕۆگرامی خوێندن لە زانکۆو ، تێوجیاوازییەکی زۆر ئەبینن لە نێوان پڕۆگرامی بیرکاری لە زانکۆکەی خۆتان نەنت و زانکۆی سەلاحەدین بۆ نموونە؟**

ـ لە وڵاتی فەرەنسا و لەو زانکۆیەی من لێی مامۆستام ئەو پڕۆگرامەی دەخوێنرێت بە پێی پێویستییە واتە بازاڕو کۆمەڵگا چوار ساڵ جارێک پڕۆگرام دەگۆڕێت و بەپێی ئەو پێداویستییانە پڕۆگرام دادەڕێژرێتەوە ، بەڵام لێرە دەبینین ئەو گۆڕانکارییە زۆر نییە ، بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوە بنێین و بزانن بازاڕی کارو کۆمەڵگا پێویستی بە چییە ئەوە بخوێنرێت و لە پڕۆگرامدا جێگای بکرێتەوە.

دەربارەی ئەوەی کە لە کوردستان زۆرێک لە قوتابییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا کێشەیان لەگەڵ ڕانەی بیرکاری هەیە هۆکاری ئەمە چییە پێشنیارتان چییە بۆ باشکردنی ئەم بابەتە؟

ـ هەموو مندالێک میشکێکی باشی هەیە بۆ وەرگرتنی زانست و بیرکاریش بە هەمان شێوە ، بەڵام پێویستە یەکێک هەبێت ئاڕاستەی بکات ئەو ئاڕستەکردنەش دەبێت پڕۆفیسۆرەکانی زانکۆ لێکۆڵینەوە بکەن بزانن هۆکارەکە چییە ؟ ئایا پێویستی بە نموونەیەی زۆرترە کە لە پڕۆگرامەکەدا کەمە ، بێگومان زۆر گرنگە نموونە هەبێت و زۆر بێت قوتابی پێویستی بەوەیە بە نموونە تێبگات و پڕۆگرامێک دابنرێت کە کەسانی شارەزا و پڕۆفیسۆر پێشنیاری بکەن ، پێویستە پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەبێت لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە ئەوانەی کە پەیوەندییان بە پڕۆگرامی زانستی بیرکارییەوە هەیە لێکۆڵینەوە بکەن بزانن چی تێدایە کە تێگەشتنی لای قوتابی ئاسان نییە ؟ پڕۆفیسۆرەکانی زانکۆ دەتوانن چەند ڕێگایەکی ئاسانتر ببینەوە کە قوتابی ئاسانتر تێی بگات و فێری بێت .


*** لای ئێمە ئەوەی باوە ئەڵێن کەسانی زیرەک لە بیرکاری ئەوانەن کە خۆیان بەهرەیەکی زیرەکییان هەیە نەک لەڕێگای خوێندنەوە 12 زیرەک بەن ئێوە بۆچوونتان چییە لەمبارەیەوە؟**

ـ ئەوەی کە لە پرسیارەکە تێگەیشتم پێم وایە کە دەتوانرێت هەموو شتێک بەدەست بێنین کە ئەگەر بمانەوێ بە بەردەوامی لەکاردا بین لە ژیاندا کەسانێک بدۆزینەوە کە زۆر زیرەک بن. وە منیش دەتوانم وەکو ئەوم لێبێت بێگۆمان ئەوەش پێویستی بەوەیە کە کاری زیاتر بکات چونکە هەر کەسێک دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستە ، بەڵام پێویستی بە کۆشش و هەوڵدانی زۆرە دەتوانین بەوە بگەین کە دەمانەوێ ، بەڵام تەنها پێویستی بە کارکردنە ئەگەر نیازمان هەبێت و بمانەوێت.

ئەزموونی مامۆستایەک



ئیسماعیل محەمەد: کاریگەرترین خاڵی دەسپێکی بەرەوپێشبردنی ڕەوشی پەروەردە چاککردنی گوزەرانی مامۆستایە



ئامادەکردنی: ڕۆشنا

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنییان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و منداڵانی کوردستان کردووە ، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (ئیسماعیل محەمەد)ە کە مامۆستاو سەرپەرشتیاری زمانی کوردییە و 28ساڵ ئەلف و بێی زمانی کوردی بە قوتابییان گوتووەو دەساڵیش سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی زمانی کوردی بووە، هاوکات ئەندامی دانانی کتێبی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ، مامۆستا لە سنوری پەروەردەی کۆیەوە دەستی بە سەرەتاکانی بوون بە مامۆستایەتی کردووە:

سەرەتاکانی مامۆستایەتی

مامۆستا ئیسماعیل لە ساڵی 1952لە دایکبووە و لە 1975 /2/11لە قوتابخانەی بۆگدی سەرەتایی سەر بە قەزای کۆیە دەستی بە وانە وتنەوە کردووە ، زۆرینەی خزمەتی لە بواری پەروەردە وەک خۆی ئاماژەی پێدا مامۆستایەتی وسەرپەرشتیاری زمانی کوردی بووە ، ئەوە لەمبارەیەوە وتی " کارەکانم لە بواری پەروەردەو فێرکردندا ، بە پلەی یەکەم مامۆستای بابەتی زمانی کوردی بووم و بەتایبەتیش وانەی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە ویستوومە ئەسپی بەهرەو تواناکانم تاودەم و خزمەتێک بە قوتابییەکانم بکەم و بەرەو کەناری ئارامی سەرکەوتنیان بەرم . لە قۆناغی دواتریش سەرپەرشتی مامۆستایانی زمانی کوردیم کردووە وەک هاوپیشە ئەوەی هەمبووە و لەهەگبەم دابووە بۆ خزمەتی زمانی کوردی پێشکەشم کردوون.

ڕەوشی پەروەردە

دەربارەی ئەوەی کە ئایا لە ئێستادا ڕەوشی پەروەردە چۆن دەبینن ؟ مامۆستا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو پێی وایە ڕەوشەکە ڕێژەییە ئەو لەمبارەیەوە وتی "دەتوانم بەراشکاوی بڵێم ڕەوشی پەروەردە لە ئێستادا بەجۆرێ لەجۆرەکان ڕێژەییە ، نەدەکرێ ڕەوشەکە ڕەتکەینەوە و نەزیاتر لە مافی خۆی پێبدەین ، لە سەر بواری پەروەردە دیدو بۆچوونی جیاوازیش زۆرە ، هەرکەسەو لە گۆشەنیگایەکەوە تێڕوانینی هەیە ، پەروەردە تارادەیەکی باش و قۆناغ بە قۆناغ خۆی گەیاندۆتە ئاقارێک لە زۆر بواردا پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و کاریگەری ئەرێنی هەبووە ، بەتایبەتی لە پراکتیککردنی سیستەمی خوێندن و گۆرانکاری لەدانانی پڕۆگرامی خوێندن ، سەرەڕای باری نالەباری دۆخی ئابووری و ڕۆژگارەسەختەکان ژیلەمۆی گرۆتینی کارکردن بەردەوامە .

چ بەراوردێک دەکەن بە بۆچونی خۆتان لە نێوان مامۆستای سەردەمی خۆتان و مامۆستای ئێستادا ؟

مامۆستای جاران هاوشێوەی ژینگەی جاران بوو لە ڕوانگەی پلە وپایە و ڕێز و ئاستی ڕۆشنبیری لە و کاتی دا کە چۆن ژیان گوزەراوە ، مامۆستای جاران خاکی بوون و زۆر بایەخیان بە سەرچاوەکان و کتێب خوێندنەوە داوە زۆر پێداگرو مکوڕبوون لە وانەگوتنوە و ڕاگرتنی پۆل دا.

لەگەڵ ئەوەی زەمانی عەولەمە نەبوو کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئەنترنێت نەبوو بەڵام مامۆستا لە پیشەی خۆی و ناو کۆمەڵگە پێشەنگ بوو، تەختەڕەش و تەباشیر باشترین هۆی ڕوونکردنەوی بوو. لێدان وتوندوتیژی خالی نەرێنی و شکانەوەی کەسایەتی قوتابی لێدەکەوتەوە تاڕادەی وازهێنان لە خوێندن.

مامۆستای ئێستا

دەربارەی مامۆستا لە ئێستاداو مەودای فێرکردن لە هەردوو سەردەمدا بە بۆچوونی ئەو پێی وایە کە ئێستا فەزایەکی فراوانتر لەبارە بۆ پیشەیی مامۆستایەتی ئەو وتی " مامۆستای ئێستا لە سەدەی بیستوویەکەمدا، جیاوازی لەگەڵ مامۆستای پێشان مەودایەکی زۆریان نیوانە ، مامۆستای ئێستا فەزایەکی فراوانی لەبەردەمدایە لە داهێنانی ئەلکترۆنی و هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە لەتەختەڕەشەوە بۆ تەختەی سپی لەتەباشیروە بۆ پێنووسی ماجیک زۆری تریش وەک ئەنتەرنێت و لابتۆپ و مۆبایل و داتاشۆ ، مامۆستای ئێستا زیاتر پێویستی بە خولی ڕاهێنان و وانەگوتنەوە هەیە .

ئەگەر باسی جیاوازی نێوان مامۆستای پێشان و ئێستا بکەین پێویستە ئاوڕێکیش لە جیاوازی نێوان قوتابی جاران و ئێستا بدەینەوە ، چونکە ئەوانیش زۆر جیاوازن لە ڕووی ڕەفتارو ئاکار و کەسایەتییەو دەنا مامۆستا هەرمامۆستایە لە هەموو کات و ساتێکدا .

دانانی پڕۆگرام

مامۆستا ئیسماعیل ڕۆژلی گرنگی لە دانانی پڕۆگرامی کتێبی کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا هەبووە ئەو لەمبارەیەوە وتی:

چ وەک مامۆستا و چ وەک سەرپەرشتیار ویستوومە خزمەتێک لە بواری دانانی پڕۆگرامی خوێندن دا پێشکەش بکەم ، ئەندامم لە دانانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ساڵانێک بەشدارییم لە هەڵەچنی کتێبەکانی بابەتی زمانی کوردی پۆلەکانی (دووەم ، سێیەم ، چوارەم ، پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی) کردووە کتێبی (شێوازی نووسین ، مانگەکوردییەکان) م لە ساڵی 2012داناوە و لە زاخۆ تاخانەقین بەسەر مامۆستایانی هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ سوودوەرگرتن لە چۆنییەتی ڕەتنووسی زمانی کوردی .

بە بۆچونی ئێوە باشترین و کاریگەرترین خاڵ کە هەوێنی بەرەو پێشبردنی ڕەوشی پەروەردەیە و دەکرێت ببێتە دەسپێک بۆ باشترکردنی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا چییە ؟

بە بۆچونی من باشکردنی گوزەرانی مامۆستایە و بڕەو دانە بە ویست وتوانای مامۆستایان بەکردنەوەی خولەکانی بەهێزکردنی مامۆستایان ، خولی ڕاهێنان و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ، خولی تایبەت بەمامۆستایانی پسپۆڕی بابەتەکان ، هەروەها پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ نوێبوونەوەی بەردەوام.



ئەرکێکی نەتەوەیی لە وڵاتی مالیزیا

سانع شێروانی قوتابی کورد لە وڵاتی مالیزیا لە ڕۆژی ٢١/٣/٢٠١٩ بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە مالیزیا بە جلی کوردی سەردانی ڕاگرایەتی سکولی یاسای کرد بۆ ئەوەی ئاشنایان بکات بە بۆنەی نەورۆز ئەو بۆ خەبات وتی " وەکو تاکێکی کوردوقوتابییەکی کورد بەئەرکی نەتەوەیی ونیشتمانی خۆم زانی سێ یاداشتم بە ئنگلیزی لە بارەی نەورۆزەوئامادەکرد و پێشکەشی سکولی یاسام کرد لە وڵاتی مالیزیا و باسم لەگرنگی ئەم بۆنەیە کرد بۆیان وبە دیاری پێشکەشیانم کردن بەتایبەت ڕاگروجێگرەکەی وسەرپەرشتیارانی نامەی دکتۆراکەم، ئەوەی زیاتر پرسیاریان لە سەربوو گوتیان مانای ئاگر چیە ؟ کە لە یاداشتەکە ئاماژەت کردووە وە وێنەشی دیارە؟وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبوو ،گوتم واتا هەڵهاتنی ڕۆژێکی ڕوناک وئازادی ، چونکە ئەوان لە تاریکی ئازادی دابوون بۆیە ئەم مەشخەڵانە ماناکەی بەم شێوەیە، وە بەراستی سەرنج ڕاکێشش بوو بۆیان ، جگە لەمەش کە سەرسام بوون بە جلی کوردیەوە هەتا گوتیان بەکوردی چ بەم جلانە دەوترێت ووتم : پێی دەڵێن ''جل وبەرگی کوردی ?''لە کۆتایدا گوتیان ئەم یاداشتانە لای خۆمان بە خۆشحالیەوە هەڵدەگرین بۆ داهاتوو تاکو هەر کوردێک یاخود قوتابێکی کورد بێتە لامان بۆی باس دەکەین کە زانیاریان لەسەر ئەم ڤیستیڤاڵە هەیە.لە کۆتایدا دەڵێم من کە هاتوومەتە دەرەوەی وڵات تەنها خوێندن ئەرکی من نیە ، بەڵکو دەبێت ئەرکی نەتەوەییشم لەسەرشان بێت بۆئەوەی بتوانم کلتوروچاندوزمان ونەتەوەیی خۆمان بناسێنم لەدەرەوە هەروەک چۆن ئەوان هی خۆیان دەناسێنن.

لاپەڕەی پەروەردە

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی نەبەز حسین حمد قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٧٩٧/ش٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/١٣

جاڕدان

بۆ داواڵێکراو (مصطفى يحيى حسن)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (شیاء علی حسین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٧٩٧/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (تصديق طلاق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- زانیاری) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٣/٢٥) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادوەر/ صباح قادر كاملا

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دەشتی هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢/ئانیە/٢٠١٩

رێکەوت/٢٠١٩/٣/١٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر مولکی ژمارە ١/٥١ ك ١٤١ همزە کۆر کە کەوتوەتە همزە کۆر دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار مصطفى عبدالكريم حسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی اری عمر رمضان بەبڕی/ ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزووی هەبێ ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێیارە.

جێبەجێکاری داد / شێرزاد خضر دزەیی

١ – شوێن و ژمارەی/ ١/٥١ ك ١٤١ همزە کۆر

٢ – ڕەگەزو جۆری/ زەوی کشتوکالی

٣ – سنوورو ئاگاداری/ لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی کشتوکال و لەگەڵ بیری ئیتوازی و دوو هۆلی ئاژەڵی تێدا دروستکراوە لەگەڵ خانووەیەك پێك دێت لە دوو ژوورو هۆل و حمام و مرافق لەگەل حەوزێکی ماسی.

٥ – ڕووبەرەکەی/٤٨,٩,٩٧ م٢دۆنم

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ١٦٥,١٩٦,٤٠٠ سەدو شەست و پێنج ملیۆن و سەدو نۆ هەت و شەش هەزارو چوار سەد دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٢/١٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (علی مطلوب خضر ٦٦,٥٦٪ و سەرکەوت عبدالرزاق مشیر ١٦,٥٥٪ و کاوە ناجح محمد ١٦,٨٩٪) لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم

مریوان قەرنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دوو دانە ئامێری بڕینی کاشی ژمارە/٩٩٦٠٤-٩٩٧٠٥ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣٠*K.W٢.

٢- کابیسەی کاشی ژمارە/ ٣٣٨٠١ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٣- جلایەیی کاشی ژمارە/ ٢٤٤٠٦ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٤- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ١١١٩٤٨٢٧ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A١٠٠.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (خەبات)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٣/١٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سمیر صابر عزیز) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٢ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (قەزای خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم

جوهر علی کاکو

ئامێرەکان:

١- ئامێری کۆمپریسەری هەوا /Autosan L٥٥٠ ژمارە/٢٠١٩/٠٠٠٦ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥ بری ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار.

٢- ئامێری کۆمپریسەری هەوا /Autosan L٥٥٠ ژمارە/٢٠١٩/٠٠٠٧ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥ بری ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار.

٣- ئامێری ڕشاش ئاو Autosan ژمارە/٢٠١٨١١٢٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V٣٨٠ بری ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.

٤- ئامێری ڕشاش ئاو Autosan ژمارە/٢٠١٨١١٢٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V٣٨٠ بری ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.

٥- ئامێری ڕشاش ئاو Autosan ژمارە/٢٠١٨٠٥٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V٣٨٠ بری ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.

٦- ئامێری هیتر بخاری OMAX ژمارە/٠٠٠٨/٢٠١٩ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٣٧ بری ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار.

٧- ئامێری بەرزکردنەوەی تۆتۆمبێل لەگەڵ قاعدە جەکی ژمارە/٠٠٠٩/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا بری ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار.

٨- ئامێری فرارە غەسل ژمارە/٠٠١٠/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا بری ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار.

٩- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبای SDMO ژمارە/T٢٢K١٠٠٠٣٨٥ مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٨٣٠ بری ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.

١٠- ئامێری خزان شامبوا ١٠٠ لتر OMAX ژمارە/٠٠١١/٢٠١٩ جۆری هەوا بری ١٢٥,٠٠٠ سەدو بیست و پێنج هەزار دینار.

١١- ئامێری خزان شامبوا ١٠٠ لتر OMAX ژمارە/٠٠١٢/٢٠١٩ جۆری هەوا بری ١٢٥,٠٠٠ سەدو بیست و پێنج هەزار دینار.

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧

ژمارە: ٨٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٩

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەنەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە (١/٦٩) کەرتی ٦٢/چمە دبس هاوولّاتی (فاروق احمد حمدی) دەکەینەوە کەوا لیژنەی بریاری (٢٢٢) سالی (١٩٧٧) هەڵدەستێت بە کۆژاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەڕژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی خەبات جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٣٠ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحيم عمر مصطفى

سەرۆکی لێژنە

* * *

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ٥٢٣٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩

ئاگاداری ژمارە (١)ی ٢٠١٩

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (دابین کردن و دانانی گاردرێل و بۆ ڕێگاکانی دوکان – چەمی ڕێزان – بازیان – تەلایی دێلێژە) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٨ دەبێت.

وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت بە بۆیاغ و هێڵکانی ئەندازەی هاتووچۆ.

٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

کریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٥٧٧٠/ش٢٠١٨/٢

رێکەوت:٢٠١٩/٣/١٩

جاردان

بۆ داواڵێکراو یاسر ولید هلالی شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٥٧٧٠/ش٢٠١٨/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٢ بڕیاریدا لەسەر تتفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار رونق ماهر عبدالله لەبەر نەبوونی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ دەشتی هەولێر شاری تەلار ستی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسين كريم

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ڕێناس علی حسین) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ تاك) بریاری گۆڕینی ناو وجورێ کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ڕێناس علی حسین) بۆ کۆمپانیا (QUEENS LAND) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ م – بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر

ژمارە:٣٨٤٤/١٠

رێکەوت:٢٠١٩/٣/١٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە D ١٣٣ پێشنیار کراو بۆ ناوچە (٤٨ بحرکە).. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر

ژمارە:٣٨٦٦/١٠

رێکەوت:٢٠١٩/٣/١٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٥١ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ٣٢/٣٠٢٨ ك ٤٤ وارش.. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قەرەبووی میراتگرانی (صافیە عاصم ابراهیم و میراتگرانی سعدیە عبدالله صبغە الله) و (عثمان کمال عثمان) و (سامعە عثمان خضر) لە کەرتەکانی ٩ باغلومنارە وە تیماری بچوك و گەورە وەرگیراوە کاتی خۆی بۆیە هاوولّاتیانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە وەك لێژنەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە داواکارین هەر هاوڵاتیەك زەوی لەم کەرتانەیان هەبێت، یاخود لەلایانە بەم ناوانەی سەرەوە بیگەڕێنەوە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ لێژنەی تایبەت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ لەڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوە بەپێچەوانەوە هەر هاوڵاتیەك دوای بڵاوکردنەوە مافی یاسایی نامێنێت بە قەرەبووکردنەوەی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٩٧٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (مثلث الالعاب) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین عبدالله قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٩٨٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (STABILISATION NETWORK) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوکالەت

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٣٣٥/ ب/٥/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دیدار دڵشاد یوسف)
داواکار (تریسکە قادر خضر) داوای ژمارە ٣٣٥/ ب/٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی ئازادی) لە ٢٠١٩/٣/٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/١٠) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ٣١٠/ب٢٠١٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (محمد رمزی اکرم بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کیف الملکی سەرەرای کارەکەی)
داواکار (خالد عبدالاحد یوسف) داوای ژمارە (٣١٠/ب٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (محمد رمزی اکرم بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای کیف الملکی سەرەرای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رویال تاوەر و گوندی ایطالی یەك و گوندی انگلیزی و ڤیتال و MRF) لە ٢٠١٩/٣/١٠ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/١٠) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢/ب٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خدیجە سلیم یونس)
داواکار (نوری اسماعیل علی) داوای ژمارە (٢/ب٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیاری بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی رزگاری) لە ٢٠١٩/٢/٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/١٧) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی مولکایەتی و زەوی و زار
ژمارە ١٥/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٨
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی موڵکی شارەوانی بۆ دروستکردنی (کۆمەڵگای پزیشکی) لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/١٠١٩٢ ك ٨٦ بنەسڵاوە) بەرووبەری (٢٦٨٩,٣١م٢) بەکرێی ساڵانەی خەملێندراو (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە مزایدەی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٧٠ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ١٩ / ٣ / ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراوێ : سیهان ارکان / خودانا ڕەگەزناما تورکیە
ل دیف داخوازیا داواکار (ایوب احمد ناصر) وکێشا ژمارە (١٧٠ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا خو دکەت ژتە بەرامبەری ڤێ دادگەهێ دکەت و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن (دەلال) یاژمارە (١١٤٢) ل (١٧ / ٣ /٢٠١٩) و نقیسارا بەربژاریێ تاخێ (رکاڤا) ئەڤجا بڕیار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢ /٤/ ٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە
ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری : ٢٠١٩/٣/١٩ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٣٤) کەرتی (روت) بە ناوی (صباح یونس رشید) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .
یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر
* * *
دادگەها مادەکان دهوك
ژمارە/١٠/مواد/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/٣/١٩
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکراو (لقمان صبری رشید) ل دیف داخازیا داخازکەر (ایناس کریم میرزا) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (تصدیق الطلاق الخارجی) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژاریێ تاخێ (بحزانی /بعشیقە) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٤/١٠ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگاتە پا شملی هێتە کرن
دادوەر / شکر سلطان عدو
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٥١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٣/١٨
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (مافا شیخموس حسو)جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (عبدو جمال حسو) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارە وی ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ئەوا ڕودای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٨/٨/٥ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا دەستەکا هەلبژێر ل قەزا سێمێلێ فایدە(وار ستی) بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەیێن ڕوژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٤/٢ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٠٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٨
بۆ/داوالێکراو (سیروان برهان منیر)
ب/ ئاگاداری
داواکار (ایڤان عماد عزیز) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆ تومارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکات ئەو ١٥٠ سەت وپەنجا مسقال زێرانەی بۆ بگەرێنیەوە کە دەلێ لێت فرۆشتوون وە لەبەر دیارنەبونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە ڕۆژی(٢٠١٩/٤/١٦)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بڕیاری پێویست بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٢٠٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٣/١٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکار(داود سلیمان جراد) جهێ ئاکنجیێ نەدیارە ژبەر داوایا لسەر تە هاتیە تۆمارکرن ژلایێ داواکار (حکمت حسین بیرموس) دداوایا ژمارە ٢٠٧/ب/٢٠١٩ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١/٢٣ داخاز دکەت مولکداریکرنا خانوبەرێ ژمارە ٣٧١/٢ کەرتێ ٧٩ بەروشکا باشور وتحەمولا مەزاختنێن داوایێ وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ڕیڤەبەریا پولیسێن کەرکوکێ بنگەهێ پولیسێن مقداد ژمارە (٢٢٥٢) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/٥ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخێ غەرناتە اشبیلیە ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/٥ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٤/٨ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ دادبینی بێی ئامادەبوونا تە برێڤەچیت وئاشکرایی ول دیڤ یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٩١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٣/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری(حلا عبدالقهار هادی امین) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەری ڕێپێدای کومپانیا(ئاڤا وەلات) زیدەباری کارێ وی) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (١١٣٦٣٠٠٠) یانزدە ملیون وسی سەدو وشیست وسی هزار دینار عیراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ڕیڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادوەری ل دهوکێ یا ژمارە (٧٦٢) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/١٠ وراپورتا هەلبژێری تاخێ(نزارکێ/لێلاڤ ستی) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/٧ ڤێ دادگەهێ بڕیاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٤/١٠ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای بەرایی بەردەرەش
ژمارە/ /٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٢/١٧
جاردان
تێبینەرایەتی تۆماری خانووبەرەی بەردەرەش
بڕیاری پشتگیری کردنی خاوەنداریەتی
خانووبەرە (قرار تأیید الملکیه)
پشت بە کۆنووسی پشتگیری کردنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی ژمارە (١٢٠) کەرتی (٧٣)البشر وە لە سەر داوای داواکاری پشتگیری کردنی خاوەندرایەتی میراتگیری (عادل عبدالرحمن قادر) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٣٠ وە دەرئەنجامی ئەو لێکۆلینەوە لێی کراوە لە لایەن (لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی) وە بەپێی ماددەکانی (٥٨و٦٢) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ی هەژمارکراو بڕیارمدا بە (پشتگیری کردنی) تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بە ناوی(عبدالرحمن بن الحاج قادر بن عبدی) تۆمار بکرێت لە تۆمارەکانی(تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە بەردەرەش) وەك (خاوەن ماف) وە ئەم بڕیارەش بەپێی ماددەکانی (٥٨و٥٩و٦٢و٦٣)لە یاسای ناوبراو وە ڕێنمایەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٢٢٣) وە بەیانی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٢٩/٣) لە ٢٠١٧/١٢/٢١ وە نووسراوی دەستەی ڕاوێژکاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٧٠) لە ٢٠١٨/١/١٧ دەرچووە وە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بلاوبکرێتەوە
دادوەر / فرهاد سلمان حسن
* * *
دادگای بەرایی بەردەرەش
ژمارە/ /٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٢/١٧
جاردان
تێبینەرایەتی تۆماری خانووبەرەی بەردەرەش
بڕیاری پشتگیری کردنی خاوەنداریەتی
خانووبەرە (قرار تأیید الملکیه)
پشت بە کۆنووسی پشتگیری کردنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی ژمارە (٥٧) کەرتی (٧٤)کفرە صور وە لە سەر داوای داواکاری پشتگیری کردنی خاوەندرایەتی میراتگیری (صلاح قادر حسن) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٣٠ وە دەرئەنجامی ئەو لێکۆلینەوە لێی کراوە لە لایەن (لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی) وە بەپێی ماددەکانی (٥٨و٦٢) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ی هەژمارکراو بڕیارمدا بە (پشتگیری کردنی) تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بە ناوی(زلیخة بنت محمد ذنون) تۆمار بکرێت لە تۆمارەکانی(تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە بەردەرەش) وەك (خاوەن ماف) وە ئەم بڕیارەش بەپێی ماددەکانی (٥٨و٥٩و٦٢و٦٣)لە یاسای ناوبراو وە ڕێنمایەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٢٢٣) وە بەیانی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٢٩/٣) لە ٢٠١٧/١٢/٢١ وە نووسراوی دەستەی ڕاوێژکاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٧٠) لە ٢٠١٨/١/١٧ دەرچووە وە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بلاوبکرێتەوە
دادوەر / فرهاد سلمان حسن
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٥
ژمارە : ٢٢٨ / ب / ٢٠١٨
بەروار : ١٩ / ٣ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : عبدالرحمن بکر عبدالرحمن
داوالەسەرکراو : شاخەوان جمال احمد
بۆ داوا لەسەر کراو بەناوی (شاخەوان)
داواکار(عبدالرحمن) داوای ژمارە (٢٢٨ / ب / ٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ کە تیایدا داوادەکات بە دانی کرێی هاوتا بۆ موڵکی ژمارە ٤٥٧/٧٨ کە بریتیە لە شەقەی ڕاخراو لە گوندی ئەڵمانی، وە لەگەڵ لە ئەستۆ گرتنی داوالەسەرکراو لە تێچووی داواکە و ماندووبونی پارێزەرایەتی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (گوندی ئەڵمانی) بۆ یە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لە ڕێگەی بریکارێکی یاسایی لە دادگا لە ڕۆژی دادبینی کە دەکاتە ڕۆژی (٢ / ٤ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:٣٥) ی سەرلەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بڕیار دەردەکات بەرامبەرت .
دادوەر / د.ماجد رشاد محمد
* * *
دادگای کەتنی لە ڕانیە
ژمارە: ٢٣٦/ج/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد یوسف بیلال
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارقورنە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/عبدالقادر اسعد مامە
* * *
دادگای کەتنی لە ڕانیە
ژمارە: ١٨٠/ج/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/١٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ڕێبوار فارس احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی (ڕاپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/عبدالقادر اسعد مامە
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٤٢٢/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢١
بۆ/ تاوانبار سلیم عبدالرحمن محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەشی نەهێشتنی تاوان/ نوسینگەی ڕۆژهەلات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٢٤/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (محمد محمد نحسان)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٤ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٢٤٠ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبیت دادگایی دەکرێت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە حکامی ماددەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمە
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٨٩/ج/٢٠١٤
ڕۆژ: ٢٠١٩/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ممتاز کیتو علوان ناوی دایکی: خولە شلال
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوە/ کامل تۆفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٢٣٦/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢٠
بۆ/ تۆمەتبارکراو:- محمد شێخۆ تمو
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە بەشێوەی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە (٢٣٦/ك/٢٠١٧) وە بڕیاردرا تۆمەتباربکرێت بەگوێرەی بەشی ١/٢٣ لەیاسای هاتووچۆ حوکم درا بەسەرتا بەبەندکردنت بەسوکی بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەم بڕیارە بەپێی یاسا.
دادوەر / محسن صالح محمود
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ١٠١/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢٠
بۆ/ تۆمەتبارکراو:- ڕێبین ڕسول عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە بەشێوەی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە (١٠١/ك/٢٠١٨) وە بڕیاردرا تۆمەتباربکرێت بەگوێرەی ماددەی ٢٩٢ لەیاسای سزدان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ حوکم درا بەسەرتا بەبەندکردنت بەسوکی بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەم بڕیارە بەپێی یاسا.
دادوەر / محسن صالح محمود
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسینەی سۆران
ژمارە : ٣٣/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦
بۆ/ داوالێکراو/ بورجو احمد یراك/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێراگەیاندن
داواکار (زبیع اسماعیل مجید) داوای ژمارە (٣٣/ش/ ٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/٤/١٥) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بریکارەکەت لە ڕۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠) سەر لە بەیانی لە دادگاکەمان ئامادەبن بۆ دادبینی ئەگینا دادبینی بە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ عبدالله عبدالرزاق عبدالله
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٤/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٧
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٧٤) موڵکی شارەوانی بەمزایدەی ئاشکرا بەپێی یاسایی ژمارە (٣٢) لە ساڵی/ ١٩٨٦ بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی سەلاحەدین بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ کاتژمێر (١٠) دەی بەیانی لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٤) دوکانی روون گۆر بەزنجیرە (٢+٣+٤+٦) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٣) دوکانی روون گۆر بەزنجیرە (٤٢+٤٣+٤٥) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی دارتاشی بەزنجیرە (٧) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٢) دوکانی پەنچەرچی بەزنجیرە (٨+١٢) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٣) دوکانی کارەبایی ئۆتۆمبێل بەزنجیرە (٢٢+٣١+٣٥) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی کارگەی شیرینی بەزنجیرە (١٤) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٣٩٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی بازرگانی بەزنجیرە (١٥) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٠٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی چاپچی بەزنجیرە (١٦) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٢٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٥٠٠٠ پانزە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی کۆشك و چایخانە بەزنجیرە (١٧) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٠٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٠- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی گەراج و شوشتنگە بەزنجیرە (١٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٩٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی گەراج بەزنجیرە (١٩) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٧٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی مۆبایلی بەزنجیرە (٢٠) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٢٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی لەحیم کردنی ئۆتۆمبێل بەزنجیرە (٧١) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٤٢م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی نانەواخانە بەزنجیرە (٢١) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٢٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی فرنی شارەوانی بەزنجیرە (١٣) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٠٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی نانەواخانە بەزنجیرە (٩) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٥٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی کارگەی بەفر بەزنجیرە (٢٢) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٥٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی ئاسنگەری ئۆتۆمبێل بەزنجیرە (٧٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٥٥م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
١٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٢١) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (١٥+١٦+١٧+١٨+١٩+٢١+٢٣+٢٤+٢٩+٣٠+٣٣+٣٤+٣٦+٣٧+٣٨+٤٠+٤١+٤٩+٥٠+٥١+٥٢) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٠- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٤) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (٥٤+٥٥+٥٦+٥٧) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٣٢م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (٥٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٢٥م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (٦٧) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٧٥م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (٦٦) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٠٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی فیتەری بەزنجیرە (٥٩) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٩) دوکانی ئاسنگەری بەزنجیرە (٢٠+ ٢٥+ ٢٦+ ٢٧+ ٣٢+ ٣٩+ ٤٦+ ٤٧+ ٤٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٦٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی ئاسنگەری بەزنجیرە (٦٩) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٠٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی ئاسنگەری بەزنجیرە (١٠٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٥٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٣) دوکانی پیشەسازی بەزنجیرە (٤٤+٤٦+٤٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٢٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی پیشەسازی بەزنجیرە (١١٠) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٥٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣٠- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) شوێنی گۆرینەوەی دراو شەقامی گشتی بە ژمارە (٤) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/٢٨م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (١) دوکانی پیشەسازی بەزنجیرە (٦٨) ڕووبەری زەوی بە م٢ بۆ هەردوکانێك/١٥٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ ١م٢/ ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر/ بەوەکالەت
* * *

ئایا ئیسپانیا دەبێتە قوربانی جیاخوازەکان؟

ئەوان حکوومەتێکیان دەوێت، پارتی میللی پێشەوایەتی بکات و لەلایەن فۆکس و سویدادانۆسیش پشتیوانی لێبکرێت
کە پارتێکی راستڕەوی ناوەندە لە کەتەلۆنیا و بەتوندی لەدژی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بوو



عومەر دوجا

هەر کەسێک بیەوێت بەدوای بەڵگەیەکدا بگەڕێت، تاکو بۆی دەرکەوێت، سیاسەت هەندێ جار چەند دەتوانێت سەرشێتانە بێت، با سەیری کەتەلۆنیای ئێستا بکات. لەکاتێکی پێشووی ئەو مانگەدا، جیاخوازانی (کەتەلۆنیا) لە پەرلەمانی ئیسپانیا، لە دژی پێشنیاری بودجەی نیشتمانی سالّی 2019 دەنگیان دا، ئەوەی سەرۆک وەزیرانی سۆشیالیست، پیدرۆ سانشێز، پێشکەشی کردبوو، ئەوەش مانای ڕێککەستنی هەڵبژاردنی گشتیی پێش وەختەیە، لە کۆتاییەکانی نیسانی داهاتوودا.

دەنگدانی جیاخوازان بەم شێوەیە، وەکو وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ سانشێز، چونکە بە گشتپرسیی لەبارەی سەربەخۆیی کەتەلۆنیاوە رازی نەبوو. بۆ بیر هێنانەوە، دوایین گشتپرسیی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2017 ئەنجام درا، ئەوەی دادگای دەستووریی لە ئیسپانیا بە نا یاسایی دانا و، لەلایەن نەیارانی سەربەخۆیی بایکۆت کرا، ئیسپانیای لە خراپترین قەیرانی سیاسیی نغرۆ کرد، کە لەدوای مردنی جەنەرالّ فرانچیسکۆ فرانکۆ لە سالّی 1975، قەیرانی لەم شێوەیەی بەخۆوە نەدیووە. بە سەپاندنی هەڵبژاردنی پێش وەختە و، تێڕوانین لە ئەگەری کەوتنی حکومەتەکەی سانشێز، کە لە حوزەیرانی ڕابردوودا دەسەلاّتی وەرگرت، دوای دەنگدان لەسەر کێشانەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران، ماریانۆ ڕاخۆی، لە پارتی میللی پاریزگار، پێدەچێت جیاخوازانی کەتەلۆنیا، خۆیان بۆ قۆستنەوەی باشترین دەرفەت ئامادە کردبێت، کە چەندین دەیەیە شتی وایان بۆ هەڵ نەکەوتووە، بۆ ئەوەی کەتەلۆنیا بەرەو سەربەخۆیی ببەن. نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، حکومەتەکەی سانشێز، پشتیوانی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ جیاخوازانی کەتەلۆنیا کرد و، چەندین کەسایەتی کەتەلۆنیشی لە پۆستی میری گرنگ دامەزراند، وەکو خاتوو میریتسیل باتی، بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمایەتی، هەروەها بە زیادکردنی خەرجییەکانی گشتیی لە کەتەلۆنیا بۆ سالّی 2019ڕازی بوو. بەڵکو هەتا بە گفتوگۆکردن لەبارەی هەمواڕکردنەوەی دەستووری ئیسپانیاش، بۆ فراوانکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو لایەنەکانی ئیسپانیا ڕازی بوو. ئەو دەستکەوتانە دەکرێت بە خێرایی بسڕێنەوە، ئەگەر پارتی میللی دەسەلاّت وەرگرێتەوە، کە پێدەچێت جیاخوازان لێی ئاگادار بن، بۆیە لەدژی پێشنیاری بودجە دەنگیان دا. ڕۆژنامەی ئیل پایێس دەڵێت، سەرکردەی جیاخوازەکان بە (ڕوویەکی خەمناکەوە) دەنگیان داوە، چونکە دەیانزانی ڕۆڵیان لە هەڵکشانی حکومەتێکی تازەدا دەبێت، کە لەوانەیە ڕاستەوخۆ بالاّدەستی مەدرید بەسەر کەتەلۆنیا بگێڕێتەوە، وەکو ئەوەی حکومەتەکەی ڕاخۆی لە ساڵی 2017 کردی. بە کردەوە ئەگەرێکی زۆر هەیە، حکومەتێکی ڕاستڕەوی تازە لە مەدرید، لەگەڵ بزاوی جیاخوازی کەتەلۆنیا، زۆر لە ڕاخۆی تووندتر بێت، ئینجا لەوەتەی ڕاخۆی لە دەسەلاّت لادراوە، پارتی میللی، هەڵوێستی بەرامبەر بزاوی جیاخوازی کەتەلۆنیا تووندتر بووە، بە تایبەتی بەهۆی هەڵکشانی (فۆکس)، کە پارتێکی تازەی ڕاستڕەوەی تووندڕەوە و، لە کانونی یەکەمی ڕابردوودا، ئەنجامی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی لە ئەندەلوس بەدەستهێنا، 12 ئەویش بەدەستهێنانی کورسی بوو لە پەرلەمانی ئەندەلوس، چاکەی ئەوەش بۆ بەرنامەکەی هەڵبژاردنی دەگەڕێتەوە، کە وتاری دژ بە کۆچبەران و هەڵوێستی تووندی لەهەمبەر قەیرانی کەتەلۆنیای هەبوو. فۆکس تاکو ڕادەی بانگەشەکردن بۆ نەهێشتنی سیستمی ئۆتۆنۆمی هەرێمی و قەدەغەکردنی پارتی سیاسیی جیاخوازی چووە.

بەڵام، لەبەرچی جیاخوازەکان چاویان لەو ئەنجامەیە؟ لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش ئەوەیە، ڕێگەی گەیشتن بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، هەر بە ئەستەم و زەحمەتی دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی لەوەتەی سالّی 2011وە، هەموو حکومەتەکانی پاریزگار و دیموکراسی کۆمەڵایەتیی لە مەدرید، گشتپرسییان لەبارەی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا ڕەت کردووەتەوە، کە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێگەیان پێدراوە. بۆیە، ئەمڕۆکە جیاخوازانی کەتەلۆنیا، گرەو لەسەر بانگەشەی ستەملێکراوی سیاسیی و گێڕانی ڕۆڵی قوربانی دەکەن، وەکو باشترین ستراتیژییەت، بۆ دووبارە هێنانەوە گۆڕپێی پڕۆژەی سەربەخۆیی. بۆیە پێویستیان بەوەیە، کەتەلۆنیا وەکو قوربانی سەرکوتکردنی دڕندانەی مەدرید نیشان بدەن، بە هیوای ئەوەی کێشەکەیان پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت. بەڵام تاکو ستراتیژیەتی ستەملێکراوی سەرکەوتوو دەبێت، جیاخوازان پێویستیان بە بەربەستێکی گەورەتری مەدرید، لەلایەن سانشێز و حکومەتە سۆشیالیستەکەیەوە هەیە. لە جیاتی گفتوگۆ و نەوی کێشان، پێدەچێت جیاخوازان بیانەوێت، کەللە ڕەقی و لاساری -لەوانەیە کەمێک تووندوتیژیش- بنوێنن. بە گوزارەکی دیکە، ئەوان حکومەتێکیان دەوێت، پارتی میللی پێشەوایەتی بکات و لەلایەن فۆکس و سویدادانۆسیش پشتیوانی لێبکرێت، کە پارتێکی ڕاستڕەوی ناوەندە لە کەتەلۆنیا و بەتوندی لەدژی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بوو. لەبەر ئەو دوو بەرەکییەی، کە سیستمی پارتایەتی پێی ناسراوە، گرەوکردن لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، کە هێشتا نزیکەی مانگێکی ماوە ئەستەمە. بەڵام بە گوێرەی دوایین ڕاپرسییەکانەوە، ئاسانە خەیاڵی ئەوە بکەیت، پارتی میللی دەتوانێت سانشێز وەلا بنێت-بە پشتیوانی سویدادانۆس و فۆکس. وەلێ لێکەوتەکانی حکومەتێکی هاوپەیمانی، کە پارتی میللی پێشەوایەتی بکات و پارتەکەی فۆکسیشی لەگەڵ بێت، زۆر لە بابەتی کەتەلۆنیا دوورتر پەل دەهاوێت. دوای مردنی فرانکۆ، دەبێتە جاری یەکەم، کە پارتێکی ڕاستڕەوی تووندەڕەو بتوانێت بگاتە حکومەتی ئیسپانیا. هەروەها کاریگەریشی بەسەر دیموکراسیەتی ئیسپانیا، زۆر گەورە دەبێت، لەبەرئەوەی هێرشکردنە سەر مافەکانی ئافرەتان و کۆچبەران لەگەڵ خۆی دەهێنێت، ئەوانەی دوای خەباتێکی درێژ و قوربانیدانێکی زۆر بەدی هاتوون. زێدەباری ئەوانەش، حکومەتێکی لەو جۆرە، دەتوانێت تەوژمێک لە نەتەوەپەرستی بخاتەڕوو، کە لە دوای ڕژێمەکەی فرانکۆوە هاوتای نەبێت، تەوژمێک کە ئۆتۆنۆمی هەرێمی لاواز بکات، نەوەکو بەتەنیا لە کەتەلۆنیا، بەڵکو لە لایەنی دیکەشەوە، وەکو هەرێمی باسک. بۆیە دەبێت جیاخوازەکان باش بزانن، بە تەواوی ڕوون نییە، ئایا حکومەتێکی ڕاستڕەو، هەرێمی ئەوان لە سەربەخۆیی نزیک دەخاتەوە یان نا. بەڵکو ئەگەرێکی گەورە هەیە، ئەنجامی ستراتیژیەتی ستەملێکراوی لە کەتەلۆنیا، لەباربردنی تەواوی دیموکراسییەت بێت لە ئیسپانیا.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.alittihad.ae

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1837:
کەنەدا مافی دەنگدانی بە هاوڵاتیە بە ڕەگەز ئەفریقیەکانی بەخشی .



سالی 1923:
سیستمی کۆماری لە یۆنان ڕاگەیەنرا .



سالی 1999:
فرۆکەکانی ناتۆ دەستیان بە بۆمبابارانکردنی کۆماری یوگسلافیای ئیتیحادی کرد .



سالی 2008:
یوسف ڕەزا جیلانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی پاکستان هەڵبژێردرا .



سالی 2015:
لە چیاکانی ئەلپی فەرەنسی ، فرۆکەیەکی مەدەنی بە 150 سەرنشینەوە کەوتە خوارەوە .



سالی 2016:
بەهۆی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی ،دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سزای 40ساڵ زیندانی بەسەر ڕادۆقان کارادیچی یوگسلافیدا سەپاند .

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/3/24 ژمارە (5715)



با کیشوەرەکەمان بپارێزین

ئیمانوێل ماکرۆن

هاوڕیشتمانیانی ئەورووپا :

ڕوو لە ئێوە دەکەم و تەنیا بەناوی ئەو میژوو و بەهایانەوە قسەتان لەگەڵ ناکەم کە کۆمان دەکەنەوە بەڵکو لەبەر گرنگی بارودۆخ : لە ماوەی چەند هەفتەیەکی دیکەدا هەڵبژاردنەکانی ئەورووپا چارەنووسی کیشوەرەکەمان یەکلا دەکەنەوە .لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانەوە ئەورووپا وەک ئەمڕۆ مایەی گرنگی و بایەخ نەبووە ، هاوکات ئەوەندەی ئەمڕۆش ڕووبەڕووی مەترسی نەبۆتەوە .کشانەوەی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەورووپا وەک ئامانجێک و وابوو : ئامانجە بۆ سەرهەڵدانی تەنگژەیەک لە ئەورووپا ، ئەو ئەورووپایەی نەیتوانیوە ئامرازەکانی پارێزگاریی لەو مەترسیانە بۆ گەلانی دابین بکان کە ڕووبەڕووی جیهانی هاوچەرخ دەبنەوە . هەروەها ئەمە ئامانجێکە بۆ تەڵەی ئەورووپا . ئەو تەڵەیەی لەنێو یەکێتی ئەورووپادا نیە بەڵکو خۆی لەو درۆ و نابەڕپرسیارێتیەدا دەنوێنێ کە لەوانەیە ببنە مایەی وێرانکردنی ئەم یەکێتیە .

ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی هیچی لێ شێن نابێ

کێ دەربارەی ئایندەیان دوای کشانەوەیان لە یەکێتی ئەورووپا قسەی لەگەڵ بەریتانیەکاندا قسەی کردووە ؟ هەروەها کێ لەگەڵ ئەواندا سەبارەت بە نەبوونی توانای گەیشتن بە بازاڕی ئەورووپا قسەی کردووە ؟ کێ تیشکی خستۆتە سەر مەترسیەکانی ئاشتی لە ئێرلەندا و گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی ڕابردوو ؟ ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی هیچی لێ شێن نابێ ، ئەو تەنیا ڕەتکردنەوەیەکە و هیچ ئەلتەرناتیڤێک زامن ناکات . ئەم تەڵەیە هەڕشە لە هەموو ئەورووپا دەکات : ئەوانەی بە پشتبەستن بە زانیاری نادروست تووڕەیی ئەورووپایان قۆزتەوە ، هەموو جۆرە پەیمانێک دەدەن .لە بەرامبەر ئەم جۆرە یاریانەدا دەبێ ڕاشکاوانە بوەستین و سەرەتا دەربارەی ماهیەتی ئەورووپا قسە بکەین ، یەکێتی ئەورووپا سەرکەوتنێکی میژوویی و بۆتە مایەی یەکخستنەوەی کیشوەرێکی وێران ، پرۆژەیەکی ئاشتی و گەشەکردن و ئازادیی کەموێنەیە .هەرگیز ئەمە لەیاد ناکەین ، تا ئەمڕۆش ئەم پرۆژەیە بەردەوامە لە پاراستنمان : چ دەوڵەتێک دەتوانێ بە تەنیا لە دژی ستراتیژیەتە دوژمنکاریەکانی وڵاتانی زلهێز بوەستێتەوە ؟ کێ دەتوانێ بە تەنیا لە بەرامبەر زلهێزە ژمارەییەکان بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە خاوەنی سەروەرییە؟ بەبێ بوونی یۆرۆ چۆن ڕووبەڕووی تەنگژەی سەرمایەداریی دارایی ببینەوە ، ئەو یۆرۆیەی وەک سەرچاوەیەکی هێز وایە بۆ تەواوی یەکێتیەکەمان ؟ ئەورووپا خۆی لە هەزاران پرۆژەی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە کە بوونەتە مایەی گۆڕینی ڕووی خاکەکەمان . ئەو قوتابخانە دواناوەندیەی تازە کراوەتەوە ، ئەو شەقامە خێرایەی بونیاد نراوە ، هەروەها گەیشتنی خێرا بە تۆڕی ئینتەرنێت ، ئەم شەڕە بۆتە پابەندبوونێکی ڕۆژانە .

ئەورووپا لە کوێیە و چی کردووە؟

ئەورووپا وەک ئاشتی وایە و بە ئاسانی وەدەست نایەت . لە بری ئەو فەرەنسایەی کە بەبێ دڕێخیکردن سەرۆکایەتی دەکەم ، تەنیا بۆ بەرەوپێشبردنی ئەورووپا و بەرگریکردن لێی . دەوترا هەندێک شت مەحاڵە (مەبەستم دامەزراندنی دەزگایەکی بەرگریی ئەورووپیە یان پارێزگاریکردن لە مافە کۆمەڵایەتیەکان) بەڵام بۆمان دەرکەوت ئەمە مەحاڵ نیە ، بەڵام دەبێ هەوڵی زیاتری بۆ بدەین . چونکە تەڵەیەکی دیکە هەیە ئەویش بارودۆخی ئێستا و خۆیەدەستەوەدانمانە . لە بەرامبەر ئەو کێشە گەورانەی ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە ، هاوڵاتیان لێمان دەپرسن : ئەورووپا لە کوێیە ؟ ئەورووپا چی دەکات ؟ ئەوەتا لەبەر چاوی ئەواندا ئەورووپا بۆتە بازارێکی بێ گیان ، بەڵام ئەورووپا تەنیا بازارێک نیە بەڵکو پرۆژەیەکە .

ڕاستە بازاڕ سوودی هەیە ، بەڵام دەبێ ئەو سنوور و بنەمایانەشمان لەبیر بێ کە دەمانپارێزن و یەکماندەخەن .

نەتەوەخوازەکان هەڵەن

نەتەوەخوازەکان بەهەڵەدا دەچن کاتێک دەڵێن ئەوان لە ڕێگەی کشانەوە لە ئەورووپا دەمانپارێزن ، چونکە شارستانیەتی ئەورووپایە یەکمان دەخات و ئازادمان دەکات و دەمانپارێزێ . ئەوانەش هەڵەن کە لە توانایاندا نیە شتێک بگۆڕن ، چونکە چاوپۆشی لەو مەترسیانە دەکەن کە ڕووبەڕووی گەلانمان دەبنەوە و دەبنە مایەی لاوازکردن ی ئەزموونە دیموکراسیەکانمان .ئێمە سەبارەت بە کێشەورەکەمان لەبەردەم ساتێکی یەکلاکەرەوە داین . لە جیهانێکی گۆڕاوداپێویستە لە ڕووی سیاسی و کلتوورییەوە ، پێکەوە کار بۆ دووبارە بونیادنانەوەی شارستانیەکەمان بکەین ، چونکە ئێستا ساتی گەشەپێکردنی ئەورووپایە ، ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی خواستی دەمارگیری و ناکۆکیەکانە ، ئەوەتا پێشنیازتان بۆ دەکەم با پێکەوە کار بۆ هێنانەدی سێ خواستی سەرەکی بکەین کە ئازادی و پارێزگاریی و پێشکەوتن .

با پارێزگاری لە ئازادیەکانمان بکەین

ئەورووپا پەیوەستە بە ئازادی مرۆڤ و جیاوازیی بۆچوون و داهێنان . ئازادیی بەراییمان بریتیە لە ئازادی دیموکراسی ، واتە ئازادی لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانمان . بۆیە لە هەر دەنگدانێکدا هێزە بیانیەکان هەوڵ دەدەن کاریگەریی لەسەر دەنگەکانمان دروست بکەن . بۆیە پێشنیازی دامەزراندنی ئاژانسێکی ئەورووپی دەکەم کە تایبەت بێ بە پاراستنی دیموکراسی و لە توانایدا هەبێ کەسانی شارەزا بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام دابین بکات و پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە هێرشی ئەلیکتر پێویستە ڕوونتر ئاراستەکەمان دیار بکەین : پەیاننامەی بەرگری و ئاسایش دەبێ ئەو پابەندبوونانەمان دەستنیشان بکات کە پەیوەستن بە پەیوندیەکانمان لەگەڵ ناتۆ و هاوپەیمانە ئەورووپیەکانمان ، ئەمەش مانای زیادکردنی خەرجیە سەربازیەکان و وەکارخستنی بەندی بەرگریی هاوبەش و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەورووپی دەگەیەنێ کە لەپێناوی ئامادەکردنی بڕیاری هاوبەش بە شانشینی یەکگرتووە گرێمان بدات .چ دەسەلاتێک لە جیهان هەیە ڕازی بێ بە بەردەوامبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ چەند لایەنێک کە ڕێز لە یاساکانمان ناگرن ؟ ناکرێ بە بێدەنگی بنالێنین ، دەبێ سیاسەتی پێشبڕکێکردنی نێوانمان ڕاست بکەینەوە و لە ڕێگەی سەپاندنی سزا بەسەر ئەو داموەدزگایانەی مایەی هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانمان و بنەما سەرەکیەکانمان و قەدەغەکردنیان لە ئەورووپا ،سیاسەتی بازرگانیمان دابڕێژینەوە.

با گیانی پێشکەوتن بگێڕینەوە

ئەورووپا هێزێکی پلە دوو نیە ، بەڵکو هەموو ئەورووپا یەکێکە لە هێزە لەپێشەکان و هەمیشە زانیویەتی چۆن پێوەرەکانی پێشکەوتن دەستنیشان بکات . بۆیە وا باشە لە جیاتی پرۆژەی کێبڕکێ ، ڕوو بکاتە پرۆژەی سازان .ئەو ئەورووپایەی سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی دارشت ، دەبێ سیستمی پارێزبەندی کۆمەڵایەتیش بچەسپێنێ کە هەمان بار مادی بۆ سەرجەم کامەندان لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکور و باشور دەرخستنێ ، هەروەها لەسەر ئاستی ئەورووپا نزمترین سنوور بۆ کرێ دیار بکرێ بە جۆرێک لەگەڵ سروشتی هەر دەوڵەتێک بگونجێ و سالانە بە کۆمەڵ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ .

پاراستنی ژینگە

بە گەڕانەوە بۆ باسکردن لە پێشکەوتن ، پێویستە لە بواری خەباتکردن بۆ پاراستنی ژینگە لە پێشەوە بین ، چۆن چاو بخەینە چاوی مندالەکانمان لە کاتێکدا هێشتا قەردەکانی کەشوهەوامان نەداونەتەوە ؟ پێویستە ئەورووپا هەوڵ بدات تا ساڵی 2050کاربۆن لەناو ببات و تا ساڵی 2025یش ئاستەکانی بەکارهێنانی ئەو مادانەی زیندەوەران لەناو دەبەن تا نیوە دابببەزێنێ ، هەروەها کار بۆ دامەزراندنی بانکێکی ئەورووپی تایبەت بە کەشوهەوا بکرێ ، ئەمە جگە لە پێکهێنانی هێزێکی تەندروستی ئەورووپی بە مەبەستی چاودێریکردنی خۆراک و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ و پشت بەستوو بە بنەما زانستیەکان بۆ ئەو مادانەی زیان بە ژینگە و تەندروستی دەگەیەنن ...

وانەیەک بۆ هەموان

هاونیشتمانیانی ئەورووپا : ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە لە ئەنجامی کشانەوەی شانشینی یەکگرتوو هاتۆتە ئارا، وانەیەک بوو بۆ هەموان ، با خۆمان لەو تەڵەیە دەرباز بکەین و مانایەک بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و پرۆژەکەمان ببەخشین . ئێوەن بڕیار دەدەن ئاخۆ ئەورووپا و بەهاکانی بایەخیان هەیە یان تەنیا بڕگەی گرنگی نێو میژوون ، ئەمە ئەو بژاردەیەیە کە دیەخەمە بەر دەستی ئێوە بۆ ئەوەی پێکەوە ئاراستەیەک بۆ ئەورووپایەکی نوێ و گەشەکردوو دەستنیشان بکەین .

ئامادەکردنی پە دەستکاریەوە : ل. کاروباری نێودەوڵەتی



مانشێت



سکای نیوز :
هەسەدە بە فەرمی کۆتاییهاتنی شەڕ و سەرکەوتنی بەسەر داعش ڕاگەیاند لە باغوز .



ئەلجەزیرە :
بیۆنگ یانگ کارمەندەکانی خۆی لە نوسینگەیەکی هاوکاری لەگەڵ سیئۆل کشاندەوە .



ئەلشەرقولئەوسەت :
دوو سەربازی دیکەی ئەمەریکی لە ئەفغانستان کوژران .



ئەی ئێف پی :
نەتەوە یەکگرتوەکان ڕایگەیاند کە بۆچوونی لایەنە ناکۆکەکان سەبارەت بە بیابانی ڕۆژئاوا زۆر لەیەک دوورە .



ئیلاف :
لە ئەنجامی تەقینەوەی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مادەی کیمیاوی لە چین 64کەس گیانیان لەدەست دا



فرانس 24:
دۆنالد ترامپ ڕایگەیاند دوور نیە وڵاتەکەی بە فەرمی دان بە دەسەلاتی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا بنێ .

فیستڤاڵی زانستیی کلتووریی (تواناکانی خانمان) ئەنجامدرا



د.کەیفی ئەحمەد

کێشمەکێش و مللانێی ڕەگەزی (نێر و مێ) کێشەیەکی ئەزەلییە و هەر لە کۆن و بەردەوامە. هەر یەکە لەو ڕەگەزانە خاوەنی تواناو توانستی تایبەت بە خۆیەتی، کە لەوانەیە ئەوەی یەکێکیان توانای ئەنجامدانی هەبێت ئەوەی دیکە نەتوانێت و بۆی نەگونجێت بیهێنێتەدی و جێبەجێی بکات، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، بۆیە ناکرێت و نابێت هیچیان ئەوەی دیکە ڕەتبکاتەوە دان بە توانا و مافەکانیدا نەنێت، چونکە بەهۆیەوە برینەکان و بۆشایی نێوانیان قووڵتر و فراوانتر دەبن، زۆر کەس و لایەنیش ئەو هەڵانە دەقۆزنەوە بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدی پیلان و مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان و ئەو دۆخە دەقۆزنەوە و هەوڵی درێژەپێدانی و هێشتنەوەی ئەو دۆخە دەدەن، جا بەهۆی هەستکردن بە نەبوونی یەکسانی لەلایان ڕەگەزی (مێ)وە لە گشت کاروبارەکانی ژیاندا، چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دروستکردووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە خەبات و هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان و ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی لە نێواناندا دروستبووە، دیارە ناکرێت نکوڵی لە جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە بکرێت، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت یەکیان بێبەتە خاوەنی هەموو شتێک و ئەوەی دیکەش لە هەمووی بێبەش بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆیان هەیە. جا لەو ڕوانگەیەوە نافەرتان دەیانەوێت لەمیانەی بزنە و مەراسیمی تایبەتدا توانکانی خۆیان پیشانی خەڵکی بدەن و بیسەڵمێنن، کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی زانستیی و هونەریی و ئەدەبیی و وەرشی و کار و داهێنان و...هتد هیچیان لە ڕەگەزە تەواوکەر و هاوبەشەکەی خۆیان کەمتر نییەو بەهەردووکیان دەتوانن ئەو ژیان و گوزەران و جیهانە جوانتر بکەن و زیاتر پەڕەی پێبدەن.بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ ئافرەتانی نێوچەکە و پیشاندانی توانا‌کانی خۆیان لە بوارە جیاوازەکاندا، زانکۆی ڕاپەڕین، بۆنەیەکی بۆ ئەو چینە ڕێکخست لەژێر ناونیشانی (فیستڤاڵی زانستیی کلتووریی تواناکانی خانمان)، کە لە هۆڵی بۆنەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ئەنجامدرا، لەو فیستڤاڵەدا چەندین چالاکی هەمەڕەنگی وەکو(شیعر، شانۆ، موزیک و گۆرانی، نمایشی جلوبەرگ، سیمیناری کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی) پێشکەشکران، لەو چالاکییە هونەریی و ئەدەبی و زانستیی و پەروەردەییانەدا چەندین کەسی داهێنەر و دەستڕەنگین و خاوەن سەلیقە و بۆچوونی دەرکەوتن، کە هەر یەکە لەو بڕگانە جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو... دیارە بواری هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی زۆر جێگای قسەکردن و مشومڕە، کە ئافرەتان کەمتر خۆیانی لێدەدەن و لێی دوورەکەونەوە و دوورەپەرێز دەبینرێن، بەڵام لەو فیستڤاڵەدا کچان و ژنان خۆیان بەبێ هاوکاری پیاوان ئەنجامدەری هەموو ڕەگەزەکان بوون و نمایشێکی جوانیان بەرهەمهێنابوو، ئەوەبوو نمایشێکی جوانیان پێشکەشی ئامادەبوان کرد، بەم شێوەیە.شانۆیی (جیاوازی لەنێوان منداڵەکانتدا مەکە)، ئامادەکردن و دەرهێنانی(بەفرین محەمەد ڕەسول)، مۆسیقا(م.کوردۆ)، ماکیاژ(پەیام نادر)، جلوبەرگ(بەشداران)، دیکۆر(بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و ڕۆشنبیری)، نواندنی (پەیمان وەتمان، بەفرین محەمەد، دیانا حەسەن، سانا عەلی، ئازیز ئیبراهیم، مریەم لوقمان، داستان عەبدوڵڵا). لەبارەی ناوەرۆکی شانۆییەکە و پەیام و مەبەستی نمایشەکە، پرسیارمان لە دەرهێنەر و ئەکتەری سەرەکیی نمایشەکە (بەفرین محەمەد) کرد و بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و گوتی: کچان کەمترنین لە کوڕان، ئەم شانۆیە باس لە بیرکردنەوەی بەشێک لەدایک و باوکان و لە پیرە بەتەمەنەکانمان دەکات. کە تەداخولی ژیانی نەوەکان و کوڕ و بوکەکانیان دەکەن و پێیان وایە کوڕ گرنگترەو دەبێ زیاتر گرنگی پێ بدرێت. پێیان وایە دەبێ ژن زیاتر منالی کوڕی ببێت ، کە ئەوەش دەبێتە پێوەرێک بۆ چاکە و سالاری ئەوئافرەتە..نەنک و باپیرە کان لە ئەنجامی ئەو هەموگرنگی پێدان و نازپێدانی نەنک و باپیرە بە منداڵە کوڕەکانیان، منداڵێکی لەڕێ لادەرو ناپەروەردەیی لێ دەردەچێت وای لێ دێت ئازاری دەروروبەرەکەشی دەدات.هەر بە پاڵپشتیکردنی باوانی دەست پێدەکات . بەڵام لە کۆتاییدا هەموو لایەک بۆیان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو جۆر مامەڵەکردنە چەندە خراپ و نا مرۆڤانە و ناپەروەردەییە و پەشیمان دەبنەوە، چونکە نابێ نازی زۆر بە منداڵی کوڕ لەسەر حیسابی کچەکە بدرێت ، بەڵکودەبێ وەک یەک سەیری کچان و کوڕان بکرێت و لە هاوشانی یەکدی دابنرێن.

ل ئەلقوش.. بەدەل ڕەقۆی بەحس ل ئەدەبێ گەریانان و گرنگیا وێ بۆ گەشتوگوزای وەرەوشەنبیریێ دکەت



ئیبراهیم دێرگژنیکی: یانەیا خێزانی ل ئەلقوش ل سمینارەک بۆ ئەدیبێ گەروک بەدەل ڕەقۆ سازکر ل دور ئەدەبێ گەریانان، ب ئامادەبوونا هژمارەکا جەماوەرەکێ زۆر. ل دەستپێکێ ئیسماعیل بەلو بخێرهاتنا میهڤانا کر و چەندەک ژ ژینەنیگارا بەدەل ڕەقۆی بۆ ئامادەبویان پێشکێش کر وبخێرهاتنا میهڤانێ خۆ کر ئەوێ ژ وەلاتێ نەمسا بۆ باژێرێ وان یێ دیروکی. ل دەستپێکا سمینارا خۆ ڕەقۆی ئامارژەپێکر کو ڤی باژێرێ دیروکی هێزەک یا هەی مرۆڤی رادکێشتە خۆ، ئەدیبێ ناڤهاتی دیارکر بەحس ل گرنگیا ئەدەبێ گەریانا کر د گرێدانا ڕەوشەنبیریان و گەل و وەلاتێن جیهانێ، و ئەو پەنجەرە یا مرۆڤی تێدا جهـ و دیروک و جوگرافیایێ دبینیت، هەروەسا ئاماژە ب رول وگەریانێن گەروکێن بەری کر، دڤێ سمینارێ دا میڤانی بەحسێ چەندین سەرهاتی و ڕویدانێن ب سەرێ وی هاتین د گەریانێن وی دا ل وەلاتێن جودا جودا، و ڤەگێرانا ڤان ڕویدانا دکەشەکێ گرنژین و ب ڕەوش بوو.بەدەل ڕەقۆی بەحس ل پەرتۆکا خۆ یا نوی "جیهان ب چاڤێن کوردەکی" کر و دوپاتی ل گرنگیا ئەدەبێ گەریانێ کر بۆ پێشئێخستنا کەرتێ گەشتوگوزای ودیارکر ئەو چەندە ڕەوشەنبیری وگەشتوگوزارە.ل دوماهیێ دەرگەهێ دانوستاندنێ بۆ ئامادەبویان هاتە ڤەکرن وبەرسڤا ئامادەبویان هاتە دان، پاشی ئەدیب وگەروکێ کورد ژ لایێ یانەیا ئەلقوش یا خێزانی هاتە خەلاتکرن و ل دوماهیێ ژی پەرتۆکێن خۆ بۆ ئامادەبویان ئیمزاکرن.


پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکاران لە شاری بریدا کرایەوە



ئاشتی گەرمیانی.. هۆڵەندا


ڕێکخراوی هونەری هونەرمەندانی هەرێمی براباند لە شاری بریدا پێشانگایەکی بەرفراوانی کردەوە لە کۆتیسا گەورەکەی شاری بریدا کە تێیدا ٧٤ هونەرمەندی ناسراوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی براباند بەشداریان تێدا کردبوو بە ٣٥٠ تابلۆی جۆراو جۆر لە هونەرەکانی وێنەکێشان و پەیکەرسازی و سیرامیک و فۆتۆگرافی و کاری دەستی ، زۆر لەو هونەرمەندانە ناسراون لە وڵاتی هۆڵەندا و ئەوروپا بەتایبەتی بەشدارن لە پێشانگا جیهانییەکان ئەو پێشانگایانەی کە لەئاستی ڤیستیڤاڵی هونەریدا لە جنێڤ و ڤێنا نمایش دەکرێن.پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکاران هەر دوو ساڵ جارێک ڕێک دەخرێت و لە شارەکانی ئایندهۆڤن و بریدا و تیلبۆرگ و دەمبوش نمایش دەکرێت و بەسەدان بینەر لە هونەرمەندان و نوسەران و تۆێژەران و دەوڵەمەندانی ئەو شارانە دێن بۆ بینینی کارە هونەریەکان و زۆر لەو تابلۆیانە دەفرۆشرێن بە نرخێکی بەرز تا دەگاتە ٥٠٠٠ ئیرۆ ، بێگومان لەم پێشانگایەدا چەند سپۆنسەرێکی لە خۆ گرتووە وەکو ڕۆژنامەی ئین ئێرێ سی هۆڵەندی و ڕێکخراوی هونەرمەندانی براباند و کۆمپانیاکانی وەکو ئانبو وە نیس ی ئەلکترۆنی و ڕێکخراوی هاوڕێیانی هونەرمەندان ، لەو پێشانگایەدا هونەرمەندان دەبێت ئەندام بن لە ڕێکخراوە هونەریەکەیان دەبێت بڕی پارەیەک بدەن بۆ جێگای نمایشەکەیان ، شارەوانی ئەو شارەش بەشی کەلتوور بەشداریەکی چالاکن لەو پێشانگایەدا کە جێگا و خزمەت گوزاری دابین دەکەن ، وەکو ڕێبازە هونەریەکانیش لەکارە هونەریەکاندا زۆربەی کارەکان ئەو ڕێبازو قوتابخانە هونەریانەی تێدا دەبینیت، کەلە جیهاندا ناسراون چ ڕیالیستی و ئابستراک و ڕیالیستی دەربڕین خوازی و هێماخوازی و سوریالیزم ، فۆنەی هاوچەرخێتی و هونەرێکی مۆدرن بۆ شاری بریدا لەو دوو ڕۆژەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتی گرنگی پێدانی لەلایەن میدیاکانی وڵاتی هۆڵەندا و ، هەر لەو پێشانگایەدا چەندین پانێڵ و تۆێژینەوەی هونەری لە لایەڕەی ڕۆژنامەکاندا بە زمانەکانی هۆڵەندی و فەرەنسی وئەڵمانی و ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە ، بێجگە لەوەی کە هونەرمەندان دیداریان لەگەڵ تۆێژەران و خەڵکدا لەو دوو ڕۆژەدا چڕو پڕ دەبێت بۆ یەکتر ناسین و پێشاندانی ئەرشیفی کارە هونەرەکانیان . چالاکی هونەری هاوچەرخ و مۆدرن بەتایبەتی هونەری شێوەکاری لەو شارانەدا بەهایەکی گرنگی دەبێت بۆ ناسینی خامەی دەست و هونەرو کەلتوورو ناسراوێتی هونەرمەندەکانیان ، هەر بۆیە یەکگرتووی ڕێکخراوەکەیان ساڵانە نوێ دەکەنەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و ڕێکخستنی هونەرو کەلتووری هەرێمەکەیان لەو ڕۆژە هونەری یەدا .

چاپکراوی نوی



پەرتووکی ژن لەژیانی شای ئێران لە نووسینی سعید مەموزینی ٤٠٦لاپەردیە لەبارەی چۆنیەتی دیدی دیکتاتۆرێکی وەکو شا لە سەر ئافرەت و ڕۆلی ئافرەت لە سیاسەت باسدەکات، شای ئێران هەمیشە بە دوای ئافرەت بوە سەدان ئافرەتی هێناوەتە کۆشکەکەی کە زۆر ئافرەتی ناودارێشی تێدا بووە.

زۆربەی ئایفۆنەکان لە کەشی ساردا تێکدەچن



هەردەوان: لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و چونە بەر سەرمای زۆر دەبینین کەزۆربەی ئامێرەکانی ئایپاد و ئایفۆن لەکاردەکەون، ئەمەش هۆکارێکی هەیە کەبریتیە لەجۆری باتریەکەی. بەجۆرێک ئەو مۆبایلانەی باتریەکەیان لە جۆری (لیسیۆم – ئایۆنالتی)یە زۆر هەستیارە بۆ پلەی گەرما و لەگەڵ بەرکەوتنی هەوای ساردا دەبینین مۆبایلەکە بەئۆتۆماتیکی لەکاردەکەوێت.لەوبارەیەوە کۆمپانیای ئەپڵ هۆشداری داوەتە بەکارهێنەرانی کەئەم گرفتە سادەیە بەهۆی گرفتی بەرگەگرتنی باتریەکەوەیە کەتێبینی دەکەیت ئامێری ئایپۆد و ئایفۆن و ئایپاد لەکاردەکەوێ و دەکوژێتەوە ئەگەر لەبەر سەرما بەکاربهێنرێت بەوپێیەی پلەی گەرما دابەزیوە و باتریە هەستیارەکەش توانای کارکردنی نامێنێت.

4 شێرلە تورکیاوە بۆ سروشتی ئەفەریقا



– لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە مافی ئاژەلان، کارگۆی تورکی سێ شێری مێینەی خوشکی بەناوەکانی "لوکا"، "چارلی"، "کای" و بەچکە شێرێکی نێرینەی بەناوی "ناسان" لە کێیڤ–ەوە بۆ ئیستانبوڵ و لەوێشەوە بۆ باشووری ئەفریقا گواستەوە و ئاشنایکردنەوە بە ژیانی سروشتی خۆیان.

وەرزیەتی هیچ ژەمێک لەدەستی مەدەن



وریشە عومەر

یەکێک لە باشترین جۆرەکانی سەو زەوات تەڕەپیازە کە چارەسەری زۆر گرفتی تەندروستی دەکات. لەتۆێژینەوەکاندا باس لە سوودەکانی پیاز کراوە، کە خاوەنی کۆمەڵێک سوودی گرنگە بە بەراورد بە پیازی وشک، بەشێک لە سوودەکانی تەڕەپیازیش ئەمانەن:خواردنی تەڕەپیاز سوودێکی باشی هەیە بۆ ڕێکخستنی شەکر لە لەشدا.هەروەها یارمەتی ئاسانکردنی کرداری هەرسکردن دەدات و وادەکات کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی خواردنە چەورەکان لەسەر گەدە و کۆئەندامی هەرس کەم بێتەوە. خواردنی تەڕەپیاز بەرگری لەش بەهێز دەکات، بە شێوەیەکی گشتی یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری لەش و پاراستنی ئەندامانی جەستە لە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان.هەروەها بۆ دڵ بەسوودە، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕیشاڵەکانی تێدایە کە ئەمەش بەسوودە بۆ پاراستنی دڵ و کەمکردنەوەی ئاستی چەوری خوێن "کۆلستڕۆڵ" لەگەڵ ئەوەشدا دژی ئەنفلۆنزا و هەڵامەتە و دەتان پاریزێت لە سەرما بوون، خواردنی تەڕەپیاز لەم وەرزەدا بەسوودە. بەکتریاکانی ناوپۆشی گەدە ناهێلێت، بەمەش سوودێکی زۆر باشی بۆ گەدە هەیە و چارەسەری برینی گەدە دەکات.بەهۆی بوونی ماددەی "کیرسیتین" لە تەڕەپیازدا کە دژی شێرپەنجەیە وادەکات مرۆڤ بەدوربگرێت لە شێرپەنجە. خواردنی تەڕەپیاز بەسوودە بۆ بەهێزکردنی ئێسک، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڤیتامین کەی و سی و هەروەها چەند پێکهاتەیەک لە خۆ دەگرێت، کە بەسوودن بۆ بەهێزکردنی ئێسک و مرۆڤ لە لە ئێسکەنەرمە دەپارێزێت.هەروەها تەڕەپیاز هاوکاری بەهێزکردنی چاویشە کە لە کزبوون و تووشبوون بە نەخۆشییەکان دەپپارێزێت، تەڕەپیاز ڕێژەیەکی بەرچاو لە (ڤیتامین ئەی، کارۆتین، زیاکسانتین، کاللۆتین) لە خۆ دەگرێت کە بەسوودن بۆ پاراستنی چاو.هەروەها تەڕەپیاز دژی هەموو جۆرە هەوکردنێکە.

cyan magenta yellow black File: p.15 fl ˙ Æ˝ ˝ 3

www.xebat.net
خەبات یەک شەممە 2019/3/24 ژمارە (5715)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



سامان بریفکانی

هەولێر پێویستیی بە کۆمەڵگەیەکی وەرزشیی نێودەوڵەتی هەیە

کەم کەس هەیە کریستیانۆ رۆنالدۆ و میسی و نایمار نەناسێ، بەڵام کێ ناوی سەرۆکی وڵاتەکانیان یان ناوی پایتەختەکانیان دەزانێ؟

وەک ئاشکرایە وەرزش وەک ئاوێنەیەکە لە ناساندنی کولتور و رۆشنبیری و شارستانییەت و پێشکەوتنی وڵات لە بەردەم جیهان.

هەولێر بێ کۆمەڵگەیەکی وەرزشیی مۆدێرنە. لێردا قسەم ئاراستەی حکوومەتی کوردستان دەکەم، کە تا رادەیەک، گرنگی بە ئاوەدانکردن و نۆژەنکردنەوەی هەولێری پایتەختی کوردستانی داوە و بەردەوامە لەو گرنگیپێدانە، بەڵام لە رووی کەرتی وەرزش هەمیشە کەمتەرخەمە و دەتوانم بڵێم هیچی بۆ نەکراوە.

تاکە یاریگەی شاری هەولێر، یاریگەی شەهید فرەنسۆ حەریریە. لە ساڵی 1956لە سەردەمی شا فەیسەڵی دووەمدا دروست کرا. 63ساڵ بەر لە ئێستا. پاشان لە ساڵی 1992 نۆژەن کرایەوە و گەورەتر کرا و گرنگیی پێدرا.

ئەگەر چی لە دهۆک یاریگەیەکی ڕێکتر لە شوێنی کۆنەکە دروست کرا و لە زاخۆش بە هەمان شێوە، کە جێگەی دەستخۆشییە، ئەویش (بە لێکدانەوەی خۆم) دەیگەڕێنمەوە بۆ هیممەتی بەرپرسانی حکوومیی ئەو دوو شارە کە لەو سەردەمەدا وەرزشدۆست بوون.

ئەگەر سەرنجێک بە یاریگە نێودەوڵەتییەکانی بەسڕە و کەربەلا و نەجەف بدەین کە لەو دواییە دروست کران، بۆمان دەردەکەوێ لەسەر ئەو گەندەڵییە زۆرانەی لە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق هەن، کەچی کەرتی وەرزشییان بە یەکجاری پشتگوێ نەخستووە.

بەر لە شەڕی داعش، لە ساڵانی 2009و بە دواوە، یاریگەی شەهید فرەنسۆ بەووە شانۆیەکی گرنگ بۆ یارییە نێودەوڵەتییەکان. ئەویش لەبەر ئەوەی کوردستان ئارام بوو و خاوەنی ئاساییشێکی بە توانا بوو، بۆیە دڵنیام لەوەی چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان دیسان روو لە هەولێر دەکەنەوە، ئەویش لەبەر باشیی یاریگەی فرەنسۆ حەریری نییە، کە کۆمەڵێک کەموکوڕیی تێدایە، بەڵکو بە هۆی ئەوەیە، شارەکانی دیکەی عێراق ئارام نەبوون و بەم زووانەش ئارام نابن.

دەنگم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم، پایتەختی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتیی مۆدێرن هەیە لە یاریگەی تۆپی پێ و یاریگەی مەشقکردن و هۆڵی داخراو و مەڵەوانگە و تراکی پێشبڕکێی راکردن و هۆڵی کۆبوونەوەکان و سەرجەم پێداویستییەکانی دیکە لە خۆ بگرێت، بە هەمان شێوە داوا لە پەرلەمانتارەکان دەکەم ئەو بابەتە بە هەند وەربگرن، بۆ فشارخستنە سەر حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە.

ڕاهێنەری یانەی نەسڕی سوری بۆ خەبات :

ڕۆلا محەمەد: ئاگاداری چالاکییەکانی یانەی خانزادم بەتایبەتیش لە کردنەوەی خولەکانی فێربوون



دیمانە: هاوار مورتکەیی

ڕۆلا محەمەد مەحمود کچە شەترەنجزانی سوریا و ڕاهێنەری یانەی نەسڕی سوری لە دیمانەیەکی تایبەت بە لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئاگاداری چالاکییەکانی یانەی شەترەنجی خانزادە لە هەولێر، ئەو کچە شەترەنجزانە سالّی ڕابردوو توانی نازناوی پالّەوانی سوریا بەدەست بهێنێت، لەپاڵ ئەمەش ژمارەیەک یاریزان لەژێر سەرپەرشتی ئەودان و ئەنجامیان لەسەر ئاستی وڵاتەکەیان بەدەستهێناوە.

پالّەوانی سوریا 2018

ڕۆلا محەمەد لە ساڵی 1992 لە شاری حمس لە سوریا لەدایک بووە و مامۆستایە لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی و لە دەستپێکدا ئاماژە بە سەرەتای ئاشنابوونی بەشەترەنج گوتی: دوای ئەوەی درکم بەوەکرد کە شەترەنج زۆر سوودی هەیە، خۆم فێرکرد و دەستم بەو یاریە کرد، بۆیەکەمین جار لە سەر ئاستی دەرەوە بەشداریم لە پالّەوانێتی عەرەبی کرد لە ساڵی 2005 کە لە ئوردن بەڕێوەچوو و توانیم لەخوار 16ساڵیدا پلەی سێییەم بەدەست بهێنم، کە ئەوکات تەمەنم تەنها 13 ساڵان بوو، باشترین ئەنجامیشمان وەکو هەڵبژاردەی سوریا لە ئۆلۆمپیادی باکۆ بوو کە توانیمان میدالیای زێڕی گروپی (D) بەدەست بێنین، هەر ئەوکاتیش توانیم بڕوانامەی WFMبەدەست بهێنم هەروەها لە ساڵی 2018 توانیم نازناوی پالّەوانی سوریا بەدەست بهێنم، دەتوانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سەرباری ئەو یارودۆخەی بەسەر سوریادا هاتووە لە شەڕ و گەمارۆ و قەیران، کەچی ئەنجامەکانی زۆر دڵخۆشن.

شەترەنج وانە خۆڕۆشنبیر کردن


دواتر ڕاهێنەری یانەی نەسڕی سوری لەوەڵامی تا چەند ئاگاداری شەترەنجی کوردستانە گوتی: چالاکییە بەردەوامەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد لە هەولێر دەبیستم، کە بایەخیکی گەورە بەشەترەنج دەدەن، بەتایبەتیش لە کردنەوەی خولی فێربوون و هەروەها بایەخ بە شەترەنجی ڕەگەزی ئافرەت دەدەن، سەبارەت بەخەونی خۆیشی گوتی: هێشتا خەونەکەم لە یاری شەترەنج نەهاتۆتەدی، هەروەها شەترەنج هێشتا نەبۆتە سەرچاوی لوقمەی ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پلەی یەکەمی ژیانم دێت، چەند ئەو یارییەم خۆش دەوێ، هێندەی تر حەز بە کاری ڕاهێنەرایەتیش دەکەم، بەتایبەتیش ڕاهێنەرایەتی کردنی منداڵان، بۆیە بەڵای منەوە شەترەنج هونەرە، وەرزشە، زانستە، ئەو زانستە پەیوەستی بەبەدواداچوونە، تێگەیشتن و خۆ ڕۆشنبیرکردنە، هونەرە لەبەر ئەوەی پشت بە داهێنانی خودی یاریزانەکەوە دەبەستێت، وەرزشیشە لەبەر ئەوەی بەردەوام پێویستی بە ڕاهێنان و توانای بەرگەگرتنە، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە بەهەر شێوەیەک بوونیت پشتگیریان کردووم، بەتایبەتیش دایک و باوکم، هەروەها سوپاسی یەکێتی شەترەنجی سوریا و تەواوی دۆستانم دەکەم، بەتایبەتیش سوپاسی زۆری یانەی نەسڕ دەکەم کە متمانەیان پێ بەخشیم.


زێدان: هازارد هیچی کەمتر نییە لە نایمار و مباپێ

چەندین ساڵە ئیدین هازارد لە بۆنەجیاجیاکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو زیدانی زۆر خۆش دەوێت و هەموو جاریش هیوای ئەوە دەخوازێ کە شان بەشانی ئەو لە یانەی ڕیال مەدرید پێکەوە بن، بەڵام بۆچی ئەمە هەموو جار بەس قسەیەو هیچی تر نییە؟

پیرێزی سەرۆک پێی وایە ئەگەر ڕیال بییەوێ بۆندێکی گەورە و پارەیەکی زۆر سەرف بکات ئەوە لەپێناو نایمار یان مباپی دەبێت نەوەک هازارد، ئەگەرچی زیدانیش لەهەوڵی ئەوەدایە کە سەرۆکی ڕیاللی ڕازی بکات کە هازارد یاریزانێکە لەوان کەمتر نییە.

یۆڤی 230 ملیۆن دۆلار دەخاتە بەردەم لیڤەر





جارێکی تر دەزگا ڕاگەیاندنە وەرزشییەکانی ئیتالیا ئەو باسەیان وروژاندەوە کە یانەی یۆڤینتۆس لەهەوڵی ئەوەدایە محەمەد سەلاحی ئەستێرەی لیڤەرپوول بگوازێتەوە ریزەکانی و بۆ ئەم مەبەستەش پاولۆ دیبالا ی ئەرژەنتینی دەستنیشانکردووە تا لەگەڵ لیڤەر ئالوگۆڕی پێبیان بکات، لەگەڵ پێدانی بڕێک پارەش. لەولاشەوە میدیاکانی ئینگلتەرا هەمان ئەو باسەیان کردووە و بەبایەخەوە باڵاویان کردۆتەوە، لەوانە ڕۆژنامەی THE SUNباڵاوی کردۆتەوە کە یانەی یوڤینتۆس گرێبەستیکی سەرنج ڕاکێشیان خستۆتە بەردەم لیڤەرپوول کە دیبالاش بەشێکە لەو گرێبەستە بۆ کڕینی محەمەد سەلاح بە 174ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی کە دەکاتە 230ملیۆن دۆلار.



پالّەوانێتی یانەکانی تیروکەوانی وڵاتانی عەرەبی لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدرێت

لە ڕۆژانی ٢١-٢٣ی ئادار، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی عەرەبی بۆ تیروکەوان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەش بڕیاردرا بەڕێکخستنی پالّەوانێتی یانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە یاریگای کراوە، لە شاری سلێمانی، کە لەسەر داواکاری تیروکەوانی سلێمانی بوو. بەم شێوەیەش شاندی وڵاتانی عەرەبی لەهەموو ڕووبێکەوە شاری سلێمانیان پەسەند کرد بۆ میواندارێکردنی ئەم پالّەوانێتییە کە بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی داهاتوو ساز بکرێت، ئەمەش یەکەمجارە پالّەوانێتی لەم جۆرە لەهەرێمی کوردستان ڕێکدەخرێت.





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 24. Mar. 2019 No: (5715)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی خەبات

(12)

خەبات لە شۆڕشی گوڵاندا

ڕۆژنامەی خەبات پاش دابڕانێک، بەهۆی شەڕ و نسکۆی ئاداری 1975کە زیاتر لە ساڵێکی خایاندووە، جارێکی دی لە قۆناغی شۆڕشی گوڵاندا دەرچووەتەوە، بەمەش ماوەی ئەم دابڕانە، لە ماوەی دابڕانی دوای قۆناغی بەغدا و دەست پێکردنەوە لە شۆڕشی ئەیلوول زیاتر بووە، هەروەها کاریگەریی نسکۆ لە کاریگەریی کۆتایی هاتنی قۆناغی بەغدا زیاتر بووە، چونکە کە بەغدا بەجێهێڵدرا، بەرەو دەستپێکردنی شۆڕش و دواتر فراوانکردنی ناوچەی ئازادکراو هەنگاو هەڵێندرا، تا دواجار شۆڕش زۆر گەشەی کرد و 14ساڵی خایاند، ئەو ماوەیەی شۆڕش کاریگەریی زۆری لە سەر باری ڕۆشنیری و ڕۆژنامەوانیی کوردی دانا، بەڵام ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە 6ی ئاداری 1975و لێکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بە هۆی وەستانی شۆڕش بۆ ماوەیەکی کەم و ڕۆیشتنی دەیان هەزار خێزان بۆ ئێران و بارودۆخی ئاوارەیی و چاودێریکردنی سەرکردەکانی شۆڕش، گوشاری گەورە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 10ی کانوونی یەکەمی 1975بە دەست و خەتی بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی بە عەرەبی نووسرا، ئەمە نیشانی دا هەر لە دوای نسکۆوە کار بۆ درێژەپێدانی شۆڕش کراوە.

هەڵسانەوە و بڕیاری درێژەپێدانی شۆڕشی ئەیلوول، بەرەو پێکهێنانەوەی دەستە دەستەی پێشمەرگە، بەوە گەیشت لە 26ی ئایاری 1976شۆڕشی گوڵان ڕابگەیەندرێت، بەمەش قۆناغەکە دەیخواست ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی خۆی ببینێ و وەک پێویستییەک سەیر کرا، بۆیە دوای 35ڕۆژ لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان، ڕۆژنامەی خەبات هاتەوە گۆڕەپانەکە، یەکەم ژمارەی خەبات لە شۆڕشی گوڵان، لە 1ی تەمووزی 1976و لە ناوچەیەکی ئازادکراو، بە زمانی عەرەبی و بە ژمارەی 527لە لایەن سەرکردایەتی کاتی (القیادة المؤقتة)ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوو.


لەم ژمارەیەدا، بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی دووبارە دەست پێکردنەوەی شۆڕش و خەباتی چەکداری بڵاوکراوەتەوە، بە درێژی تیشکی خستووەتە سەر بارودۆخی کوردستان و عێراق و ئەو بارودۆخەی بووە هۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەست بە چالاکی عەسکەری بکاتەوە، سەروتارەکەشی بە ناوی (کاروانی شۆڕش) بۆ پێشەوە بەردەوام دەبێت بوو، هەروەها یەکەم چالاکی پێشمەرگەی بڵاوکردۆتەوە، کە لە حاجی ئۆمەران ڕووی دا و یەکەم شەهید بەناوی سەید عەبدوڵڵای حاجی ئۆمەران دراوە، بەم پێیە دەکرێ بڵێین ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا، شەرەفی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی شۆڕشی پێ براوە.

کۆچی دوایی بارزانیی نەمر لە 1979بە یەکێک لە ڕووداوە هەرە ناخۆشەکانی ئەو قۆناغە دادەندرێت، ڕۆژنامەی خەبات لە مانگی ئایاری 1979ژمارەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کۆستە تەرخان کردووە، ئەم ژمارە تایبەتە بە کوردی دەرچووە، لە مانشێتی سەرەکییی ئەم ژمارەیەدا هاتووە: (نەمریی بۆ بارزانی و سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کورد) لەلاپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی بارزانیی نەمر دانراوە، هەروەها وتاری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەبۆنەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر خوێندبوویەوە بڵاوکراوەتەوە، هەر بە بۆنەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر، بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و شیعرێکی هەژار موکریانی لەخۆ گرتووە.

خەبات تا کۆنگرەی 10ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1989بە عەرەبی و کوردی دەرچووە، دواتر بڕیار دراوە کە تەنیا بە زمانی کوردی دەربچێت، بۆ یەکەم جاریش لە ژمارە 602ی کانوونی دووەمی 1990چەند لاپەڕەیەک بۆ ئەو بابەتانە تەرخان کراوە کە بە پیتی لاتینی چاپکراون، لە تەک ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەیەک بڵاوکراوەی دیکە لە شۆڕشی گوڵاندا دەرچوون، خەبات کە یەکەم بڵاوکراوەی شۆڕشی گوڵان بووە، دوا ژمارەی لەو قۆناغەدا ژمارە 609بووە، بەمەش لە قۆناغی شۆڕشی گوڵاندا 83ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە، ئەگەر خەبات لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵاندا بەراورد بکەین، دەبینین ماوەی هەردوو شۆڕش وەک یەک بووە، بەڵام ئەو ژمارانەی لە شۆڕشی گوڵان دەرچوون زیارترن لەو ژمارانەی لە شۆڕشی ئەیلوول دەرچوون.

بە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان 147ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە، کەواتە بە 30ساڵی هەردوو شۆڕش، هێشتا ناگاتە نیوەی ئەو ژمارەیەی لە دوو ساڵی بەغدا دەرچوون، کە 462ژمارە بووە، بۆیە دەکرێ بڵێین دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی خەبات لە بەغدا، بەسەرەتایەکی گرنگ و سەردەمێکی زێڕینی ڕۆژنامەی خەبات دادەندرێت.

پۆڵەندا.. کوردێک خەڵاتی باشترین توێژینەوەکانی ساڵی پێ دەبەخشرێت



هاوار مورتکەیی

د. حەسەن عەلی سوڵتان، قوتابی دکتۆرا بوو لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی پۆزنان- پۆڵەندا، بەهێزیی نامەی دکتۆراکەی سەرنجی چەند دامەزراوەیەکی گەورەی پۆڵەندای بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و وەک باشترین ٥ توێژینەوەی ساڵ هەڵدەبژێردرێت.

ڕێکخراوی زانستی The European Community on Computational Methods in Applied Sciences (ECCOMAS)کە بنکەی سەرەکی لە شاری بەرشلۆنەی ئیسپانیایە، ساڵانە پێشبڕکێی باشترین ٥ توێژینەوەی شارەکانی ئەوروپا ڕێکدەخات.

شایەنی باسە بۆ ساڵی ٢٠١٨، ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی پۆڵەندی Polish Association of Computational Mechanicsلیستی ٥ باشترین توێژینەوەی ساڵیان دیاریکرد و تێیدا نامەی دکتۆرای حەسەن عەلی وەک چواردەم باشترین توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٨ هەڵبژێردرا لەسەر ئاستی پۆڵەندا.

توێژینەوەکەی د. حەسەن عەلی باس لە بەرگری بالەخانەکان دەکات بەرامبەر بۆمب و تەقینەوە، ئەم توێژینەوە سوودێکی گەورە دەگەینێت بە کەرتی سەربازی لەجیهاندا بە گشتی و لە کوردستان و عێراق بەتایبەتی، لە لایەکی تردەوە سەلامەتییەکی زیاتر دەدات بە هاوڵاتیان.

لای خۆیەوە زیاد ڕەئووف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا ئەم توێژینەوە و سەرکەوتنەی د. حەسەن عەلی بەرز نرخاند و هیوای خواست کە قوتابیانی کورد بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی توانا کانی خۆیاندا بن و بە هەموانی نیشان بدەن کە تاکی کورد دەتوانن جیهان بەردەپێش ببەن.


شانۆیی (عەریزەنووس)ی کۆیە خەڵاتی تایبەتی دادوەرانی فیستڤاڵی نێودەوڵەتی بەغدای بەدەست هێنا



بەرهەم شێخ عزەدین

فیستڤاڵی نێودەوڵەتی بەغدا بۆ نمایشی شانۆی شەقام، پێش پێنج ساڵ لە بەغدادی پایتەخت لەلایەن کۆمەڵەی هونەرمەندانی ئێراق دامەزراوە، بۆ ئەوەی شانۆکارانی ئێراق لەڕێی ئەو شێوازەی شانۆوە پەیام و بابەتەکانی خۆیان بگەیەننە بینەران، هەروەها بۆ ئەوەی کێشە و ئاریشە و گرفت و بابەتە جیاوازەکانی شەقام لەگەڵ خەڵکی پەیوەندیدار بەو کێشانە بخەنەبەر باس و گەنگەشە، چونکە شانۆی شەقام شانۆییەکی ڕەخنەییی و وشیارکردنەوەی خەڵکە بۆ ئەوەی لە ئەرک و مافی خۆیانیان ئاگادار بکەنەوە، دیارە سەرەتا ئەو فیستڤاڵە لەچوارچێوەیەکی بەرتەسک و دیاریکراودا بەهۆی بارودۆخی ئەمنی چالاکییەکانیان ئەنجامدەدا ، بەڵام لە ساڵی پار و لە چوارەمین فیستڤاڵدا ئەو چوارچێوەیەی بەشداریکردن بەرفراوان بووە، زۆربەی پارێزگاکانی ئێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و بیانیش بەشداریان کردووە، ساڵی پارێش گرووپی شانۆ بۆ شانۆی شەقامی کۆیە بەشداریکرد و خەڵاتی بەشترین ئەکتەری دووەمی بەهاوبەشی بۆ هەردوو ئەکتەر (د.کەیفی ئەحمەد و فەریدوون حەمەدەمین) بەدەستهێنا. ئەمسالێش گرووپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام ڕ کۆیە/ وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر ?بەشداری لە پێنجەمین فیستڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی بەغداد کرد و، خەڵاتی لیژنەی داوەرانی باشترین بەرهەمەکەمی بۆ شانۆیی (عەریزەنووس) پێ بەخشرا، کە لە بیرۆکە و دەرهێنانی (هونەر تاهیر) و نواندنی (فەریدون حەمەدەمین، د.کەیفی ئەحمەد)بوو. شایانی باسە 18تیپ و گروپ لە پارێزگا و بەشەکانی هەنەری شانۆی کۆلێژەکانی هونەر و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و کۆماری ئیسلامی ئێران لەو پێشبڕکێیەدا بەشداریان کردبوو.

پاشای فلوت مالئاوایی کرد



هونەرمەند (سەردار ئەحمد عەبدوللە) لە ساڵی (١٩٤٥) لە شاری کۆیە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە.

- لە ساڵی (١٩٦٢) دەچێتە پەیمانگا.
- لە ساڵی (١٩٦٥ - ١٩٦٦) دەبێتە ئەندام لە تیپی موزیکی ئەهلی کۆمار.
- لە ساڵی (١٩٥٧) لە قوتابخانەی ناوەندی تیپێکی موزیک پێک دەهێنن.

لە ساڵی 1958لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تیپی مۆسیقای باواجیان دامەزراند.

- لە ساڵی (١٩٧٤) بوویتە جێگری تپی مۆسیقای شۆڕش.
- لە قۆناغی سەرەتایی شمشاڵی زەردی ئاسنی کڕیوە بە (١٠٠) فلس.
- یەکەم هونەرمەند بووە لەسەردەمی خۆی فلوتی هێناوەتە کوردستان.

(مامۆستا سەردار)ی نەمر خزمەتێکی گەورەی بە هونەری موزیکی کوردی کردووە و زیاتر لە نیو سەدەیە خزمەتی هونەر و پەروەردە دەکات ، هەموو تەمەنی بەخشی بە هونەرەکەی خۆی. لە سەر دەستی ئەو چەندین کەس پێگەیشت وەک موزیک ژەن پێگەیشت ، ئەو هەمیشە هەوێنی سۆز و خۆشەویستی بووە دەنگی - فلوت و نایەکەی ئارامی بوو بۆ زاخاوی مێشک و شنەیەک بوو بە بااڵی باواجی و کۆسارو هەیبەت سڵتانەوە دەزرینگایەوە . بە داخەوە بۆ ئەو مالئاواییە پڕ لە ژان و بەسۆیەت تۆ هەرگیز نامریت و دەنگ و ئازاوە سەدای (فلوت) دەکەت هەمیشە لە گوێچکەمانایە.

مامۆستاو هونەرمەندی مەزن لەکاتژمێر 7.30سەر لەئێوارەی ڕۆژی (2019/3/18) دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بەڕیوڕەسمێکی شایستە لە گۆرستانی کەکۆن لە شاری کۆیە بەخاکسپێردرا.

ئەتەکێت لەگەڵ منداڵی میوان



ئا/ڕەسوول سالح خۆشناو:

زۆرجار، کە هاوڕێکانت یان کەسوکارەکەت دێنە منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، ڕەنگە ئەمەش بێتە مایەی بێزاربوونت و زیان بەکەلوپەلی منداڵەکەت بگەیەنن، بزانە لەو کاتانەدا چۆن مامەڵە دەکەیت.گەر نارەحەت بوویت بەهاتنی ئەو منداڵانە هەرگیز میوانەکەت ڕووگیر مەکەو ئەو نارەحەتییە دەرمەپڕە و بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازییان لێ بکە.ئەگەر کەلوپەلی زۆر بەنرخت دانابوو ڕوخسەت لەمیوانەکەت وەربگرە، کە بیانگوێزیتەوە بۆئەوەی نەشکێنرێن یان لەکار نەکەون. کەلوپەلی منداڵانە بخەرە بەردەم منداڵەکان بۆ ئەوەی ئاسوودەبن و دوور بکەونەوە لەو شتانەی تۆ لێیان دەترسیت.ئەگەر پێشتریش زانیبووت میوانەکەت منداڵی لەگەڵدایە ، ئەوا کەلوپەلە بەنرخەکان بگوێزەرەوە دەرگای ئەو شوێنانە کلۆم بکە، کە شتی بەنرخیان تێدایە.